

# یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم هەنگاوێکی دیکە بۆ پتەوکردنی دامەزراوەکان و سەلامەتی زیاتری هاووڵاتیان

یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم کە پێکدێت لە (ئاسایش و هەواڵگریی سەربازی و ئاژانسی پاراستنی کوردستان و دەزگای زانیاری) یەکێك بووە لە بەڵێنەکانی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ و هەروەها یەکێك بووە لەو داوایانەشی کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام جەختیان لەسەر کردۆتەوە کە پێویستە ئەم دەزگا ئەمنیانە یەکبگرێتەوە، ئەم داوایە لە ساڵی ٢٠١٠ بووە یەکێك لەو پرۆژانەی کاری تێدابکرێت و بودجەی بۆ تەرخانبکرێت هەتا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی حکومەتی هەرێم پرۆژەی هەردوو یاسای (ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم و دەزگای ئاسایشی هەرێم) پێشکەشی پەرلەمان بکات، ئێستا پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکردووە و لیژنەکان سەرقاڵی موناقەشەن لەسەر هەردوو یاساکە.

ئەوەی لە پرۆژەی ئەم دوویاسایە جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەم پرۆژە یاسایانە بۆ ناساندن یان بە یاساییکردنی ئەو دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی سەربازیی و ئاژانسی پاراستن و دەزگای زانیاری نییە، بەڵکو یەکخستنەوە و دروستکردنی هەماهەنگی و هاریکارییە لەنێوان هەموو ئەو دەزگایانە بۆ ئەوەی تواناکان پێکەوە کۆبکرێنەوە و زیاتر ئارامی و سەقامگیری لەهەرێمی کوردستاندا بچەسپێنرێت و باشتر سەلامەتی سەر و ماڵی هاووڵاتیان بپارێزرێت، بێگومان لەبەر ئەوەی ئێستا پرۆژەی ئەم دوویاسایە لەبەردەستی پەرلەمانتارانن و هێشتا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی لەسەر نەدراوە، بۆیە لەسەر ئەو خاڵانە هەڵوەستە دەکەین، کە ئەم کۆمەڵە دەزگا ئەمنیانە پێکەوە کۆدەکاتەوە و یەکیان دەخاتەوە.

بێگومان یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم، دیاردەیەکی دیکەیە لە دیاردەکانی دووئیدارەیی و ئێستا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان ئەم دوو دەزگایە یەکبگرنەوە و لە چوارچێوەی دەزگای ئاسایشی هەرێم رێکیان بخەنەوە، ئەم دوو دەزگایە دوو دەزگای یاسایین و هەریەکەیان بەشێکبوون لەو دوو ئیدارەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ یەکیان گرتەوە، بۆیە یەکخستنەوەی ئەم دوو دەزگا یاساییە لە چوارچێوەی دەزگایەکی یەکگرتوو بەناوی دەزگای ئاسایشی هەرێم، نیشانەی ئەوەیە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی و چاودێری هەرێم و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، هەنگاوێکی دیکەی گرنگە بۆ ئیرادەی میللەتەکەمان لەم قۆناغەدا کەدەتوانێت دیاردە سلبییەکانی دووئیدارەیی بسڕێتەوە.

سەبارەت بە پرۆژەی یاسای دووەمیش کە یاسای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە راوێژکاری بە پلەی وەزیر بۆ سەرپەرشتیکردنی بۆ دامەزرێت و لە دەزگاکانی (هەواڵگریی سەربازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و ئاژانسی پاراستن و دەزگای زانیاری پێکدێت)، دیسان ئەمەشیان هەنگاوێکی دیکەی گرنگە، لەبەر ئەو دەزگایانەی دەبنە ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمدا، دەزگای یاسایین و هەربۆنموونە دەزگای هەواڵگریی سەربازی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە و پێشتر ئەم دەزگایە بە شێوەیەکی یاسایی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە بوونی هەبووە، سەبارەت بەهەردوو ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستانیش بەپێی یاسای ٤٨ پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەیەکی یاساییە و، دەزگای زانیاریش بەپێی بڕیارێکی ئیدارەی

سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە دامەزراوەیەکی یاسایی و هەردوو دەزگا لە چوارچێوەی یاسا کارەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە و توانیوویانە رۆڵێکی هێجگار گرنگ لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان بگێڕن.

### ئارامی و سەقامگیری کوردستان سەرنجی هەموو جیهانی راکێشاوە

ئەوەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان شانازی پێوە دەکات، ئەو ئارامی و سەقامگیرییە کە ئێستا هەرێمەکە بە خۆیەوە دەبینێت و سەرنجی هەموو جیهانی بەو ئاستە بۆ لای خۆی راکێشاوە، کە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی کردنەوەی کونسوڵخانەکانی دەوڵەتانی جیهان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان زیاد بکات و رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر کۆمپانیاو بزنسمانەکانی وڵاتانی جیهان زیاتر رووبکەنە هەرێمی کوردستان و سەرمایەکانیان بەگەڕ بخەن، لەمەش زیاتر ئەم ئارامی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت، هەرێمی کوردستانی کردووە بە (عێراقێکی دیکە . The other Iraq)، ئەمەش واتە ئەگەر خەڵکانی بیانی لەترسی ناسەقامگیری و نائارامی نەتوانن بێنە عێراق، ئەوا دەتوانن بێنە هەرێمی کوردستان و راستە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق، بەڵام عێراقێکی دیکەیە و ئارامی و سەقامگیری باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو دەزگایانە کامانەن کە توانیوویانە ئەم واقیعە سەرنجراکێشە لەبەردەمی هەموو جیهاندا دروست بکەن؟ بێگومان ئەو دەزگا ئەمنیانەن کە بەشێوەیەکی یاسایی لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەبووە و توانیوویانە بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن و رێگەنەدەن تیرۆریستان دەستیان بگاتە هەرێمی کوردستان.

### هەولێر پایتەختە ئارامەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هەولێر ئەو پایتەختە ئارامەیە کە شوێنی دیاری خۆی لە ریزی پێشەوەی پایتەختە ئارامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتووە و لە زۆر بواریشدا ئەرکی بەغدای پایتەختی عێراقیشی جێبەجێ کردووە، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی بازرگانی و پەرەپێدان، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسیی و دیپلۆماتی و وەرزشی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بانکە جیهانی و ئیقلیمییەکانیش، ئەم لایەنە گرنگە کە دیوە جوانەکەی کوردستانە لەرووی سەقامگیری و ئارامیەوە، ئەو بەشێیە کە ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی یاسایی رۆڵی خۆی لە دابینکردنی ئەو کەش و هەوا ئارامە گێڕاوە و توانیوویەتی بێجگە لەوەی ئارامی و سەقامگیری هەموو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەکان و نووسینگەی ئەو هەموو کۆمپانیانەی لەهەولێر بونیان هەیە بپارێزێت، توانیوویەتی ببێتە پەرژینی ئارامی بۆ کوردستان و رێگەی نەداوە تیرۆریستان دزە بکەنە ناو هەرێمی کوردستان و بەدەیان و سەدان تیرۆریستی دەستگیرکردووە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان پیشاندراون، لەمەش زیاتر وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی رابردوو لەمیانەی دانیشتنی لەگەڵ قوتابیان

**هەردوو ئاژانسی پاراستن و دەزگای زانیاری دوو دەزگای یاساییـن و لە چوارچێوەی یاسا کارەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە و توانیوویانە رۆڵێکی هێجگار گرنگ لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان بگێڕن**

و مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین ئاماژەی پێکرد، بەتەنیا لەشەوی سەری ساڵی ئەمساڵدا و لەو کاتەی کە ژمارەیەکی زۆری برا کریستیانەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق هاتبوونە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی و ئارامی ئاهەنگەکانی سەری ساڵ پیادەبکەن، تیرۆریستان بە نیاز بوون ١٠ خۆکوژ بنێرنە کوردستان و چەندی پێیان دەکرێت خۆیان لەناو برا کریستیانەکان بتەقێننەوە، ئەگەر بۆیان نەکرا خۆیان لەناو قەرەباڵغی دیکە بتەقێننەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و بۆ هیمەتی پیاوانی ئاژانسی پاراستنی کوردستان توانراوە کە ٩ تیرۆریستی خۆکوژ دەستگیر بکرێن و ئەو تاوانە گەورەیە پوچەڵبکەنەوە کە بەنیازبوون لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدەن، هەروەها هەر لەم مانگەدا و لەیەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر، توانیان دەست بەسەر جبەخانەیەکی چەك و تەقەمەنیدا بگرن کە بەدەیان تەن تەقەمەنی مەزندە دەکرا، ئەمانە هەمووویان کە بەشێکی زۆر کەم و تەنیا ئەو چالاکیانەیە کە لەماوەی چەند رۆژێکدا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیانداوە، نیشانەی ئەوەیە ئەم ئاژانسە وەك دەزگایەکی نیشتمانی، دەزگایەك بووە بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان و دەزگایەکە لە پێناوی پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیاندا شەونخوونی دەکات.

### ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هاریکاری و هەماهەنگی دەزگا ئەمنییەکان

دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، واتە دروستکردنی هەماهەنگی و هاریکاری لەنێوان دامەزراوە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا، جیاکردنەوەی دەزگای ئاسایشی هەرێم وەك دامەزراوەیەك لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی هەرێمی کوردستاندا و بوون بە ئەندامی ئەم دەزگایە لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کورستان لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مانای ئەوەیە دەزگای هەواڵگریی سەربازی و هەدوو دەزگای ئاژانسی پاراستن و زانیاری، دەبنە هەماهەنگ و هاریکار بۆ دەزگای ئاسایشی هەرێم و لە رووی پەیداکردنی زانیاری و هاریکاری ئەمنی هاوکاری دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەبن، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەو ئەنجوومەنە دەبێت لە ئاسایشی هەموو کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەرپرسیار دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم ئەو ئەنجوومەنە دەبێت هاوسەنگی نێوان ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان رێکدەخاتەوە و راستەوخۆش کە دەکەوێتە ژێر چاودێری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی هەماهەنگی نێوان دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار بێت و راستەوخۆ سەرۆك سەرپەرشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە و راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێراوە، ئەوە دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنی لەهەرێمی کوردستاندا، بەواتایەکی دیکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانای بڕیاردانی شەڕ و ئاشتی هەیە و هەربۆیە ئەو بوارانەشی کە پێوەندی بەسەروەریی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، وەك هێزە چەکدارەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم، ئەوا پێویستە راستەوخۆ لەژێر چاودێری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بن.






# دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ڤیتۆ پەلەیەری سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانن



((دامـــەزراوەکان ئەو کۆت و سنووربەندانەن کە مرۆڤ دروستی کردون، دامەزراوەکان کارلێکی سیاسـیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی رێکدەخەن، ئەو سـنووربەندییە لەخۆی دەگرن، کە بەشێوەیەکی نافەرمی بریتین لە( سزدان، مەحـزورات، داب و نەریت، بنەمـای رەفتار) هەروەها ئەو سـنووربەندییانەش لەخۆی دەگرێت کە(یاساکان و دەستوورەکان و مافی موڵکایەتی) دیارییان دەکات، بە درێژایی مێژوو دامەزراوەکان بەهۆی کەسانێکەوە دامەزراون کە توانای ئەوەیان هەبووە سیستەم دابمەزرێنن، ئاستی نارۆشنی لە مامەڵەکرندا کەمبکەنەوە)).

دوگلاس. سی. نۆرس

## کرستیان گلێدتچ بۆ گوڵان:



# گەورەترین تەحددا کە ڕووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە دەبێتەوە کە بە قۆناخی گواستنەوە تێدەپەڕن ئەوەیە دەبێت هەموو دامەزراوەکانیان لەسەرەتاوە بونیادبنێنەوە

فەریـد زەکەریـا لە کتێبـی ( ئایندەی ئازادییـدا)، دەسـپێکی بونیـادی دەوڵەتی مەدەنـی و جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، بە دەسپێکی جووڵەی قوسـتەنتین دادەنێت، کە بڕیاریدا ئیمپراتۆریەتـی ڕۆمانی لە ڕۆماوە بگوازێتەوە بۆ قوسـتەنتین و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دابمەزرێنێت، هۆکاری گێرانەوەی ئەم دەسـپێکە بۆ قوستەنتین لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێـت کە بۆ یەکەم جـار دامەزراوەکانی دەوڵـەت لەسـەر بنەمـای ئەو یاسـایانە دامەزران کە مرۆڤ بـە ئیرادەی خۆی بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆی دایرشت، بێگومان یاسـاکانی ڕۆمانی لەگەڵ ئـەوەی ناکرێت لەگەڵ ڕۆژگاری ڕێنیساس بەراورد بکرێن، بەڵام وەك تۆماس هۆبزیش لە دارشـتنەوەی دەوڵەتـی بەریتانیـا ئاماژەی پێـدەکات، (سـێبەری ڕۆمانیەکان پێمان دەڵێت، دەبێت بە یاسـا کۆمەڵگە ڕێکبخەینەوە) کە پاشان توانی دەوڵەتی لیڤاسـان بۆ کۆتایی هێنانی شـەڕی ٣٠ ساڵەی ئینگلترا دابنێت، ئاماژە کردن بەگرنگـی بونیادی دەوڵەتی مەدەنی، ئاماژەکردنە بـۆ گرنگـی دامەزراوەکانی کۆمەڵگـە و جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لەیەکتـری، نەك پیرۆزکردنی ئەزموونێك یان یاسایەك، لەبەر ئەزموون و یاساکانی دەوڵەتی مەدەنی لەسیاقی پێداویستی و تایبەتمەندی کۆمەڵگـە و ئـەو قۆناخـە مێژوویـەی کۆمەڵگەکە پێیایدا تێپەڕیووە هەڵدەسەنگێرێت، نەك دووبـارە کردنەوەی ئـەو هەوڵانە بێت کە لە سـەردەمێکی مێـژووی تایبەت و لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا ڕوویانداوە یان کاریان لەسـەر کراوە، هیگڵ لەگەڵ ئەوەی یاسای ڕۆمانی بۆ پێناسەکردنی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە بەوەی شەرعیەتی بە بوونی کۆیلە داوە و هەر پێناسـەیەك بۆ مرۆڤێکی کۆیلە، ئەو مرۆڤە دەخاتـە دەرەوەی پێناسـەی مرۆڤەوە، بۆیە هیگل پێی وایە یاساکانی ڕۆمانی سوکایەتی بە مرۆڤ دەکەن، هەروەهـا لەگەڵ ئەوەی دژی ئەو یاسایەی ڤینسیایە کە چەقۆ دەداتە دەستی شـایلۆك بۆ ئەوەی کیلۆیەك گۆشت لـە ئەنتۆنیۆ بکاتەوە، بەڵام بایەخ و گرنگی یاساکان لە ڕۆماو ڤینیسیا ڕەتناکاتەوەو پێی وایە دەبێت هەموو یاسایەك لە سیاقی قۆناخی مێژووی و تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگەیە سەیر بکرێت و ڕێگە نـادات ئازادییە مەدەنیەکان پێناسـە بکرێت، بەڵکو هەوڵـدەدات ئازادییە مەدەنیەکان بە یاسـا ڕێکبخرێن،هەر ئەمەش هیگلی گەیاندە ئـەو قەناعەتەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا کۆتایی مێژوو ڕابگەیەنێـت، ئـەم بۆچوونـەی هیگل بۆ کۆتایی مێژوو واتە گەیشـتنی مرۆڤە بەو سیسـتمی لیبرالیەی کە دەتوانێت بەرێگەی بونیـادی دامەزراوەکان ئـازادی ڕێکبخات، ئەمـە هەمان بۆچوونی ماکس ڤێبەر بوو کە ڕاشـکاوانە ڕایگەیاند هەموو لە دەسـەڵاتی کەنیسـە نائومێـد بووین و دەبێـت بەدوای سیستەمێکی دیکە بگەڕێن، کەوەك لە کتێبی گیانی سەرمایەداری و ئاکاری پرۆتستانتی ئاماژەی پێکردووە، پێویستە دامەزراوەکان بینە هاندەر بۆ بەگەرخستنی تواناکانی مرۆڤ و ئاکاری ئایینی پرۆتستانتی تیکەڵاوی گیانی سـەرمایەداری بکرێت بۆ ئەوەی لە میانەی دامەزراوەکانـی دەوڵەتـەوە هەنگاوەکانـی پەرەپێدان بەدەوام بێت، گەرانەوە بۆ ئەم پاشخانە مێژووییە، دەمانباتەوە بۆ ئەو قسەیەی کارل پۆپـەر کە سـەبارەت بە سیسـتمی لیبرال دیموکراتی ئاماژەی پێکردووەو بەوەی وێڕای هەموو ئـەو کەموکورتیانەی لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی هەیە و هەموو شـتێك لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتیدا دەکەوێتە خوار ڕەخنەوە، بەڵام هەتا ئێسـتا مرۆڤایەتی لەم سیتمە باشـتری بەرهەم نەهێناوە، ئەکەویش دەوڵەتی موئەسەساتی یە یان دەوڵەتی لیبرال دیموکراتیە.

### دیموکراتی بەبێ دامەزراوەی بەهێز بوونی نییە

هەتا پێش ڕووخانی دیواری بەرلین هەموو هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەبوو سنووری خۆی بەرامبەر بلۆکی سۆشیالیستی فراوان بکات و هەوڵبدات هەر چۆنیـك دەبێت لەوڵاتانی بلۆکـی سۆشیالیسـتی و جیهانی سـێهەم هەڵبـژاردن بکرێت، ئەم هیوایـەی ڕۆژئاوا دوای ڕووخانـی دیـواری بەرلین هاتە دی و شـەپۆلی دیموکراتی هەموو یان زۆربەی دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیسـتی و جیهانی سـێهەمی (بێجگە لە دەوڵەتە عەرەبیەکان) گرتـەوە، بـەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٢٠ سـاڵ بەسـەر ئەم وەرچەرخانـە، دەبین ئـەو دەوڵەتانەی هەنگاویـان بۆ دیموکراتی هەڵگرتـووە ڕووبـەڕووی تەحدییەکانـی حکومڕانی دیموکراتـی بوونەتەوە، زاڵبوونی ئەو تەحدیانە بەسـەر پرۆسـە دیموکراتیەکە بۆتـە هۆکاری بڵاو بوونـەوەی گەندەڵی و کەمبوونەوەی متمانەی حزب لەناو جەماوەر و بەسیاسیی کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە، دەرکەوتنی ئەم دیاردانە لەگەڵ ئەوەی هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونـی کۆمەڵگە تازە پێگەیشـتووەکان لەگـەڵ پیادەکردنی لیبرالیـزم و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئازادییەکان و ئازادی بازار لەناو چوارچێوەی یاسـادا، بەڵام بەدیوێکی دیکە بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی هەندێك هێز کە دەبنە بەشـێك لە پرۆسە دیموکراتیەکە و سەرتاپای دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ( پارتە سیاسیەکان، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری، ئابوری بازار ..تاد) ڕەتدەکەنەوە و هەوڵدەدەن لەبری ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی



جۆرج جۆنز بۆ گوڵان:

# تەنیا دیموكراتیەتی نوێنەرایەتی و دامەزراوەكانی ئومێد بۆ بونیادی دیموكراتی و سەقامگیری كۆمەڵگە دروست دەكەن

دامەزراوەكان،هەندێك سـەركردەی سیاسیی دەردەكەون كە راستەوخۆ لەسەر ئەو دەرهاویشتە خراپانە كاردەكات كە تەحدییەكانی حكومرانی دیموكراتی بەرهەمیـان هێناوە،لەبری ئەوەی هۆكارێك بێت بۆ چاككردنی دامەزراوەكان و بەهێزكردنیان، راستەوخۆ هانی خەڵكی دەدات كە ئەو دامەزراوانە بێ كەڵكن و پێویسـتە لە دژیان رابوەستنەوە، زۆربەی ئەو پرۆفسیۆر و تۆژە ئەكادیمیانەی هەڵوەستە لەسەر پرۆسەی بونیـادی دیموكراتی لە جیهانی سـێهەم و دەوڵەتانی پۆسـت كۆمونیست دەكەن، ئاماژە بەوە دەكەن،كاتێك دامەزراوەكانی دیموكراتی لاواز دەبن و ناتوانن لەئاسـتی پێویستدا بن بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵكی، ئەوا ئەم حاڵەتە لەلایەن سـەركردە پۆپۆلیستیەكانەوە دەقۆزرێتـەوە و هەوڵـدەدەن ئەم بۆشـاییانە بكـەن هۆكارێك بۆ كۆكردنـەوەی دەنگ و دەرچوونیان لـە هەڵبژاردنەكاندا، كەواتە لەم حاڵەتەدا پرۆسەی دیموكراتیەكە خۆی دەبێتە هۆكارێك بۆ پوكانەوە و نەمانی دیموكراتی، لەبەر ئەوەی ئەو سـەركردە پۆپۆلیستیانەی بەرێگـەی سـندوقەكانی دەنگـدان دەبنە بەشـێك لە پرۆسە سیاسـیەكە یان زۆر جار وەك لەوڵاتانی ئەمریكای لاتینی روویانداوە دەگەنە دەسـەڵات، ئەوا هەموو هەوڵیان بۆ ئـەوە دەبێـت دامەزراوەكانـی كۆمەڵگەی دیموكراتـی بێ متمانە بكەن و دەسـەڵاتی حكومەت لەسـەر حسابی دەسـەڵاتەكانی دیكە زیـاد بكەن و هەموو دەسـەڵاتەكانی حكومەتیش لەدەستی سەركردە پۆپۆلیستیەكە چـڕ بكرێتەوە و خۆی وەك سـەركردەیەكی كاریزمایی پیشـانبدات، بەڵام پسـپۆران و تۆژەرانی بونیادی دیموكراتی لە ئەمریكای لاتینی كە لەسەر ئەو روانگەیە هەڵوەستەیان كردووە، كە زۆربەی سەركردە پۆپۆلیستیەكان چەپن( ماركسی بوون) زیاتر لەسەر بنەمای چینایەتی بانگێشەكانی خۆیان چڕدەكەنەوە و دەیانەوێت وەك فریاد رەسی چینە هەژارەكانی كۆمەڵگـە خۆیان پیشـانبدەن، بـەڵام ئەو جیاوازییەی كە لەنێوان پۆپۆلیستی تەقلیدی و نیوپۆلیسـت ئامـاژەی پێدەكـەن ئەوەیە، پۆپۆلیسـتی تەقلیدی بەرێگـەی كودەتای سـەربازی دەسـەڵاتی گرتۆتە دەسـت و نیوپۆپۆلیزم بەرێگەی سندوقەكانی دەنگدان، بەهەرحاڵ پۆپۆلیزم وەك پۆپۆلیزمی تەقلیدی یـان وەك نیو پۆپۆلیزم پێناسـەبكرێت، یەك ئامانجیان هەیە ئەویش بەكارهێنانی خواست و نەهەماتیەكانی خەڵكـە وەك توخمێك لەو ئایدلۆژیەتەی كە خـۆی هەیەتی و بڕوای پێیەتـی و لەبەر ئەوەشـی ئایدلۆژیەتەكەی خۆی وەك شـتێكی پیرۆز سەیر دەكات، ئەوا دژی هەموو ئەو دامەزراوانە رادەوەستێتەوە كە دەسەڵاتەكانی سنورداردەكاتەوە.

## گرنگی دامەزراوەكان لە دەسپێكە پرۆسەی دیموكراتیدا

گرنگی دامەزراوەكان لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت كە وەك پرۆفیسـۆر دوگلاس نۆرس ئاماژەی پێكردووە، كارلێكی نێوان هەرسـێ بواری سیاسـیی و ئابـوری وكۆمەڵایەتی رێكدەخات، ملكەچی ئەو سـنوردانانە دەبێت كە هەندكیان لەدەرەوەی یاسا و دەستوورەكان و پەیوەندی بە تایبەتمەندی كۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە ئەو سـنوردانانە بۆ هەڵسـوراوانی ناو دامەزراوەكان دەبێتە هۆكاری ئەوەی بەرپرس لە ناو دەمەزراوەكە خۆی جێگەی دامەزراوە نەگرێتەوە، بەڵكو بەرپرس لەناو دەمەزاروەكانە دەسـەڵاتی بەشێوەیەك سـنوردار بكرێت كە دامەزراوەكـە دیاری دەكات، سـەبارەت بەم پرسە، پرسـیارمان لە پرۆفیسـۆر كرستیان گلێدتچ ئوسـتادی حكومـەت لەزانكۆی ئیكسـس لە بەریتانیا كرد، ئایا تاچەند ئەم دامەزراوانـە بۆ ئـەو كۆمەڵگایەنە گرنگن كە لەدەسـپێكی پرۆسـەی دیموكراتیدان؟

لەوەڵامـدا بەمجۆرە رای خـۆی بۆ گوڵان راگەیاند و گووتی: (بونیادنانی سیستەمی دامەزراوەیی بۆ پرۆسەی بەدیموكراتیزەكردن بـۆ قۆناغەكانـی گواسـتنەوە بـەرەو دیموكراسـیەت جۆرە گرنگییەكی هەیە. بۆ نمونە باشووری ئەفریقیا، لەبەرئەوەی خاوەن پەرلەمان و سیسـتەمی دادوەریی بوو، بۆیە كارەكانیان ئاسـانتر بوو بۆ هەنگاونان بەرەو حوكمڕانییەكی دیموكراسـییانە، لەبەرئەوەی كرانەوەیەكی بەرچاو روویداوە لە بەشداریكردن لـە ژیانی سیاسـی. هەڵبەتـە گەورەترین تەحـەددا لەهەمـوو ئەو وڵاتانـەی كە بە قۆناغەكانی گواسـتنەوەدا تێدەپەڕن بریتیە لـەوەی كە پێویسـتە ئەو وڵاتانـە هەموو دامەزراوەكان لە سـفر-ەوە بونیادبنێن. پێموایە كاتێك كە دامەزراوەكان لاوازبن ئەوكات هیچ میكانیزمێك بوونی نابێت بۆ شـەففافیەت و لەئاكامدا دەرفەت دەڕەخسێت بۆ سەرهەڵدانی دیـاردەی گەندەڵی. هەربۆیە، هۆكارەكان بۆ سستی و لاوازی سیستەمی بیروكراسییەت و دامەزراوەكان دەگەڕێتەوە.))

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە كە باسەكەی ئێمە لەو چوارچێوەیەدایـە كە كۆمەڵگە لە قۆناخێكی وەرچەرخاندایە و لەگەڵ دەسپێكی ئـەم وەرچەرخانـە هەنگاوی بـۆ بونیادی دامەزراوەكانـی كۆمەڵگـەی دیموكراتـی هەڵگرتووە، بۆیە لەوانەیـە بوونی دامەزراوە لەوڵاتانـی دیكە كە پێشـتر بوونی هەبووە، پرۆسەی بونیادی دیموكراتی ئاسانتر بكات، هەربۆنموونە ئێسـتا لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بنەمایەكی پتەوی دەوڵەتی دامەزراوەیی بوونی هەیە، بەڵام هێشتا ناتوانین پێیان بڵێن گەیشـتوونە ئەو قۆناخەی كـە پێی دەڵێن لیبرال دیموكراتی، سەبارەت بەم حاڵەتەی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا بوونی هەیە، پرۆفیسۆر




## ماریانۆ تۆرکال بۆ گوڵان:

# دیموکراسییەت و شەفافیەت و هاندانی سیاسی لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە بریتین لە سێ میکانیزمی گرنگن لە قۆناغەکانی دەسپێکی پرۆسەی سیاسی

کریستیان گلێدتچ لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئەم راپۆرتە گووتــە: (دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ئەو وڵاتانــە دامەزراوەیان بونیادناوە و کە دیموکراســی نین. بەڕای من، ئەگەر ســەیرێکی چەند وڵاتێك بکەیــن، بۆ نمونە تایوان و کۆریای باشــوور، دەبینین جولانەوە هەیە بــۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراســیەت، هەربۆیــە من پێموایە کە مەســەلەکە تەنها پەیوەســتە بــە کات و لەمەودایەکی دووردا هەنــگاوی بەرچــاو دەهاوێشــرێت بــەرەو چاکسازی سیاسی و بەدیموکراتیزەکردن .هەر بۆیە پێموایە لەمەودایەکی دووردا لەڕێگەی حوکمڕانییەکــی باش دەکرێــت گۆڕانکاری بەرچاو ئەنجامبدرێت و بارەکە فەراهەمبکرێت بۆ هەنگاونان بەرەو ئاڕاســتەکانی بونیادی دیموکراتی )).

خاڵی گرنــگ لەبوونی دامــەزراوە یان سیستمی دامەزراوە راهاتنە لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ســنوربەندییەی کە دامــەزراوەکان بۆ هەڵســوراندنی کاروباری رۆژانــەی هاوڵاتیــان دای دەنێت، هەربۆیە ئەو وڵاتانەی کە پێشــتر ئــەم هەنگاوەیان هەڵگرتــووە، پرۆســەی بڕینــی قۆناخی ئینتیقالیان ئاســانترە، ســەبارەت بەم لایەنە پرۆ فیســۆر جۆرج جۆنز لە زانکۆی لەندەن و یەکێکە لە شرۆڤەوانە بەناوبانگەکانی بەریتانیا سەبارەت بە حکومەت و حکومرانی، سەبارەت بەم پرســە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجــۆرە رای خۆی بۆ دەربرین و گووتی : (لە هەر ســێ لە جۆرەکانی دیموکراسیەت: نوێنەرایەتی و پلورالیــزم و پۆپۆلیزم، تەنها جۆری یەکەم و دامەزراوەکانی ( دیموکراتی نوێنەرایەتــی ) ئومێدێــك دەبەخشــن بــۆ حکومەتێکی ســەقامگیر، هەروەها لەپێناو سەرکەوتنی دیموکراســییەتی نوێنەرایەتی، کولتورێك پێویســتە کە کۆمەڵگەی مەدەنی کــە متمانــەی بــە نوێنەرەکانــی هەبێت لەبــارەی سازشــکردن و کاری پێویســت لەپێناو وەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەری لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانەی کە لەمەودایەکی دووردا لــە بەرژەوەندیــی گشــتیدایە، کولتورێك کە رێگە بــە نوێنەرەکان بدات بۆ گوزارشــتکردن لە بۆچوونەکانی هاوڵاتیان و بڕیاردان لەسەر ئەولەوییاتەکان لەنێو بۆچوونە جیــاوازەکان لەگەڵ دانانــی میکانیزمێکی کار لە کارگێــڕی لەپێنــاو گەیاندنی ئەو بەرنامانەی کە هاوڵاتیان مەبەستیانە .کەواتە دیموکراسییەت پێویســتیی بە دامەزراوەکان هەیە بۆ وەدیهێنانــی ئاواتەکانی هاوڵاتیان لە دەربڕین و چارەســەرکردنی پێکدادانەکانی نێوان بۆچوونەکانیــان و هەروەها هەنگاونان بۆ گەیاندنــی خواســت و داواکارییەکانی هاوڵاتیان.))

پرۆ فیسۆر جۆنز دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی بە سەرکەوترین شێوازی دیموکراتی پیشاندا، بەڵام لــە دیموکراتی نوێنەرایەتیشــدا زۆر جار تەنگــژەی نوێنەرایەتی دێتــە ئاراوەو، ســەبارەت بــە تەنگــژەی نوێنەرایەتی لە ســیتمە دیموکراتیەکاندا، سەبارەت بەم پرسە پرۆ فیســۆر ماریانــۆ تۆرکال لــە زانکۆی پۆمپیۆ فابرای ئیسپانی و تایبەتمەند لەسەر پرســی بەشــداری هاوڵاتیان و نوێنەرایەتی لــە سیســتمی دیموکراتیدا لــە لێدوانێکی تایبەتــدا بــۆ ئــەم راپۆرتە گووتــی: (لە دیموکراســییەتە نوێیەکاندا، دەبینین زۆربەی هاوڵاتیان بەشــداری لە یەکەمین پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام بۆ پڕۆســەکانی تر کەمتر بەشداری دەکەن، لێرەشدا مەبەستم لە هەموو وڵاتەکان نیــە، بەڵکو هەندێك لە دیموکراســییەتە نوێیەکان، دەبینین هاوڵاتیان زۆر رانەهاتوونە لەســەر بەشــداریکردن لە پڕۆسەکانی هەڵبژاردن، ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئاســتەکانی پەروەردەییان بەرەو ئەو ئاڕاستانە نەبووە. بەشــدارینەکردن کێشەیە. بەڵام زیاتر کێشەیە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، لەبەرئەوەی بەشدارینەکردن زۆر ئاساییە لەو وڵاتانەی کە تیایدا کۆمەڵگەی مەدەنی رێکخراوە لەگەڵ هەبوونی دامەزراوەکان و پارتی سیاسی، لەم حاڵەتەدا ئاساییە و هیچ زیانێك بە کۆمەڵگە ناگەیەنێــت. پێموایــە بەشــدارینەکردنی هاوڵاتیان لە پڕۆســەی سیاسی بۆ هەندێك هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ نموونە لەو حاڵەتانەدایە کاتێك هاوڵاتیــان متمانەیان بە نوێنەرەکانیان نەبێت و هەست بەوە بکەن کە دەنگیان بیستراو نیە و سیســتەمی حکومڕانی وەڵامدانەوەی نەبێت بۆ دەنگ و داواکارییەکانیان. پێویستە هاوڵاتیان هەست بەوە بکەن کە نوێنەرەکانیان بەڕاســتی نوێنەرایەتیی هاوڵاتیان دەکەن و هاوکات هەســت بکەن کە دەنگیان بیستراوە لەلایەن پارتە سیاســیەکان و دەسەڵات، تەنها لەو حاڵەتەدا ئاســتی بەشــداریکردن روو لە زیادبوون دەکات. هەربۆیە، دیموکراســییەت و شــەفافیەت و هاندانی سیاســی لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە بریتین لە ٣ میکانیزمی گرنگن لە قۆناغەکانی دەســپێکی پڕۆسەی سیاسی. هەربۆیە پێویستە پارتە سیاسیەکان هانی هاوڵاتیان و دەنگدەرەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنیــدا بــدەن بۆئەوەی ببنە بەشــێك لە پڕۆسەی سیاسی، مەبەستم ئەوەیە کە پارتە سیاســیەکان هۆشــیاری لەناو هاوڵاتیان و تاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بڵاوبکەنەوە لەبــارەی گرنگیی بەشــداری سیاســی و هاوڵاتیان بانگهێشــت بکــەن بۆئەوەی ببنە بەشــێك لە پڕۆسەی سیاســی.لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان دەنگ بە پارتە سیاسیەکان دەدەن، پارتە سیاسیەکانیش هەڵدەستن بە پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، لێرەدا پێویستە لەسەر پارتە سیاسیەکان پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی




سانی مەیسڵ بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دیموکراسیەت لەو وڵاتانەدا زۆر زەحمەتە کە دابەشبوون لەنێو کۆمەڵگەکەیدا هەیە، ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە

مەدەنی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ببەستن. لەڕاستیدا سەرچاوەی دروستبونی پارتە سیاسییەکان بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە پارتی سۆشیالیست و پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی لە ئەوروپا لەلایەن کۆمەڵە و سەندیکا-وە درووستبوون، لەکاتێکدا پارتی کرستیانی دیموکرات لەلایەن ڕێکخراوەکانی کاتۆلیکی و کرستیانەکانەوە درووست بوونە ...وهتد لە پارتە سیاسیەکانی تر. هەربۆیە، ئەم پەیوەندییەی نێوان پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگە و پێویستە لەسەر پارتە سیاسیەکان بەردەوامبون بەو پەیوەندییانە ببەخشن بۆئەوەی بتوانن نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بکەن.))

چارەسەرکردنی تەنگژەی نوێنەرایەتی وەك پرۆفیسۆر تۆرکاڵ جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ وڵاتانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان کاریگەری سلبی دەکاتە سەر ئەوەی ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدان و دواتریش لە پرۆسە دیموکراتیەکە کەمبکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە پرۆسەکە ڕووبەڕووی بارێکی خراپ بکاتەوە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکە تایبەتە بە دیموکراتیە تازەکان یان لە دیموکراتیە پێشکەوتووەکانیشدا بوونی هەیە، پرۆفیسۆر ساندی مەیسڵ ئوستادی حکومەت لەزانکۆی کۆلۆمبیا لەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوەو گووتی : (بەڕای من، سەرچاوەی کێشەکە تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە پارتە سیاسیەکان نوێنەرایەتی ناکەن، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئاستە نزمەکەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە دەنگدان. هەربۆیە، پێموایە سەرەکیترین فاکتەر بۆ شەرعییەت بریتیە لە کرانەوە لە پرۆسەکانی دەنگدان، پاشان مەسەلەکە پەیوەست بە پارتە سیاسییەکان دەبێت لەو بارەیەی کە نوێنەرایەتی چی بکەن. لە زۆربەی دیموکراسییەتە تازەکاندا دەستەبژێری سیاسی بریتین لە کەسانێکی شیاو و شارەزا لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێموایە کەسانی شیاو باشترین کەسن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. لە بیرکردنەوەم لەبارەی مێژووی پارتە سیاسیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا-دا، دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەگەر بێت و سەیرێکی ٥٠ ساڵی یەکەمینی مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکەین، دەبینین پارتە سیاسیەکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی-ش لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نوێنەرایەتییان نەبوە. لەبەرئەوەی هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی نوێنەرایەتیکردنێکی کارا پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە. هەربۆیە، وەکو نمونەیەکی دیار، لە ماوەی ٥٠ ساڵی یەکەمدا لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو و دەیانتوانی بەشداری لە حکومەت و پڕۆسەی سیاسی بکەن تەنها تایبەت بوو بە توێژی دەوڵەمەند، ئەوانیش ڕێژەیەکی زۆر کەم بوون لە ژمارەی هاوڵاتیانی ئەمریکا. ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بزاوێکی زۆر گەورە هەیە کە پێی دەگووترێت «شەپۆلی سێیەم» لەبەرئەوەی هەردووك لە پارتەکانی کۆماری و دیموکراتەکان بەرژەوەندیی گشتی ڕەچاو ناکەن، هەڵبەتە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و نەبوونی چارەسەر بۆ کێشەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. لەلایەنێکی ترەوە، پێموایە دابەشبوونێکی کەلتوری فراوان لە عێراق-دا هەیە و کە ئەم دیاردەیەش دەبینرێت لە ڕەنگدانەوەکانی پارتە سیاسیەکانی عێراق. پێموایە حکومەتی عێراقی لە هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکان و




پێناسەکردنی ئەو شتانەی کە باشترین شتە بۆ عێراق. بەڕای من دروستبوونی دیموکراسیەت لەو وڵاتانەدا زۆر زەحمەتە کە دابەشبوون لەنێو کۆمەڵگەکەیدا هەیە، لەڕاستیدا ئەم شتە زۆر زەحمەتە لەو وڵاتانەی کە خاوەن مێژوویەکی درێژ نین، ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە.)).





**ئەد میلکەرت** (نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان) **بۆ گوڵان :**

# کاتی ئەوە هاتووە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لە نێویشیاندا کەرکووک چارەسەربکرێن، لەبەر ئەوەی هێشتنەوەی ئەو کێشەیە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە



**ئەد میلکەرت کە ئێستا نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە عێراق، یەکێکە لەسیاسەتمەدارەکانی هۆڵەندی و هەتا ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆکی حزبی کاری هۆڵەندی بووە و لە ساڵانی ١٩٩٤ - ١٩٩٨ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بووە لە حکومەتی هۆڵەندادا، میلکەرت چەندین پۆستی گرنگی لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەگرتووە و یاریدەدەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، هەتا لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩ لە جێگەی ستیفن دی مستۆرا بۆتە سەرۆکی یۆنامی لە عێراقدا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراقدا و رۆڵیان لە چارەسەرکردنی ناوچە دابراوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بەو سیفەتەی کە ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکان هاتۆتە ناوپرۆسەکە و مافی ئەوەی پێدراوە کە دیراسەتی باردۆخەکە بکات و پێشنیاری گونجاو بخاتە بەردەستی لایەنە پەیوەندارەکان، هەروەها سەبارەت لە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و شێوازی مامەڵەکردنی یونامی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، گۆڤاری گوڵان بەفەرمی داوای دیمانەیەکی تایبەتی لە یۆنامی کرد و بەریز ئەد میلکەرت سەرۆکی یۆنامی داواکەی گوڵانی قبوڵ کرد و ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەرێز ئەد میلکەرت نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**گوڵان:** ئێوە چۆن لە رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکە دەڕوانن لە دوای ڕووخانی ڕژێمی کۆن ؟

**ئەد میلکەرت:** یەکەم شت کە دەبێت بوترێت ئەوەیە ئێمە وەك نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەوتێکی ڕوو لە هەڵکشان توانیومانە بەشداری لەدابینکردنی یارمەتی مرۆیی و هەوڵی ئاوەدانکردنەوە بدەین لە قۆناغی سەرەتای دوای ئەو وێرانکارییەی کە واقیع بووە لە زۆرێك لە بەشەکانی عێراقدا، واتە هەنگاو بە هەنگاو لە یارمەتی مرۆییەوە دەستی پێکرد و دواتر ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە خستنەگەڕ و پتەوکردنی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەکان کارێکی بنەڕەتی بوو بۆ عێراقی نوێ.

بۆ ئەوەی دامەزراوە سیاسیەکان بنیات بنرێت، هەروەها لە پێناوی ڕێکخستنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە بۆنە جیاوازەکاندا، ئەویش لە پێناو بنیاتنانی بنکەگەلێکی زۆر بۆخستنەگەڕی پرۆسەیەکی بەرەوپێشچوونی ئاسایی. بە دڵنیاییەوە ئەوە خەسارەتێکی زۆری لێکەوتەوە، دوو جۆر لە خەسارەت، بێگومان کاریگەرترینیان بریتی بوو لە لەدەستدانی ژیان، کە یەکێك لەو قوربانیانە نوێنەرتی پێشووی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو(سیرجیۆ فییرا دی میللۆ) کە لە تەقینەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە بەغدا، لە ئابی ساڵی ٢٠٠٣دا بووە قوربانی و گیانی لەدەستدا. خەسارەتێکی دیکەش کە توانراوە زاڵبین بەسەریدا، ئەویش دوای ماوەیەکی دوورودرێژ، بریتی بووە لە دابەشبوونی قووڵ لە نێو ئەنجومەنی ئاساییشدا، کە بریتی بوو لە بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لە ئاست داگیرکاریەکە و دۆخی دوای ئەو داگیرکاریەدا، بەڵام خۆشبەختانە دوای هەوڵێکی زۆری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێستا ئیجماعێك هەیە لەو ئەنجومەنەدا بۆ پشتیوانی کردن لە عێراق، ئەمەش لێرە کاری ئێمەی ئاسانتر کردووە.

**گوڵان:** پێتان وایە عێراق لە قۆناغی مەترسیدار ڕزگاری بووە و ئەو کێشانەی ماون قابیلی چارەسەرکردنن و عێراق بە سەقامگیری دەگات؟

**ئەد میلکەرت:** دەتوانین ئەوە بڵێین کە دۆخی ئێستا و هەروەها بارودۆخەکە لە ئایندەی دیاریشدا، پێویستی بە بڕێکی زۆر لە وریای و چاوکراوەیی هەیە، هەروەها حاڵی حازر ئێمە پاشەکشە دەبینین، بۆ نموونە لەم ساتەی ئێستا قسەی تێدا دەکەین، من بینیم تەقینەوە لە بەعقوبە ڕوویداوە و دوێنی لە تکریت تەقینەوە ڕوویدا، لە هەمان کاتتدا ئێمە ئەوە دەزانین ڕۆژانە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر خەڵك و ئەمەش قابیلی قبوڵکردن نییە. من پێم وایە هاوکات حکومەتی عێراق لە بەغدا و بە دڵنیاییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر گەیشتونەتە قۆناغێك کە ئاستێکی بەرچاوی ئۆتۆنۆمیان هەیە بۆ ئەوەی بڕیار لە بارەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق و خەڵکی ئەم هەرێمە بدەن لێرە، بە چەشنێك کە نەتوانرێت بەهۆی موعارەزەی چەکدارییەوە لە ڕەوتەکە لابدرێن، لەبەر ئەوەی دەکرێت موعارەزەی چەکدار

کار و بەرنامەکان تێکبدات، هەروەها دەکرێت مایەی کارەسات بێت بۆ ئەو خەڵکانەی رووبەرووی هێرشەکان دەبنەوە، بەڵام چیتر ئەم موعارەزە چەکدارە لە پێگەیەکدا نییە بتوانێت هەڕەشە لە بەرەوپێشچوونە سیاسی و ئابووریە بنەڕەتیەکان بکات و ئەمەش لە کۆتاییدا بریتیە لە گەشەکردن بە بەراورد بەو ساڵە سەختانەی تێپەڕین وەك ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧، کە لەو ساڵانەدا زۆر زەحمەت بوو بتوانرێت حکومڕانێتیەکی کارا بکەیت لە عێراقدا.

**گوڵان:** ئێوە چۆن لەو سەقامگیرییە دەڕوانن کە حاڵی حازر لە کوردستاندا هەیە؟

**ئەد میلکەرت:** من پێم وایە لە هەرێمی کوردستاندا دەستکەوتی زۆر بەدەستهاتوون، لە ڕاستیدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، کە ناوچەی دژە فڕین بەسەر سەددام حوسێندا سەپێنرا، من بە ڕەزامەندیەوە لە ڕۆڵی خۆم دەڕوانم لەو کاتەدا، کە وەك ئەندامی پەرلەکانی هۆڵەندا دەستپێشخەریم کرد بۆ ئەوەی هۆڵەنداش پشتگیری لە ناوچەی دژەفڕین بکات، کەواتە لەو کاتەوە ئەو هەلە بۆ سەرکردایەتی کورد ڕەخساوە بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر بەرژەوەندیەکانی کورد لە ڕوانگەی خۆیانەوە پێناسە بکەن، بە داخەوە ئەم ڕەوتە بێ پاشکشەنەبوو و بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە شەڕی ناوخۆیی ڕوویدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ساڵانی دواییدا و بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستکەوتی زۆر بەرچاو و دیار بەدەستهاتوون، بە چەشنێك هەرکەسێك ئەمڕۆ بێتە هەولێر بە چاوی خۆی دەبینێت جیاوازیەکە چییە، کە سەقامگیری لە ئارادایە، ڕێککەوتنی سیاسی لە ئارادایە لە بارەی چۆنیەتی بەرەوپێشچوونەوە، هەروەها ژینگەیەکی کراوەش هەیە بۆ وەبەرهێنانی ئابووری، کەواتە دەستکەوتی زۆر بەدەستهاتووە و زۆر گرنگیشن بۆ ئایندەی خەڵکەکە.

**گوڵان:** سەرەڕای نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بەڵام هێشتا کێشەی ئەو شارە چارەسەرنەکراوە، ئایا ئاراستەی چارەسەرەکە بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات کەرکوك سەربەخۆ بێت یان بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یا بگەڕێتەوە سەر عێراق؟

**ئەد میلکەرت:** من ناتوانم پێشبینی بکەم لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوە ناتوانم خەملاندن بکەم بۆ دەرئەنجامی پرۆسەکە، بەڵام بەلای منەوە دوو ئیعتیبار گرنگن:

یەکەمیان: ئاشکرابوو دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکە و پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانی عێراق کاتی ئەوە هاتووە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لە نێویشیاندا کەرکوك چارەسەربکرێن، لەبەر ئەوەی هێشتنەوەی ئەو کێشەیە وەك سەرچاوەی نادڵنیایی لە ئایندەدا لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدانییە.

دووەم: کاتی ئەوە هاتووە بە گیانی گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندەوە مامەڵە بکرێت، لەبەرە ئەوەی تەفسیری جیاواز هەیە بۆ مێژووی شارەکە، هەروەها دانیشتووانی شارەکەش پێکهاتەی جیاواز لە خۆدەگرێت کە خواستی ئەوەیان هەیە ئاشتیانە پێکەوەبژین، دەکرێت ئەمە ڕووبدات ئەگەر گیانی گەیشتن بە چارەسەری مامناوەند هەبێت بۆ تێڕوانین لە ئایندەی سیاسی و ئیداری شارەکە، دەکرێت لە ئێستادا ئەم دوو پرۆسەیە بە جیددی وەربگیرێن و پەرە بە گیانی گەیشتن بە چارەسەری مامناوەند بدرێت، ئەمە دوو ئەرکی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

**پەیامی من بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەم هەلە لەدەست مەدەن. چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە لە هەر هەلێکی دیکەی پێشووترتان گەورەترە**

**کردنەوەی سنوورەکان و پێکەوەکارکردن و ژیان لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا و لە هەمان کاتدا مانەوە وەك بەشێك لە عێراق هەنگاونانە بەرەو ئایندە**

**گوڵان:** بەرنامەی ئێوە چییە بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی یەکجاری هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟

**ئەد میلکەرت:** ئەمە پرسیارێکی گرنگە، من پێم وایە بە جیددی وەرگرتنی ئەم پرسە لە بەرژەوەندی ناوچەکە و بەرژەوەندی نیشتمانی و نێودەوڵەتیشە، ئەزموونی ئیجابی میکانیزمی ئەمنی هاوبەش و پێویستی پتەوکردنی ئەو ئەزموونە ئیجابیانە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە پێی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکە. ئەمە یەکێکە لە نموونەکان کە یۆنامی ئامادەیە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی باشترین ڕێگە بگرێتەبەر تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پتەوکردنی دەستکەوتەکان، ئەمانە گرنگن. لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم ئەوە دیاری بکەم دەرئەنجامەکە چۆن دەبێت، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەمە بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی هاوشانە عێراقیەکاندایە، بێگومان ڕۆڵی ئێمە بەو شێوەیە دەبینم کە بریتیە لە یارمەتیدان بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش و ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ئایندەدا.

**گوڵان:** تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەوەدان ڕاپرسی ئەنجامبدرێت؟

**ئەد میلکەرت:** ئێوە مەبەستتان لە ماددەی ١٤٠ە. ئێمە هەمیشە پشتگیری تەفاعولکردنمان کردووە لەگەڵ هەموولایەکدا کە پێوەندیداربوبێت بە ماددەی ١٤٠ەوە، ئەو پرۆسەیەی دەبێتە هۆی هێنانەدی ئەنجامەکە دەبێت بەو شێوەیە لێی بڕوانرێت کە پرۆسەیەکی گشتگیرە، زۆر گرنگە ئیرادەی گفتوگۆکردنی سیاسی هەبێت لە بارەی هەموو ڕەهەندە پێوەندیدارەکان بەم ماددەیەوە. لەسەر ئەو ئەساسە دەکرێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە ڕای خەڵك لە بارەی هەندێ خاڵەوە وەربگیرێت، ئەو ڕاوەرگرتنەش بۆ پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە سیاسیە بێت کە پێشتر لە نێو لایەنە سەرەکیەکانی پرسەکەدا هاتبێتەئاراوە، لەبەرئەوەی ئایندەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و پێوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی

کوردستان چەندین ڕەهەندیان هەیە، کە ناکرێت پرسەکە بە سیغەی بەڵێ یان نەخێر چارەسەربکرێت، بەڵکو دەبێت چارەسەرەکە گشتگیربێت و هەموو توخم و ڕەگەزە پێوەندیدارەکان لە خۆبگرێت، هەر لەبەر ئەمەیە من داوای گەیشتن بە گیانی چارەسەری مامناوەند و گفتوگۆی جیددی دەکەم لەبارەی هەموو پرسێکی پێوەندیدارەوە، دواتر من قەناعەتم وایە دەکرێت ڕێگاچارە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکیش ببنە بەشێك لەو چارەسەرەی لەگەڵ ڕۆحی ئەم ماددەیەدا یەکدەگرێتەوە.

**گوڵان:** مەسیحیەکان ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە و وڵات جێدەهێڵن، ئایا ئێوە لەم ڕووەوە هیچ پێشنیارێکتان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟

**ئەد میلکەرت:** من ئەمڕۆ (٢٠١١/١/١٩) دەرفەتی ئەوەم هەبوو لەگەڵ هەردوو بەڕێزان سەرۆك بارزانی و کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ کۆببمەوە بۆ ئەوەی قسە بکەین لەبارەی یارمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ هەوڵی حکومەتی هەرێمی بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەو مەسیحیانەی پێویستیان بەوە هەیە بەشەکانی دیکەی عێراق جێبهێڵن کە ئەم هەوڵانەش هەوڵی زۆر بنیاتنەرن، پێم وایە ئەوە شتێکی ئیجابییە کە بەدیلەکە لە چوارچێوەی عێراقدا بێت، واتە ئەو مەسیحیانەی هەست دەکەن هەڕەشەیان لەسەرە ناچارنەبن وڵاتەکە جێبهێڵن. زۆر گرنگە حکومەتی عێراق بەردەوام بێت لە یارمەتیدانی ئەو مەسیحیانەی کە لە بەغدا و ئەو ناوچانەی دیکەوە هەڵاتوون کە خزمەتی وڵاتەکەی تێدا دەکەن-بە دەربڕینێکی دیکە مووچەی لێوەردەگرن- واتە مووچەکەیان پێبدرێت و بە بەردەوامی یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی ئەرکی یارمەتیدانیان لە نێو هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا دابەش بکرێت. هەروەها گرنگە هەوڵ بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی دوای ماوەیەکی دیکە بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێننەوە، کەواتە گرنگە عێراق جێنەهێڵن و گرنگە کۆشش بکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان، لە هەمان کاتتدا گرنگە خێزانەکان و هەروەها منداڵەکان بتوانن پشت بەو یارمەتیانە ببەستن کە حاڵی حازر لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین دەکرێن، ئەویش بە یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمە لە ڕێی ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە ئێستا لێرەدا چالاکن، بە هەمان شێوە کە من لەم سەفەرە گەڕامەوە لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ هاوەڵەکانی خۆمدا دەکەم.

**هەرکەسێك ئەمڕۆ بێتە هەولێر بەچاوی خۆی دەبینێت جیاوازییەکە چییە. سەقامگیری لە ئارادایە. ڕێککەوتنی سیاسی لە ئارادایە لە بارەی چۆنییەتی بەرەوپێشچوونەوە. هەروەها ژینگەیەکی کراوەش هەیە بۆ وەبەرهێنانی ئابووری**



**گوڵان:** ئێوە تا ڕادەیەك پشتگیری ئەوە دەکەن کوردەکان مومارەسەی مافی چارەنووس بکەن وەك بەشێك لە عێراق یان وەك ئەو ئەزموونەی لە باشووری سودان ڕوویدا؟

**ئەد میلکەرت:** تاکە ئەساس وەك ئامرازێك بە دەست دەسەڵاتەوە لێرە دەستوورە، دەستوور کە زۆرێك لە لایەنە عێراقیەکان لەسەری ڕێککەوتن و زۆرێك لە خەڵکی عێراق پەسەندی کردووە، دەبێت ڕێبەر و پێشەنگ بێت بۆ پێوەندیە ناوخۆییەکانی ئێستا و ئایندە و بە دڵنیاییەوە بۆ ئەگەری هەموارکردنی دەستووریش، کە دەبێت ئەو هەموارکردنە بە پێی ڕێسا دەستووریەکان بێت. بە دڵنیاییەوە. من بواری بەراوردکردن نابینم لە نێوان ئەزموونی عێراق و ئەزمونەکانی دیکە، سودان بێت یان هەر وڵاتێکی دیکە، لەبەر ئەوەی هەر ئەزموونێك مێژوو و ئەساسی یاسایی خۆی هەیە، ناکرێت ئەو مێژووە و ئەساسە یاساییە بکرێتە شێوازێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەفاعول و هاوکاری ناوخۆیی لە عێراقدا.

**گوڵان:** ئێوە چۆن لە دەستپێشخەریەکەی بەڕێز بارزانی دەڕوانن بۆ کۆکردنەوەی لایەنە عێراقیەکان و گەیشتنیان بە چارەسەر و پێکهێنانی حکومەت؟

**ئەد میلکەرت:** سەرەتا با ئەوە بڵێم من چەند جارێك لەگەڵ سەرۆکدا کۆبوومەوە لە ماوەی پێکهێنانی حکومەتدا، من هەمیشە تێڕوانینی ئەو لە پێگەی ئەوەی ڕەنگدانەوەی چ نوێنەرایەتی کردنێکە، هەروەها ڕۆڵی هاوپەیمانی کوردستانی بە بنەڕەتی دادەنێم بۆ هێنانەدی دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو لە پێکهێنانی حکومەتدا. هەروەها من بە خۆشحاڵییەوە لەوە دەڕوانم ئێمە لەو کاتەدا چەند جارێك باسی ئەگەری ئەوەمان کردووە کۆکردنەوەی لایەنە سەرەکیەکان لە دەوری یەك مێزی گفتوگۆ لە

هەندێ لە قۆناغەکاندا کاریگەری گرنگە، کە ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەردەوامی پشتگیریمان لەم کارەدا کردووە. لەبەر ئەوەی کە هەموو لایەنەکان باسی ئەوەیان کرد ئەوان پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیان دەوێت، ئەو کاتە دەبێت هەوڵبخەینە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری مێزی گفتوگۆکە کۆببنەوە، ئەگەرنا چۆن دەتوانیت حکومەتی یەکێتی نیشتمانی پێکبهێنێت. پێم وایە بارزانی باش لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو، هەروەها هەستێکی باشی هەبوو لە هەڵبژاردنی تەوقیتەکەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە، من هەر تەنیا ئەوەندە دەتوانم ستایشی بکەم، لەبەر ئەوەی ساتەوەختی گونجاو و ژینگەی گونجاوی دۆزییەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان پێکەوە، من باوەڕم وایە ئەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا. هەروەها ئەوە ساتەوەختێکی مێژوویی بوو تا بۆ عێراقیەکان بخرێتە ڕوو کە سەرکردەکان پێویستیان بەوە هەیە بە گیانی گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندەوە کار بکەن و پێکەوە

**ئێمە دەتوانین ستافمان هەبێت لە هەولێر و من بە هەواڵانم دەڵێم باشترە ستافمان لە هەولێر هەبێت نەک لە عەممانەوە کارەکان بەڕێوەببەین، چونکە زەمینەی ئارامی و ئاوەدانی تێدا زۆر باشترە لە چاو بەغدا**

کۆببنەوە و کەلێنی جیاوازیەکانیان پڕبکەنەوە. پێم وایە ئەمە مێژوییەکی دوورودرێژتری دەبێت و ئێمە هەڵوێستێکی زۆر ئیجابیمان هەبوو لە بارەی ئەو دەستپێشخەریەوە.

**گوڵان:** تا چەند هەماهەنگی هەیە لە نێوان یونامی و هەرێمی کوردستاندا؟ لەبەر ئەوەی گلەیی هەیە کە یونامی بارەگای نییە بۆ ئەوەی خولی پسپۆڕی ئابووری و سیاسی تێدا بووترێتەوە و لەم ڕووەوە کەسە بەشداربووەکان ناچارن بچنە عەممان؟

**ئەد میلکەرت:** ئەمە پرسیارێکی ڕەوایە و من خۆشم لەم ڕووەوە ڕەخنەم هەیە. لەبەر ئەوەی ئێمە لەم ڕووەوە بەرەوپێشچوونی زۆرمان بەدەستهێناوە و هەوڵدەدەین چالاکی زیاتر و زیاتر لە نێویاندا خولی ڕاهێنانی زیاتر ڕێکبخەین لە عێراقدا، من کۆششم کردووە بۆ ئەوەی ستافێکی هەمیشەیی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانمان هەبێت لە عێراقدا، لەبەرئەوەی ئێمە دەتوانین ژمارەیەکی کەمی کارمەندەکان لە بەغدا بهێڵینەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین ستافمان هەبێت لە هەولێر و من پێیان دەڵێم باشترە ستافمان لە هەولێر هەبێت نەك لە عەممانەوە کارەکان بەڕێوەببەین، ئەگەر بمانەوێت بە ڕاستی لە وڵاتی عێراق تێبگەین، دەکرێت ئەمە خۆی لە چالاکی ڕاهێناندا بەرجەستەبکات، هەرچەندە دەبێت ئیعتیراف بەوە بکرێت کە هەندێ جار لەبەر هۆکارە عەمەلیەکان ئاسانترە کارەکان لە شوێنێکی دیکەوە هەڵسوڕێنرێن، بۆ نموونە لە ئەردەنەوە، بەڵام کە بەراوردی بوونی دامەزراوە و زەمینەی کارکردن دەکەیت لە نێوان ئوردن و ئەم هەرێمەدا ئەوا جیاوازی کەمتر بەدی دەکەیت، لەبەر ئەم هۆکارەش من پێم باشترە چالاکی زیاتر و زیاتر لێرەوە ئەنجام بدرێت.

**گوڵان:** ئێوە وەك کەسێك هەمیشە کارتان کردووە لەسەر نەهێشتنی بێکاری، ئایا لەم ڕووەوە هیچ بەرنامە و پێشنیارێکتان هەیە بۆ نەهێشتنی بێکاری لە عێراقدا؟

**ئەد میلکەرت:** من خۆشحاڵم بەم پرسیارە، لەبەر ئەوەی بە درێژایی کارکردنم ئەمە یەکێك بووە لەو پرسە گرنگانەی کارم لەسەرکردووە، لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی کار بۆ هەموو کەسێك، بە تایبەتی بۆ چینی گەنجان بناغەی سەقامگیری و گەشەکردنە، زۆرێك لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕووەوە لەگەڵ بانکی جیهانیدا کاردەکەن بۆ ئەوەی لەم بوارەدا ڕاوێژ بە حکومەتەکان بدەن. یەکێك لەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیەوە، کە ئیش لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار دەکاتەوە. لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە چەند پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی حکومەتەکان جێبەجێی بکەن، لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی لە ڕێی شەراکەتێکی دووقۆڵیەوە لە کوڕاسیەکدا ئەو ئاموژگاریانەیان ئامادەکردووە، کە ئەولەویەت و ڕێگای بەرەوپێشچوونی بۆ حکومەتەکان لە خۆگرتووە. کە من هیوادارم ئەمە لە لایەن حکومەتەوە لەبەرچاوبگیرێت لەبەر ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە دۆزینەوەی هەلی کاردا، بەڵام من پێم وایە هێشتا دەبێت لەم ڕووەوە کۆششێکی دوورودرێژ و قووڵ بکرێت بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ عێراقیەکان و خەڵکی ئەم هەرێمە لە دوای تەواوکردنی خوێندن بڕەخسێنرێت، کە ئەمە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

**گوڵان:** ئایا تا چەند ئێوە ستراتیژتان هەبووە یان هەیە بۆ یارمەتیدانی سیاسیە عێراقیەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری عێراق؟

**ئەد میلکەرت:** ئێمە ئامرازی خۆمان هەیە، ئێمە کەسانی پسپۆڕی خۆمان هەیە و باشترین ئەزموونەکانمان لە وڵاتانی دیکەدا لەگەڵ عێراقیەکاندا ئاڵوگۆڕ پێدەکەین. ئێمە پێشتر و ئێستاش سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بووینە کە بابەتی جیاواز لە خۆدەگرێت و ڕاسپاردەی تێدایە بۆ سیاسەتمەداران، هەروەك ئاماژەم پێکرد نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی و سندووقی نەقدی نێودەوڵەتی لە نزیکەوە

**پێم وایە بارزانی باش لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو کە دەبێت هەوڵبخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە، ئەگەرنا چۆن دەتوانرێت حکومەتی یەکێتی نیشتمانی پێکبهێنرێت**

کار لەگەڵ یەکتردا دەکەین، کەواتە پشتیوانی و ئاموژگاریەکی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە بەرپرسیارێتی سەرەکی بۆ کارکردن بەو پشتیوانی و ئاموژگاریانە دەکەوێتە ئەستۆی عێراقیەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانن ئەوە بۆ عێراقیەکان وەسف بکەن کە دەبێت چی بکات. هەر لەبەرئەمەیە ئێمە لە دیالۆگێکی بەردەوامداین لەگەڵ حکومەتدا، ئێمە خۆشحاڵ بووین توانیمان ئەو شاندە بنێرین کە پێی دەوترێت بەرنامەی چوارچێوەی

کاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری پەرەپێدان (UNDAF) کە ماوەی پێنج ساڵە هاریکاری نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی بەرەوپێشچوونی نیشتمانی کە دەبێت ئەوە بێتە بناغەی کارکردن.

**گوڵان:** تا چەند ئەتوانن یارمەتی وڵاتێکی وەك عێراق بدەن کە دەوڵەمەندە بە داهات و هەژارە بە خیبرە و پسپۆڕی؟

**ئەد میلکەرت:** بە داخەوە عێراق تاکە وڵات نییە سەرچاوەکانی لە هەمان کاتدا مایەی نیعمەت و نەهامەتیش بن، نیعمەتە لەبەر ئەوەی ئەگەر بە باشی ئیدارە بکرێت ئەوا داهاتێکی زۆری لە بەدەست دەهێنرێت و دەکرێت ئەو داهاتەش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك بەکاربهێنرێت، بەڵام بە داخەوە نموونەی ئەوەش لە ئارادایە داهاتەکە بە باشی بەڕێوەنابردرێت و گومانی گەندەڵی هەیە، یان دەکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی کۆمەڵگەکە لەبەرچاوناگرن، کەواتە لە عێراقیشدا تەحەددایەکی گەورە هەیە و هیچ کەسێکیش ناتوانێت لە بری ئەوان ئەم کارە بکات، ئەوەی ئێمە دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەوەیە باشترین ئەزموونەکانی خۆمانیان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەین، باشترین نموونە بۆ وڵاتانی دیکە ئەوەیە لە نەرویجدا ڕوویدا کە بەشێکی گرنگی داهاتی نەوت و گازی ئەو وڵاتە لە سندووقێکدا دانرا کە ئێستا گەورەترین سندووقی وەبەرهێنانە لە جیهاندا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەوڵەمەندی و سەروەت و سامانی نەرویج بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن بەردەوام دەبێت کە بەرزترە لە سامانی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان، لە عێراقدا دەبێت بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت بەکاربهێنرێت بۆ کاری سیانەی ژێرخانی مونشەئاتە نەوتیەکان. واتە لە لایەك دەتوانن بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت بەکاری بهێنن لە لایەکی دیکەوە دەتوانن بۆ دووبارە بوژاندنەوەی کەرتی خزمەتگوزاری گشتی بەکاری بهێنن، ئەمەش پێویستی بە بەرنامەیەك هەیە کە بودجەیەکی هاوسەنگی لە خۆ گرتبێت، کەواتە ڕۆڵی وەزیری دارایی زۆر گرنگە کە ڕێگەی ئایندە بە خەڵکی عێراق پیشانبدات، بە دڵنیاییەوە ئێمە لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵیدا بۆ ئەوەی یارمەتی بدەین لە گرتنەبەری ئەو ڕێگاچارانەدا تا ئەو ئاستەی کە خوازیاریێت ئامۆژگاریەکانی ئێمە وەربگرێت.

**گوڵان:** ئایا کێشەی قەرزەکانی عێراق و دەرچوونی عێراق لە ژێر فەسڵی حەوتی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کوێ گەیشتووە؟

**ئەد میلکەرت:** دەبێت لێرەدا وریابم لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆچوونێکی تایبەتی نییە لەم بارەیەوە، لە بارەی ئەو ڕێککەوتنە دوو قوڵیانەی عێراق لەگەڵ دەوڵەتە قەرزدەرەکان ئەنجامیداوە کە دەبێت هەر حاڵەتێك بە جیا چارەسەربکرێت. ئەوەی ئێمە داوای ئەکەین و ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش داوای ئەکات ئەوەیە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی بنیاتنەر ببینن لەو تەرتیباتەی ڕێکدەکەون لەسەری لە بارەی عێراق، لەبەر ئەوەی دەبێت هەموو لایەك ئەوە ڕاستیە بزانێت کە چارەسەرکردنی دۆخی دوای ناکۆکی پێویستی بە هاوکاریەکی زۆر هەیە، ئەویش لە پێناو خێراترکردنی ڕەوتی بەرەوپێشچوون کە لە کۆتاییدا بە بەرژەوەندی دەوڵەتە دراوسێکانیش تەواو دەبێت....

**خواستی گوزارشتکردن لە خۆت بەئازادی و خواستی خۆڕێکخستن بە ئازادی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بوونی دامەزراوەی دیموکراسی بەهایەکی جیهانیان هەیە. ڕووداوەکانی تونس هەمو ئەم پرسانەی زەقکردۆتەوە و هێناونیەتیە پێشەوە**

**گوڵان:** هۆکاری بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە یارمەتیەکانی دەوڵەتە کۆمەکبەخشەکان چییە، بۆچی تەنیا عێراق دەگرێتەوە؟

**ئەد میلکەرت:** من دڵنیانیم لەوەی ئەمە ڕاست بێت، ڕەنگە لەمڕۆدا مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، بەڵام من تەواو دڵنیام لەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ و پێش ئەم ساڵەشدا سەرچاوەگەلێکی بەرچاو هێنرایە ئەم بەشەی وڵاتەکەوە، ئەوەی ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت ئەوەیە ئەم بەشە زۆر زیاتر لە بەشەکانی دیکە گەشەی کرد، ئەمەش کاریگەری کردە سەر ڕەفتار و هەڵوێستی وڵاتە کۆمەکبەخشەکان، واتە ئەگەر تۆ چیتر پێویستت پێی نەبێت ئەوا کەمتر زەورە کە پێت بدرێت، دەبێت مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر کوردستان خاوەنی سەرچاوەگەلێکی زۆرە.

**گوڵان:** لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە و تاوەکو پێکهێنانی حکومەت، نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ئاستە دەستێوەردانی نەبوو لە پرۆسەی سیاسی عێراق، ئایا ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوازیاری دەستێوەردان نین، یا ئالیەت و بەرنامەی ئیشکردنتان بەم شێوەیەیە؟

**ئەد میلکەرت:** هۆکاری جیاواز لە ئارادایە بۆ ئەوەی یۆنامی ڕۆڵی پشتیوانی و ئامۆژگاری هەبێت، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەرکی یۆنامی هەروەك لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دیاری کراوە کە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە چەند بوارێك هەیە کە مەرجە لە ڕووی مەبدەئیەوە یۆنامی هەڵبستێت بە چالاکی تێیاندا، بەڵام ئەویش لەسەر داوا و خواستی حکومەتی عێراق و لە ژێر پێداچوونەوەیەکی بەردەوام بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی لە ڕووی عەمەلییەوە. هۆکارێکی گرنگی دیکە بۆ هەڵوێستی پڕ لە تەحەفوزیان ئەو بیرۆکەیەیە کە پشتگیری لە پرۆسەیەك بکرێت تێیدا عێراقیەکان خۆیان بتوانن بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. لەبەر ئەوەی عێراقیەکان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەددامدا بێبەشبوون لە بەشداری کردن لە دەرکردنی بڕیارەکاندا. کەواتە خوڵقاندنی هەلومەرجێك لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەوەی ئەمە ڕوویدات باشترین ڕۆڵێکی کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی هەڵسێت.

**گوڵان:** ئەگەر ئێوە سەرۆکی لیژنەیەکی ستراتیژی بن لە عێراقدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو میزانیە گەورەیەی عێراقدا دەکەن؟

**ئەد میلکەرت:** لە ڕاستیدا چەند ئەولەویەتێکی هەیە، بەڵام دەبێت ئیعتیراف بەوە بکەین کە ئاسان نییە هاوسەنگیەك بدۆزرێتەوە لە نێوان پێویستی وەبەرهێنان لە ژێرخاندا لە ژێرخانی بەرهەمهێناندا، کە کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانیت

بناغەیەکی بەردەوام هەبێت بۆ گەشەکردنی ئابووری لە ئایندەدا، لەگەڵ پێویستی خەڵکدا کە زۆر بەپەلەیە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر هەن لــە عێراقدا کە هــەژارن، بەڵام خۆشبەختانە حکومەت هەوڵدەدات مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات بۆ ئەوەی رێژەی هەژاریی لە ساڵانی داهاتوودا کەم بکاتەوە، کە ئەمەش پێویســـتی بە وەبەرهێنانی باش لە قوتابخانە و مەنهەجی پەروەردەیی باشدا هەیە، هەروەها لە ئاو و تەندروســـتی و بە هەمان شـــێوە لە دۆزینەوەی هەلی کاردا، کە ئەمانە زۆر گرنگن، بەڵام ئاشکرایە کە باسکردنیان لە جێبەجێکردنیان ئاسانترە.

**گوڵان:** تـــا چەند یارمەتی عێراق دەدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیرهاب؟

**ئەد میلکەرت:** لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوار هەیـــە ئەندامەکان بتوانن زانیاری تێدا ئاڵوگۆڕ بکـــەن و ئامۆژگاری بگۆڕنەوە، ئەمە تەفاعولە دەســـتی پێکـــردووە، بەڵام


**ئاییندەی ناوچە دابڕاوەکان و پێوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ڕەهەندیان هەیە. کە ناکرێت پرسەکە بە سیغەی بەڵێ یان نەخێر چارەسەربکرێت. بەڵکو دەبێت چارەسەرەکە گشتگیربێت**

هێشـــتا تا ئاســـتێکی دوور نەڕویشتووە، ڕەنگـــە لەبەرئەوەبێـــت تا ئێســـتا ڕۆڵی ئەمەریـــکا ڕۆڵێکی تەواو زاڵـــە، ڕەنگە ئەمە بۆ داهاتووی عێـــراق گرنگ بێت. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسمانکرد، پێم وایە عێراقیەکان باش دەزانن کە ســـەرچاوەکانی تیرۆر چیـــن و دەبێت چی بکرێت و دەبێت حکومەتیـــش کار بکات بـــۆ ئەوەی بگاتە هۆکارە ڕیشەییەکانی.

**گوڵان:** تا چەنـــد ئەو لوتکەیەی بڕیارە لە عێراق ئەنجامبدرێت پەرە بە وەزعی ئەم وڵاتە دەدات لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە؟

**ئەد میلکەرت:** سەرەتا ئەمە ساتەوەختێکی گرنگە کە عێراق سەرۆکایەتی وەردەگرێت

**ناوی (ئەدریانۆس پەترۆس یڵهیڵمز میلکرت)ە لە شـــاری خاودای هۆڵەندایی لەناو خانەوادەیەکی ســـەر بە چینی مامناوەندی هاتۆتە دنیاوە، باوکی ئاد سەرتاشخانەی هەبووە، ئاد زانستە سیاسیەکانی لە زانکۆی ئەمستردام خوێندووە و لەو کاتەوەش چالاکوان و هەڵسوڕاوی حزبی رادیکالییەکان بووە، لەماوەی ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٠ پۆستی ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی پێوەندییەکانی لاوانی بۆ ڕێکخستنی کاروباری لاوان پێدراوە، لە ســـاڵی ١٩٨٢ چووەتە ناو پارتی کار و بە نوێنەرایەتی حزبەکەیەوە لە ســـاڵانی ١٩٨٦تا١٩٩٤ ئەندام پەرلەمان بووە، دواتر لە ساڵانی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٨ کراوەتە وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتـــی، دوای ئەوەش بووەتە ســـەرۆکی فراکســـیۆنی حزبی کار لە پەرلەماندا، ســـاڵی ٢٠٠٢ لە رۆژانـــی پێش هەڵبژاردنەکاندا بـــە شـــەنگەبیژی و گـــرژی زۆرەوە ڕووبـــەڕووی بیـــم فۆرتاونی سیاســـەتمەداری راســـتڕەو بۆتەوە، فۆرتاون بەر لە رۆژی هەڵبژاردن بەدەستی هەڵســـوڕاوێکی چەپڕەو تیرۆر کراوە بۆیە راگەیاندنەکانی نزیك بە فۆرتاون بەرپرسیارێتی تیرۆرکردنەکەیان وەئەستۆی ئاد ناوە، ئاکام لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکان حزبی کار نوشســـتی هێناوەو میلکرتیش وازی لە کاری سیاسی هێناوەو رووی کردۆتە کاروانێکی دیکەی پیشـــەیی، پێوەندی کردووە بە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و لەوێ کراوەتە جێگری سەرۆکی بەرنامەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، دواجار لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کرایە نوێنەری تایبەتی خۆیان لە عیراقدا .**



لـــە جامیعەی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی بە چاپۆشین لەوەی لە کوێ دەبەسترێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە عێراق شـــوێنی خۆی بەدەســـتهێناوەتەوە وەك ئەندامێکی ئاسایی ئەم جامیعەیە و کەســـانی بە توانای هەیە وەك وەزیـــری دەرەوە زێبـــاری و ســـەرۆك تاڵەبانی کە ســـەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوانە دەکەن. خاڵی دووەم پەیوەســـتە بە شوێنی گرێدانی کۆبونەوەکان کە حاڵی حازر کاری تێدا دەکرێت و من لەگەڵ زێباریدا قســـەم کردووە و ئەو گەشـــبینە، هەرچەندە دەبێت کاری زیاتریـــش بکرێـــت، کەواتە ئەگەر ئەنجامبدرێت ئەوا کارێکی سودبەخشـــە و دەبێتە هەنگاوێکـــی گرنگ بۆ عێراق لە ناوچەکەدا.

**ئەمە ساتەوەختێکی گرنگە کە عێراق سەرۆکایەتی وەردەگرێت لە جامیعەی عەرەبیدا. بە چاپۆشین لەوەی لە کوێ دەبەسترێت. ئەمە مانای ئەوەیە عێراق شوێنی خۆی بەدەستهێناوەتەوە**

**گـــوڵان:** تا چەنـــد کارتان کـــردووە بۆ یارمەتیدانی عێراق لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەگەڵ کویتدا هەیەتی؟

**ئەد میلکـــەرت:** ئەمە بوارێکی گرنگی کارکردنی یۆنامیە، من ســـاڵی پار ســـێ جار ســـەردانی کویتم کرد و بەم نزیکانەش ســـەردانی دەکەمـــەوە و مـــن لـــەم ڕووەوە تەفاعولێکی چالاکم هەبووە لەگەڵ بەڕێز زێباری و ســـەرۆك وەزیران مالیکیدا. من پێـــم وایە کاتی ئەوە هاتـــووە کە هەردوولا کۆتایی بە گومان بهێنرێت لە بارەی نیاز و بەرژەوەندیەکانەوە. لەبەر ئەوە گرنگە عێراق نامەیەك بنێرێت بۆ ئەنجومەنی ئاســـایش و سکرتێری گشـــتی نەتەوە یەکگرتوەکان تەئکید لەسەر ئەو سنوورە خاکی و ئاویانە بکاتـــەوە کە لە بڕیاری ٨٣٣دا هاتووە، من هیوادارم ئـــەوە ببێتە بناغەیەك بۆ پێوەندی ئاســـایی دووقۆڵی نێوان ئـــەم دوو دەوڵەتە دراوســـێیە. کە دواتر دەتوانرێت گفتوگۆ لە بارەی هەموو کێشەکانی دیکەوە بکرێت، لە نێویاندا گەیشتن و بەکارهێنانی بەندەرکان، کەســـە بێ سەروشـــوێنەکان و پاراســـتنی سنوورەکان. هەموو پێکهاتەکانی ئەم پرسە لە ئارادان، بەڵام مەســـەلەکە پێویستی بە متمانە و ئیرادەی سیاســـی هەیە، من پێم وایە ئێســـتا لە هەر کاتێکـــی دیکە زیاتر ئەم ئیرادە سیاســـیە هەیـــە، لەبەر ئەوە من گەشبینم کە ئەمە ڕووبدات.

**گـــوڵان:** ئایا هـــۆکاری چاوپێکەوتنی ئەمڕۆی (٢٠٠١/١/١٩) بەڕێزتان لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا چی بوو؟

**ئەد میلکەرت:** چەند پرسێك باسکرا، لە نێویاندا تەواوکردنی پێکهێنانی حکومەت بە تایبەتی وەزارەتە ئەمنیەکان و ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاســـەتە باڵاکان، هەروەها بەرنامەی داهاتوومان کە دەمانەوێت پەرەی پێبدەین و شـــەریك بدۆزینـــەوە بۆ ئەوەی بەشداربێت لەگەڵماندا، کە ئەم بەرنامەیەش پەیوەستە بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، وەك کەرکوك. کە ئاڵوگۆڕێکی زۆر سوودبەخش بوو کە دەبێتە ڕێبەری ئەنجامی کارەکانی زیاتر، ئێمە هەمیشـــە ئەمە لەگەڵ بەڕێز بارزانیـــدا ئەنجام دەدەین، بە هەمان شـــێوە لەگـــەڵ بەڕێـــز مالیکـــی و عەللاوی و سەرکردەکانی دیکەدا، بۆ ئەوەی بنکەیەکی فـــراوان پێکبهێنرێـــت لەســـەر چۆنیەتی هەنگاونان بۆ پێشـــەوە و ئەو ئەنجامانەی مومکینە لەم پرۆسەیە بکەونەوە.

**گوڵان:** ئایا ڕووداوەکانی تونس پەیامێك نیە بۆ ڕژێمە عەرەبیەکان و ڕای ئێوە چییە لە بارەی ئەم ڕووداوانەوە؟

**ئەد میلکەرت:** لە ڕاستیدا دەبێت هەمیشە بە حـــەزەر بین لە نەقڵکردنـــی ئەزموونی وڵاتێـــك بـــۆ وڵاتێکی دیکە. ئـــەوەی لە مـــاوەی کارکردنم لە بـــواری نێودەوڵەتیدا بۆم دەرکەوتـــوە ئەوەیە بە دڵنیاییەوە وڵاتان ســـەیری ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەکەن و خەڵکی موتابەعـــەی ڕووداوەکان دەکەن لە ڕێـــی ئەنتەرنێـــت و هۆکارەکانی دیکەوە، بەڵام مێژوو و بەرژەوەندی و میکانیزمەکان جیـــاوازن، تەنانـــەت لـــە نێـــوان وڵاتـــە دراوسێکانیشـــدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی وتمـــان، ئەوا بەرەوپێیشـــچوونەکانی تونس خواست و ئارەزوی قووڵی خەڵکی دەرخست بۆ گوزارشتکردنی ئازادانە لە خۆیان و بۆ خۆ ڕێکخســـتنیان لە چوارچێوەی پرۆسە دەستووریەکاندا، نەك دەستوورێك بێت تەنها ڕۆڵی شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی حکومڕان بدات. واتە پرۆســـەگەلێك بـــن چالاکیانە و تەندروســـتانە دیموکراســـی هەڵسوڕێنن، من هەرگیز بـــاوەڕم وانەبـــوو ئەمە تەنیا لە ئەمەریـــکا و ئەورووپادا هەیـــە، بەڵکو فۆرمەکە لـــە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. بەڵام خواســـتی گوزراشتکردن لە خۆت بەئازادی و خواســـتی خۆڕێکخستن بە ئـــازادی و ئەنجامدانـــی هەڵبژاردن و بوونی دامەزراوەی دیموکراســـی بەهایەکی جیهانیان هەیـــە. ڕووداوەکانی تونس هەمو ئەم پرســـانەی زەقکردۆتەوە و هێناونیەتیە پێشەوە.

**لە عێراقدا دەبێت بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت بەکاربهێنرێت. بەشێکیش لە سندووقدا بپارێزرێت وەك ئەزموونی نەرویج کە بەشێکی داهاتی نەوت و گازی ئەو وڵاتە لە سندووقێکدا دانراوەوە ئێستا گەورەترین سندووقی وەبەرهێنانە لە جیهاندا**

**گوڵان:** پەیامتان بۆ خەڵکی کوردســـتان چییە؟

**ئەد میلکەرت:** پەیامی من ئەوەیە کە بە ڕاستی گرنگە نەك هەر بۆ ئایندەی عێراق، بەڵکو بۆ ناوچەکە و بۆ تێکڕای جیهانیش کە ســـەرکردە و خەڵکی هەرێمی کوردستان بەردەوامبـــن لـــە گرتنەبـــەری فیدرالی کە حاڵـــی حازر لە ئارادایە بە چەشـــنێك بەردەوامبن لەسەر پشتگیریکردنی پرۆسەی بەرەوپێشـــچوون لە عێراقـــدا، لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکـــە مێژوویەکی دورودرێژەی هەیە کە لە دوای ســـاڵانی بیســـتەکانەوە کـــە لە ســـێ پێکهاتە پێکهـــات، هەروەها ئێســـتا ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کار لەگەڵ یەکـــدا دەکەین و کەمکردنـــەوە لە گرنگی ســـنوورەکان گرنگترە لە تەئکیدکردنەوە لە



سنوورەکان و بەهێزکردنی سنوورەکان، چ جا ئەوەی دیوار و بەربەست لەسەر سنوورەکان دروست بکەین. دروستکردنی دیوار لەسەر سنوورەکان ئەگەرچی لە ئێستاشدا ڕوودات، بەڵام ڕەفتارێکە بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە. کردنەوەی سنوورەکان و پێکەوەکارکردن و ژیان لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا و لە هەمان کاتتدا مانەوە وەك بەشێك لە عێراق هەنگاونانە بەرەو ئایندە. من لە ئەوروپاوە هاتووم کە جیلی من شایەتی بەدەستهێنانی گەورەترین دەستکەوتی دامەزراوەی و سیاسی بوون لە مێژوودا لە نێوان وڵاتانێکدا کە دوژمنی سەرسەختی یەکتربوون تاوەکو ساڵی ١٩٤٥، کە ئێستا بە چەشنێك کارلەگەڵ یەکدا دەکەن تەقریبەن وەك ئەوەی سنوور نەبێت لە نێوانیاندا، ئەمەش سەقامگیری و گەشەگردنێکی زۆری بۆ ناوچەکەی من و بۆ جیلیٚ دروستکردووە و من نازانم بۆچی ناتوانرێت ئەمەش لێرە ئەنجام بدرێت، کەواتە پەیامی من بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەم هەلە لەدەست مەدەن، چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە لە هەر هەلێکی دیکەی پێشووترتان گەورەترە.

**گوڵان:** ئایا تا چەند باوەڕتان بەو زانیاریانە هەبوو کە ویکلیکس بڵاوی کردنەوە؟

**ئەد میلکەرت:** من پێم وایە ئەمە بە چەشنی ئەوەیە کە تۆ لە چێشتخانەیت و دەرگا ژووری دروستکردنی خواردن کراوەتەوە و تۆش لێی دەڕوانیت، ئەمە هیچ شتێك لە سروشتی خواردنەکە ناگۆڕێت، بەڵکو تەنها بیرۆکەیەکت دەداتیٚ دەربارەی چۆنیەتی دروستکردن و ئامادەکردنی خواردنەکە لە لایەن چێشتلێنەرەکەوە، کە ئایا تۆ حەزی پێدەکەیت یان نا. من پێم وایە ویکلیکس پرسێکی وروژاند کە جێی گرنگیپێدانی هەموو لایەکە، ئەویش شەفافیەتە، لەبەر ئەوەی لە زۆرێك لە بەشەکانی جیهاندا نهێنیەکی زۆر هەیە، هەروەها هەمیشە کارێکی یارمەتیدەر نییە کە بەشێك بێت لە هەموو شت، کە دەرفەتی ئەوەت هەبێت قسە لەگەڵ گرووپگەلێکی بچوك بکەیت لەسەر ئەساسی متمانە، هەندیٚ جار ئەمە کارێکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام، کەواتە دەبێت هاوسەنگیەکی ڕاست و دروست بدۆزرێتەوە.

# کێشەکانی حکومەتی عێراق زۆرن و بە ئاسانی چارەسەرناکرێن



هەتا ئێستا مەسەلەی دەرکردنی یاسایەك بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دەرنەکراوە و ٩ پۆستی وەزارەت بەتاڵن و پڕنەکراونەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی خەریکە لەنێوان حکومەت و پەرلەماندا تەنگژەیەکی تازە سەرهەڵدەداتەوە، ئەمەش لەسەر ئەوەی ئایا دەستە سەربەخۆکان راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران یان پەرلەمانی عێراق دەبن، هەروەها رۆژانە کارە توندوتیژییەکان روو لە زیادبوونە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە پرۆسەکە لەسەر ئاستی سیاسیی و یەکلاییکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان بەرەو پێشەوەچوون بەخۆیەوە نەبینێت، سەبارەت بەم پرسە ئاڵۆزە بەڕێز شێخ جەلالەدین سەغیر پەرلەمانتاری عێراقی لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی بەمجۆرە سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (ئێمە بە نیگەرانییەکی تێکەڵ بە گەشبینییەوە لەم پرسانە دەڕوانین، لەبەر ئەوەی ئەمە رەنگدانەوەی ئەوەیە کە هێشتا ناکۆکییەکان لەنێو لایەنەکاندا ماون و هێشتا بێ متمانەیی تەحەکوم دەکات، ئەمەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بەشێوەیەکی سرووشتی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەدای حکومەت لەهەموو قۆناغەکانی بەردەمیدا، بەتایبەتی ئێمە دەزانین تەحەددیاتی بەردەمی حکومەتەکە کەم نین، کە پێویستی بە کۆششێکی گەورە هەیە بۆ کامڵکردنی تەوافوقە سیاسییەکە پێش گەیشتن بە تەحەددیاتەکان. بۆ نموونە رێککەوتنە ئەمنیەکە دەبێت مایەی مشتومڕێکی زۆر لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا و حکومەت دووچاری کێشەیەکی گەورە دەکات، ئەمە ئەگەر پێشتر تەوافوقی سیاسی نەهاتبێتە ئاراوە. لەهەمان کاتدا کێشەی خزمەتگوزارییەکان لە ئارادایە، لەم رووەوە رووداوەکانی تونس بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی عێراق، ئێمە دەزانین خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی خراپدان و چەندین کێشە لە ئارادان. ئەوەی لە کەرکوك روویدا بەهۆی کێشەی کارەباوە، ئاماژەیە بەم کێشەیە لە باقی پارێزگاکانی دیکەدا. لەبەر ئەوە لەسەر حکومەت و لایەنە سیاسییە بەشدارەکان پێویستە کار بۆ گەیشتن بە تەوافوقی سیاسی بکەن، کە جگە لە رێی سازشکردنەوە یاخود قوربانیدانەوە بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی هاووڵاتیانەوە نەبێت روونادات. باوەڕم وانییە لە ئێستا دۆخەکە بە شێوەیەك بێت رەنگدانەوەی تەفاهوم بێت لەنێو لایەنەکاندا)).

بێگومان شیخ جەلالەدین ئەو راستیەی لە گوڵان نەشاردەوە کە ئەو تەنگژانە بوونیان هەیە و ئەگەری ئەوەی هەیە ئەگەر لایەنە سیاسییەکان بەزوویی نەگەنە چارەسەرێك، ئەوا ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتیش کە رەوشی ئەمنی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، سەبارەت بەلایەنی ئەمنیش شێخ جەلالەدین سەغیر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بە گوڵانی راگەیاند: (ئەم رووداوە ئەمنیانە چاوەڕوانکراون، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکان



**شێخ جەلالەدین سەغیر بۆ گوڵان:**

**هێشتا ناکۆکییەکان لەنێو لایەنەکاندا ماون و بێ متمانەیی تەحەکوم دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەشێوەیەکی سرووشتی رەنگدانەوەی لەسەر ئەدای حکومەت دەبێت**

ئامانجی هێزە ئیرهابیەکانن. بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەری ئەم رووداوانە زیاتر دەکات درێژبوونەوەیانە بۆ تکریت و ئەنبار _ کە سوپاس بۆ خوا لە موسڵ رووداوێکی لەم چەشنە روویندا، هەروەها ئەوەی لە دیالە و کەربەلا روویدا نموونەی ئەم هەڵکشانەن، بەڵام ئەگەر لە تێکڕای دۆخی ئەمنیەکە بڕوانیت، ئەوا پاشەکشەیەکی بەرچاوی هێرشە تیرۆریستییەکان دەبینین، ئەمە سەرەڕای بوونی رووداوی ئیغتیالات و رووداوی دانانەوەی بۆمبی سەر رێگەکان لە شاری بەغدا بە دیاریکراوی، بەڵام بە تێکڕایی ئەگەر خوێندنەوە بۆ دۆخە ئەمنیەکە بکەین، پاشەکشەیەکی بەرچاو دەبینین لە توانای رێکخراوی ئەلقاعیدە و رێکخراوە هاوپەیمانەکانی، ئەگەرچی بوونی حاڵەتی بێزاری ناشارمەوە بەهۆی ئەو ئیختیراقاتانەی لە دەزگا ئەمنییەکاندا روودەدات، بۆ نموونە ئیغتیالکردنی گەورە ئەفسەرەکان لەهەندێ دەزگا ئەمنیە دیاریکراوەکاندا، بۆ توانای رێکخراوی ئەلقاعیدە ناگەڕێتەوە، بەڵکو زیاتر بۆ ئەو ئیختیراقاتە دەگەڕێتەوە کە لە دەزگا ئەمنیەکاندا هەیە)).

لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ هەڵکشانی کارە توندوتیژییەکان کۆمەڵێك هۆکاری لەپشتەوەیە کە هەندێك پێیانوایە ئەو کێشە و ململانێی سیاسییەش کاریگەری لەسەر ئەو رەوشە هەیە، بەڵام کازم شەممەری پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە هۆکاری ئەم هەڵکشانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناسەقامگیری وەزارەتە ئەمنییەکان و باری سیاسی عێراق بە سەقامگیر لە قەڵەمدەدات و لەم چوارچێوەیەدا و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان، بەمجۆرە رای خۆی بۆ خستینەڕوو وتی: (یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵکشانی توندوتیژی و زیادبوونی کارە خۆکوژییەکان و کردەوەی گروپە چەکدارییەکان بۆ ناسەقامگیری وەزارەتە ئەمنییەکان دەگەڕێتەوە، کە دەبێت بە چەشنی وەزارەتەکانی دیکە سەقامگیربن، دیاری نەکردنیشیان تا ئێستا رەنگدانەوەی ئەو قەیرانی بێ متمانەییە کە هەیە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ئێمە ئومێدەوارین لایەنە سیاسییەکان بتوانن لەسەر بنەمای نییەتپاکی ئەم متمانەیە بنیاد بنێین و لەسەر ئەساسی مسداقیەت بێت، بەڵام هۆکاری بێ متمانەییەکە بە پاڵێوراوێکی دیاریکراو ئەوە بێت کە لەلایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە دەستنیشانکراوە، ئەمە دەبێتەهۆی قەیراناوی کردنی دۆخەکە و بواری بەرفراوانیش دەکاتەوە لەبەردەم گروپە چەکدارەکاندا بۆ دۆزینەوەی کەلێن و سوودوەرگرتن بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانیان)).

سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراق کازم شەمەری لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە تیشکی خستە سەر باری پرۆسە سیاسییەکە و وتی: (پێموایە دۆخی سیاسی سەقامگیرە، بەڵام دواکەوتنی ئیقرارکردنی بودجە و دواکەوتنی دیاریکردنی وەزیرەکانی وەزراەتە ئەمنییەکان و وەزارەتەکانی دیکە رەنگدانەوەی سلبیان دەبێت لەسەر ئەدای حکومەت و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر دۆخە





محەمەد سەهیود بۆ گوڵان:

# ئەو پرۆژە یاسایەی تا ئێستا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان دانراوە هاودژییەکی گەورەی تێدایە لەگەڵ دەستووردا

ئەمە مانای ئەوەنییە کە هەل و مەرجی سیاسی لە عێراقدا ناسەقامگیرە، بەڵام هیواداریین سیاسییەکان ئەدایەکی باشتریان هەبێت لەو ئەدایەی ئێستا هەیانە. ساڵانی پێشوو بودجە بێ پێشکەشکردنی حساباتی کۆتایی لەلایەن حکومەتەوە پەسەند دەکرا، کە ئەنجومەنی نوێنەران داوای لە حکومەت کرد حساباتی کۆتایی هەر وەزارتێك بە جیا پێشکەش بکرێت، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە، ئەو حساباتانە پێشکەش کران، بەڵام وەڵامدانەوەی هەندێ لە پرسیارەکان جێی قەناعەتی لیژنە پەرلەمانییەکە نەبوون و گەڕێنرانەوە بۆ حکومەت)).

لە چوارچێوەی ئەو بارەی هەردوو پەرلەمانتار ئاماژەیان پێکرد، دەبێت دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان جەخت لەسەر ئەو پرسە گرنگانە بکاتەوە تابتوانێت بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پەرلەمانتار محەمەد سەهیود لە لیستی دەوڵەتی یاسا سەبارەت بە دانیشتەکانی داهاتووی پەرلەمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان، زیاتر جەخت لەسەر سەرۆکایەتی لیژنەکان دەکاتەوە کە پەرلەمانی عێراق ناتوانێت بە کار و ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت ئەگەر پرسی پێکهێنانی لیژنەکان یەکلا نەکاتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی پەرلەمان بە رۆڵی تەشریعکردن و چاودێریکردن هەڵبستێت. هەروەها خوێندنەوەی دووەمی یاسای بودجە بۆ ئەوەی هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بگەنە رێککەوتن و تەرحکردنی هەموو ئەو بۆچوونانەی هەیانە و ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەبارەی بودجەوە، بۆ ئەوەی بگەینە باشترین شتێك کە مومکین بێت تاوەکو دەنگی لەسەر بدەین. ئەمە دوو خاڵی سەرەکین پەرلەمان لە دوای کۆتایی هاتنی پشوو کاریان لەسەر دەکات. هەروەها ئەرکەکانی دیکە بریتین لە تەواوکردنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و دانانی وەزارەتە ئەمنی و غەیرە ئەمنییەکان)).

سەبارەت بەو کۆسپانەی بوونەتە رێگر لەبەردەم پەسەندکردنی بودجە و ئیشکالیەتی نێوان هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش، پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا ئەو مەسەلەیەی بەگرفت لە قەڵەم نەداو بەمجۆرە رای خۆی لەسەر ئەو پرسە روونکردەوە و وتی: (هیچ ئیشکالیەتێك نییە لەبارەی بودجەوە، بەڵام هاوپەیمانی کوردستانی تێڕوانینی خۆی هەیە و هاوپەیمانی نیشتمانیش تێڕوانیی خۆی هەیە، لە راستیدا هەموو لایەك پێویستیان بەوە هەیە بیروبۆچوونی جیاواز تەرح بکەن بۆ ئەوەی باشترین بودجە پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوەی بودجەی ساڵی ٢٠١١ بە گەورەترین میزانیە لە مێژووی عێراقدا دادەنرێت. کە لە رێیەوە دەتوانین ئەو پاشماوە قورسەی رابردوو چارەسەربکەین و هەلی دامەزراندن بکەینەوە و کار بۆ نەهێشتنی بێکاری بکەین و دەتوانین باشترین خزمەتگوزاری بە خەڵکی عێراق پێشکەش بکەین، ئەمە ئەگەر توانیمان بەباشترین شێوە ئیستیغلالی بکەین و بە عەدالەت دابەشی بکەین. کەواتە ئەم میزانیەیە بۆ خەڵکی عێراق گرنگە، پێموایە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا هیچ رێگەچارەیەکمان لە پێش نییە جگە لە کۆتایی هێنان بە نەهامەتییەکانی خەڵکی عێراق، ئەویش لە بواری کارەبادا بێت، یاخود لە بواری نەهێشتنی بێکاری و چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون و باشترکردنی ئاستی مووچە، کە باوەڕمان وایە دەکرێت لە رێی ئەم میزانییەوە ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن)).

لایەنێکی دیکە کە هەتائێستاش بەتەواوەتی یەکلایی نەبۆتەوە، مەسەلەی ئەو یاسایەیە کە پێویستە بۆ دامەزراندنی هەیکەلەی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دابڕێژرێت، لەمبارەوە محەمەد سەهیود بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە رای خۆی دەربڕی بۆمان و وتی: ((باوەڕم وایە _ئەمە تێڕوانینی شەخسی منە_ ئێمە ناتوانین لە پەرلەماندا یاسایەك بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە






## کازم شەمەری بۆ گوڵان:

# یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵکشانی توندوتیژی و زیادبوونی کارە خۆکوژییەکان و کردەوەی گرووپە چەکدارییەکان بۆ ناسەقامگیری وەزارەتە ئەمنییەکان دەگەڕێتەوە

بـــاڵاکان دابنێین کە پێچەوانە و ناکۆك بێت بە دەستوور، بە حوکمی ئەوەی هەر یاسایەك پێچەوانەبێـــت لەگـــەڵ دەســـتووردا، ئەوا پوچەڵە. ئەو پڕۆژە یاســـایەی تا ئێستا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان دانـــراوە، یەکتربڕینێکی گـــەورەی تێدایە لەگەڵ دەســـتووردا. لەبەر ئەوەی بەشـــێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و تەنانەت دەسەڵاتی قەزائیشی لە خۆگرتووە و هەرسێ دەسەڵاتەکە لە سایەی یەك دەســـەڵاتدا کۆدەکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەم رەشنووســـە چەندین خاڵ و ماددەی تێدایە پێچەوانـــە لەگەڵ دەســـتووردا و پێموانیە بتوانرێت بەم شێوەیە یاسای بۆ دەربکرێت. کە ئەگەر پێداگیری بکرێت لەسەر تێپەڕاندنی ئەم یاســـایە، ئەوا ئەمە لەســـەر حســـابی سیســـتمە دیموکراتیەکە و لەســـەر حسابی دەستوور دەبێت. لەبەر ئەوەی بەو سیغەیەی ئێســـتای بریتییە لـــە حکومەتێك لە پاڵ حکومەتی مەرکەزیدا و ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازکردنـــی حکومەتی مەرکـــەزی، لەم روانگەیەوە پێموایە ئـــەم ئەنجوومەنە تەنیا ئەنجوومەنێکـــی راوێژکارییە و لە پرســـە سەرەکی و ســـتراتیجییەکاندا، وەك مەسەلە ئابوورییەکان و پێوەندییەکانی دەرەوە و بوارە خزمەتگوزارییـــەکان و هەمـــوو بوارەکانی راوێژ پێشـــکەش بە حکومـــەت دەکات و راوێژەکانیش مولزەم نابن و دەکرێت پەیڕەوی ناوخۆییشی هەبێت)).

ئـــەوەی دەمێنتـــەوە لەبەردەمـــی دانیشـــتەکانی داهاتووی پەرلەمان پرسی گرنگی یەکلاییکرنەوەی پۆســـتی وەزارەتە ئەمنییەکانە، کەئەمەش زیاد لەماوەی خۆی درێژەی کێشاوە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا ئایا چۆن ئەم کێشـــەیە یەکلاییدەکرێتەوە؟ محەمەد ســـەهیود پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بەمجۆرە وەڵامیدانەوەو وتی: (هۆکارە راســـتەقینەکە ئەوەیـــە بتوانین باشـــترین کەسایەتی هەڵبژێرین، لەبەر ئەوەی مەلەفی ئەمنی مەلەفێکی زۆر گرنگە و قۆناغی داهاتـــوو لە هەمـــوو بوارەکاندا قۆناغێکی گرنگـــە لە مێـــژووی عێراقدا، لـــە بوارە سیاسی، ئابووری و پێوەندیەکانی دەرەوەدا. ناکرێت لەم بوارانەدا گەشـــەبکەین ئەگەر دۆخێکی ئەمنی سەقامگیر بوونی نەبێت، واتە دەبێت ئاســـتێکی باڵای سەقامگیری هەبێـــت، ئەمـــەش لـــە رێـــی کۆمەڵێك ئیجرائاتـــەوە دەکرێـــت، وەك بنیادنانەوەی دەزگا ئەمنییـــەکان لەســـەر بناغەیەکـــی میهەنـــی و نیشـــتمانی، هەروەهـــا دەبێت وەزیرەکانیش ئاســـتێکی باڵای کەفائەت و میهەنیەتیان تێدابێت و تا رادەیەکی گەورە بێلایەن بن بۆ ئەوەی بتوانن دۆخە ئەمنیەکە ببەنە ئاستێکی باڵاتر، ئەمە ئەگەر نەتوانرا بە تەواوەتی بێلایەن بن. کەواتە هەڵبژاردنی باشـــترین کەســـایەتی لەم رووەوە پێویستی بـــە کاتـــە و دەبێت لایەنەکانیـــش زیاتر لە کەســـێك بپاڵێون بۆ ئەم پۆستانە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەبارەوە و بکەین و باشـــترینیان هەڵبژێریـــن. دەتوانم بڵێـــم ناکۆکی لەنێوان لایەنەکانـــدا نییە لـــەم روەوە، لەبەر ئەوەی هەموو لایەك لەســـەر ئەوە کۆکن دەبێت ئەو کەسانە سەربەخۆ و میهەنی بن، ئەگەرچی تێگەیشـــتنی لایەنەکان بۆ سەربەخۆیی و میهەنیەتیش جیاوازبێـــت، کە رەنگە ئەمە دووچاری ئیشـــکالیەتمان بـــکات، پێموایە دەبێت بەلای کەمەوە لەم وەزارەتانەدا بوارێکی ئازادی بدەین بە سەرۆك وەزیران بۆ ئەوەی وەزیرە ئەمنییـــەکان هەڵبژێردرێت، ئەویش بە پاڵاوتنی زیاتر لە کەســـێك لە لیســـتی ئەلعێراقیە یاخود هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ وەزارەتـــی بەرگـــری و ناوخۆیی. هەربۆیە ئەگەر مەســـەلەکە بۆ لیســـت و لایەنەکان جێبهێڵرێت، ئەوا مەسەلەکە درێژە دەکێشێت، لەبەر ئەوەی هەر کوتلەیەکی سیاسی خوازیارە ئەو کەسە ئەم پۆستە بگرێتە دەست کە ئەو پەســـەندی دەکات، بەڵام پێموایە دەبێت ئەم مەسەلەیە لە نزیکیترین دەرفەتدا چارەسەر بکرێت و نابێت لەم رووەوە ســـەرۆك وەزیران بکەوێتە ژێر فشاری لایەنە سیاسییەکانەوە لە هەڵبژاردنی وەزیرە ئەمنییەکاندا)).

# (٢) رووداوی کە جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

لــە یەك دوو هەفتەی رابــردوودا (٢) رووداوی گرنگ جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژانـد. رووداوی یەکەمیان تایبەتە بە ئەنجامدانی راپرسی لە باشـووری سـودان دەربارەی مانەوەی هەرێمەکـە وەك بەشـێك لـە دەوڵەتی سـودان یان جیابوونەوە لە سـودان و دامەزراندنـی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. رووداوی دووەمیش تایبەتە بە راپەرینەکەی گەلی تونس دژی سـەرۆکی ئەو وڵاتە و خانەوادە و پارتەکەی، کە بۆ ماوەی (٢٣) سـاڵ مۆنۆپولی هەموو جۆرەکانی دەسـەڵاتیان لەو وڵاتە کردبوو. بە بۆچوونی ئێمە گرنگـی ئەم (٢) رووداوە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە بریتین لە:

- بۆ یەکـەم جارە لە مێژووی جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا ئەم جۆرە رووداوانە روودەدات و دەرئەنجامـە دەرکەوتووەکان و چاوەڕوانکراوەکانیش بەو شێوەیە بێت.

- ئەو هــۆکارە تایبەتی و ناوخۆییانەی کە بوونە مایەی روودانی ئەم (٢) رووداوە گرنگە، بە شێوەیەکی فراوان بوونیان هەیە لەجیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، وەك دوواتر ئاماژەی بۆ دەکەین، بۆیە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان و کاریگەریەتی گرنگیان لەسـەر دەوڵەتانی جیهانـی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت.

- هەرچەندە بــە رووالەت هــۆکاری تایبەتی و ناوخۆیی رۆڵی سـەرەکی بینیووە، بەڵام لە راستیدا، و لە هەر (٢) رووداوەکەدا، بێ هاریکاری فاکتەری دەرەکی و نێودەوڵەتی نەدەکرا کە چاوەڕوانی ئەنجامدان و دەرئەنجامەکان بین بەو شێوەی کە بینیمان.

- نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر (٢) رووداوەکەدا، ئەو سـنوورەی بەزانـد کە پێیدەوترێت سـەروەریی نیشـتمانی دەوڵەتـان، و راسـتەوخۆ لـە رێگەی لێدوانەکانی سکرتێری گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو بەیاننامانەی کــە بەبۆنەی ئەو (٢) رووداوە دەریدەکــرد، بــە شـێوەیەکی کارا بەشـداریکرد لە دیاریکردنی ئاراسـتەی رووداوەکان و گەیشـتن بە دەرئەنجامەکانی.

لێرەدا بە پێویسـتی دەزانین کە تیشك بخەینە سەر هــەر (٢) رووداوەکە و هەندێك زانیاری پێویسـت دەربارەیان بۆ خوێنەری ئازیز باس بکەین.

رووداوی یەکەم تایبەتە بە ئەنجامدانی راپرسی لە باشووری سودان دەربارەی مانەوەی هەرێمەکە وەك بەشـێك لە دەوڵەتی سودان یان جیابوونەوە لە سودان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ. دانیشتوانی هەرێمی باشووری سودان لە رووی نەتەوە و ئاینیەوە جیاوازن لە دانیشـتوانی باکووری سودان. ئەوان نە عەرەبــن و نە موسـڵمانن و هەرچەندە هەرێمەکەیان دەوڵەمەندترین هەرێمی سودانە و خاوەنی سەرچاوەی سرووشـتی گرنگە، (ئاو، نەوت، لەوەڕگا، خاکی بە پیت....تاد)، بەڵام بەهۆی سیاسـەتی شۆڤێنی و رەگەز پەرستی دەسەڵاتدارانی باکوور دواکەوتووترین هەرێمی سودانە.

ئەم راپرسـیە بۆ دەستنیشـانکردنی چارەنووسی هەرێمی باشووری سـودان لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە لـە رێککەوتننامەی ئاشـتی سـاڵی (٢٠٠٥)ی نێوان حکومەتی سـودان و بزووتنـەوەی میللی بۆ رزگارکردنی سودان بریاری لەسەر درابوو، کە دەبێت دوای تێپەڕبوونی (٥) ساڵ بە سەر رێککەوتننامەکەدا راپرسییەك بۆ خەڵکی باشوور ئەنجام بدرێت دەربارەی ئارەزووی مانەوە هەرێمەکەیان وەك بەشێك لە سودان یان جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بێگومان حکومەتی باکوور، کە بە ناچاری و لەژێر گوشاری خەباتی چەکداری چەند ساڵەی دانیشتوانی باشووری سـودانـدا رێککەوتننامەکەی واژۆکردبوو، لە ماوەی ئەو (٥) سـاڵەدا بەبـەردەوام هەوڵی دەدا پاشگەزبێتەوە لە جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە، و راپرسیەکە ئەنجام نەدرێت. هەموو دەوڵەتانی عەرەب و گەلانی عەرەبیش، وەك هەڵوێسـتی داگیرکەران، بێ رەچاوکردنی خواسـت و ئارەزووی باشوورییەکان و ئەو جەور و ستەمەی کە بە درێژای فەرمانڕەوای عەرەبـی بەرامبەریـان کـراوە، دژی ئەنجامدانی راپرسـیەکە و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوکەی بوون و داوای ئەوەیـان دەکرد کە پێ دەڵێن، « پاراسـتنی یەکیەتی نیشتمانی سودان».

فاکتەری دەرەکی لەگەڵ باشوورییەکان بوو. نەتەوە یەکگرتـووەکان، ئەمریـکا و یەکیەتی ئەوروپا، وەك چەند مانگێك لەمەوبەر لە وتارێکدا کە لەم گوڤارەدا بڵاوکراوەتـەوە لەژێـر ناونیشـانی، «ریفراندومی باشووری سـودان و ریفراندومی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان» ئاماژەمان بۆ کردووە، بە توندی پشـتگیریان لە ئەنجامدانی راپرسیەکە و رازی بوون

به دەرئەنجامــە چاوەڕوانکراوەکەی دەکرد. دەوڵەتانی ئەفریقی دراوســێی هەرێمی باشــووری سودانیش پێشــوازیان لەم هەڵوێستە کرد. حکومەتی سودان، و هەموو جیهانی عەرەب، ناچار کران کە راپرســیەکە لەکاتــی خۆیدا ئەنجــام بدریت و بــە دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکــەی رازیبن. بــۆ رێگەگرتنیش لە هەموو جۆرە ســاختەکارییەك، نەتەوە یەکگرتووەکان و رۆژئــاوا لە نزیکــەوە چاودێــری بەرێوەچوونی راپرســیەکەیان کرد کە باشــوورییەکان بە رێژەیەکی فــراوان، بەرزتر لە (٨٣٪)، بەشــداریان تیادا کرد. دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی راپرسیەکە، وەك چاوەڕوان دەکرا، ئاماژە دەکات کە (٩٩٪)ی دەنگدەران دەنگیان بــۆ جیابوونەوەی هەرێمی باشــوور و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ داوە کە رووبەرەکەی سێ یەکی رووبەری سودان دەبێت.

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە هانی باشوورییەکانی دا دەنگ بۆ جیابوونەوە لە ســودان بدەن، وەك خودی باشــوورییەکان دەڵێن، بریتین لە: (چەوســاندنەوەی نەتــەوەی و ئایینی، تەماشــاکردنیان بە هاوواڵتی پلــە دوو، بایەخ نــەدان بە گەشــەپێدانی ئابووری هەرێمەکەیــان، دابین نەکردنــی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشــتوانی هەرێمەکە). پرسیار ئەوەیە گەر ئەم هۆکارانە هۆکاری جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی ســەربەخۆبن، دەبێت چەند هەرێمــی تر لە جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بگرە لەناو خودی سودانیشدا، مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی ســەربەخۆیان هەبێت؟ ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەم خواست و ئارەزووەکانیانەوە دەچێت و پشتگیریان لێدەکات وەك چۆن لە دانیشتوانی باشووری سودانی کرد؟ چۆن دەکرێت کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی ناچار بکرێت پشــتگیری لە داخوازیــە رەواکانی گەلانی ژێردەستە و نیشتمانی بە زۆر لکێنراویان بە دەوڵەتانی ترەوە بکات؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن بەدوای وەڵامی گونجاودا دەگەڕێن.

رووداوی دووەم تایبەتە بــە راپەڕینەکەی گەلی تونس، کە «محەمەد ئەبول عەزیزی» لاوی تەمەن (٢٦)ســاڵ بە ســووتاندنی خۆی گڕ و بڵێسەکەی داگیرســان، و دەرئەنجامەکەیشــی بە سەرکەوتنی گەلــی تونــس و راکردنی ســەرۆکی تونس (زین العابدین بن علی و خانەوادەکەی) بۆ عەرەبســتانی ســعودی کۆتایی هات، دوای ئەوەی چەندین وڵات ئامادە نەبوون تەنانەت وەك مرۆڤێکی ئاسایی دالدەی بــدەن. بە رێکەوت پێش راپەڕینەکە، بە مەبەســتی بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی زانستی، لە تونس بووم. ئەوەی کە لەوێ بینیم و بیســتم، «زین العابدین بن علی»، «سەدام» یکی بچووکی جارانی ئێمە بوو. تونســییەکان وەك خۆیان دەڵێن راپەڕین و شۆڕشیان کردووە دژی:

- تاکە سەرۆك و تاکە پارتی فەرمانڕەوا.
- مۆنۆپۆلکردنی دەســەڵات و ئابووری لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی خێزانەکەی.
- خنکاندنی ئازادییەکان.
- دانانی سانســۆر لە ســەر میدیاکان و بیروڕا دەربڕین.
- دوورخستنەوەی ئۆپۆزسیۆن و لەناوبردنی.
- بێکاری.
- گەندەڵی و گرفتە ئابوورییەکان.

راپەڕینەکــەی گەلــی تونس، کــە ژمارەی قوربانیانــی لەنێــوان (٧٥-١٠٠) کــەس دەبوو، ســەرکەوتنی بەدەست هێنا. فاکتەری دەرەکی، کە خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و یەکیەتی ئەورووپا دەبینێتەوە، پشتگیری لە راپەڕینەکە کرد و رێگەی نەدا بە دیکتاتۆری تونس، وەك دەیویست، هێز بەکاربێنێت و سەرکوتی راپەڕینەکە بکات.

ئەو بارودۆخەی کە تونسییەکان راپەڕینیان لەدژی ئەنجامدا لە ژمارەیەکی دیاری دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، بۆیە لەلایەن گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، گەلانی عەرەبی بە تایبەتی، پشتگیری لێکرا. خۆپیشاندان و خۆســووتاندن لــە چەندین دەوڵەتــی عەرەبی، (میسر، جەزائر، ئوردن، یەمەن، موریتانیا....تاد)، ئەنجام درا بەمەبەســتی پشتگیریکردن و گەیشتن بە هەمان دەرئەنجامی راپەڕینەکەی تونس.

بێگومــان راپەڕینەکــەی گەلــی تونــس کاریگەریەتــی دیــاری دەبێت لەســەر جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دیکتاتۆرەکان و دەســەڵاتداران لە جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناچار دەبن کە بە هەڵوێستیاندا بچنەوە و ملکەچی بەشێك لە داوکارییەکانی گەلان بن. هەر دوێنی بۆ ســەرۆکەکانی دەوڵەتانی عەرەبی، کە بەشداریان دەکرد لە «کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی ئابووری و گەشــەپێدان» لە «شەرم ئەل شێخ»، ناچاربوون کــە ئەجنــدەی کۆنگرەکەیان بگۆڕن و باسی چارەســەرکردنی گرفتی «بێکاری» و گرفتە ئابوورییەکانی تری کۆمەڵگەکانیان بکەن.

دیســان پرســیار ئەوەیــە ئایــا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەم خواســت و ئارەزووەکانی گەلانی جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەچێت و پشــتگیری لە خۆپیشــاندانەکانیان و داواکاریە رەواکانیــان دەکات، وەك چــۆن پشــتگیری لــە راپەڕینەکەی گەلی تونس کرد؟ یان هەڵوێســتی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی هەڵوێســتێکە دووبارە نابێتەوە و تەنیا زەنگێك بووە بەگوێ دەسەڵاتدارانی ناوچەکــەدا درا بــۆ مەبەســتێکی دیاریکراو؟ بێگومانین لە داهاتوویەکــی نزیکدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.





# پڕۆژەکانی پیرەمەگروون بە

دروســتکردنی ئۆردوگا لەلایەن رژێمی بەعســەوە بە تیرێک لێدانی دوو ئامانج بوو، یەکەمیان دوورخستنەوەی خەڵکی گوندەکان لە هێزەکانی پێشــمەرگەی کوردستان، دووەمیان لەناوبردنی رۆحی ئینتیمابوونی خەڵکی گوندیی بۆ خاک و نیشتمانی داگیرکراویان، ئەو خەڵکانەی بە وەرزێری و کشتوکاڵەوە خەریک بوون، کاری رۆژانەیان وای لێدەکردن لە رۆحەوە وابەستەی خۆڵ و کانی و خاک بن، ئەم وابەستەبوونەشیان بە زیانی ئامانجەکانی شۆڤینیستانی بەعس دەکەوتەوەو هاوکات بە قازانجی هێزە سیاسییەکانی کورد بوو، بۆیە لە رێی زەبر و ســوپاوە سیاسەتی زەوی ســوتماک لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە دژ بــە گوندەکان پیادەکــران و جگە لە ئەنفالکردنــی دەیان هەزار خەڵک بە دەیــان هەزاری تریان خزێنرانــە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان و کەوتنە ژێــر کۆنترۆڵی نیزامیەوە و لە زۆربەی خزمەتگوزارییە ئینسانییەکانیش بێبەشــدەکران، ئۆردوگای پیرەمەگروون یەکێک بوو لەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە خەڵکەکەی لە گوندەکانەوە راگوێزرابوونە پشتی سیمدڕکی رژێم، لەکاتێکدا دوای راپەڕین هەوڵی زۆر بۆ گەڕانەوەی خەڵک بۆ گوندەکان دەدرا، بەڵام (چەندین هۆکار کە لێرەدا جێی باسمان نییە)، وای لە زۆربەی نیشتەجێی ناو ئۆردوگاکان کرد نەچنەوە بۆ دێکانی خۆیان، ئێستا ئەو ئۆردوگایەی جاران کە لە دەشــتاییەکی خوار چیای پیرەمەگروونەوە بە نارێکی و ناشارستانی کۆکراونەتەوە شارۆچکەیەکە بەناوی شــارۆچکەی پیرەمەگروون، زیاتر لە شــەش هەزار ماڵی تێدایە، ژمارەی دانیشتووانی سی و یەک هەزار و پێنج ســەد کەس دەبێت و(٤٥) گوند لە ســنووریدایە، هەر هەموو گوندەکانی ئاوەدانن،







# بودجەی ناحیە بەڕێوە ناچن

پیرەمەگروون لەسالی(١٩٨٨) لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەئەنجامی رووخاندن و راگواستنەوەی خەڵکی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و سورداش، کراوەتە کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ، لەسەرەتادا لەژێر خێوەتدا بوون، پاشان خەڵکەکە بەرە بەرە خانوویان بۆ خۆیان دروست کردووە، لە دوای راپەڕینەوە تا سالی (٢٠٠٠) هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەبووە کە ئۆردوگای پیرەمەگروون لەسەر نەخشە نەمێنێت و خەڵکەکە بچنەوە بۆ شوێن و گوندەکانی خۆیان، بەڵام خەڵکەکە لەبەر هەژاری و کەمدەرامەتی و نەبوونی هاوکاری و پاڵپشتیکردن، نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە. لە دوای سالی (٢٠٠٠)ەوە ماوەیەک ئەم ئۆردوگایە کراوە بە ناحیەی سورداش، پاشان بوو بە ناحیەی پیرەمەگروون، سنووری ناحیەی پیرەمەگروون جگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و زیاتر گەنم و جۆ و جۆرەکانی تری دانەوێڵەی لێ دەچێندرێت، هەروەها ناوچەکە شاخاوییە و دیمەنی جوان و شوێنی گەشتیاری و شوێنەواریشی هەیە، کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەهیچ جۆرێک گرنگی پێنەدەدرا و لە دوای راپەڕینەوەش تا سالی (٢٠٠٠) تاوەکو خەڵکەکە بۆ گوندەکانی خۆیان بگەڕێنەوە هەر وەکو ئۆردوگا ماوەتەوە و زۆر گرنگی پێنەدراوە، بۆیە لە زۆربەی کارە خزمەتگوزارییەکان بێبەش بوون، ئێمە وەکو تیمی (گوڤاری گوڵان) لە سەردانێکی شارۆچکەی پیرەمەگروون دا، بۆئەوەی لە نزیکەوە کەموکوڕی و کێشە و گرفتەکانی شارۆچکەکە بزانین و گلەیی و گازاندەی چەند هاووڵاتییەکمان وەرگرت، ئەو هاووڵاتییانە لە قسەکانیشیاندا ئاماژەیان بە خراپی ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و کۆڵانەکانیان کرد و گلەییەکی زۆریان لە کارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی کرد بەتایبەتی لە کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵ و خاشاک و مانەوەی زبڵەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەردەمی ماڵەکانیان، لەگەڵ هاووڵاتییان چووینە چەند کۆڵان و گەڕەکێک بۆ ئەوەی بەچاوی خۆمان وەکو شایەتحاڵێک واقیعەکە ببینین کە بەم وەرزی زستانە چۆن قوڕ و لیتاو بێزاری کردوون، بۆ زیاتر خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان و هۆکارەکانی و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان ئەم ریپۆرتاژەمان رێکخست.



# دانیشتووانی ناحیەی پیرەمەگروون بێزار و ماندوون



## سەباح مەعروف بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون:

لەسەرەتادا بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بارودۆخ و گرفتی خزمەتگوزاریی ناو شارۆچکەکە دوا و وتی: ئەگەر سەردانێکی ناو شارۆچکە و گەڕەکەکان بکەن، سەرتان سوڕ دەمێنێت و لەبەر قوڕولیتە و ئەو بێسەروبەریەی لە ڕێگاکانی ناو بازاڕەکە و گەڕەکەکانی هەیە ناتوانن هاتووچۆ بکەن و هاوینان تەپوتۆز و ناخۆشیەك ڕووبەڕووت دەبێتەوە کە قەت قبوڵی ناکەیت و ڕۆحێکی ئاسوودەت پێ نابەخشێت، لەبەرئەوەی تەنیا یەك کۆڵان و شەقامیش چییە قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوە، تازە بەتازە(٢٨) ملیۆن دۆلار بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە. هەروەها لە بواری تەندروستی مەڵبەندێکی بچووکی تەندروستی لە پیرەمەگروون هەیە کە ڕۆژانە پتر لە (٤٥٠ بۆ ٥٠٠) نەخۆش سەردانی دەکات، شایانی باسە پزیشك و کارمەندانی ئەو مەڵبەندی تەندروستییە بە گیانێکی لێبوردەیی بەو ئیمکانیاتە کەمە و شوێنە بچووکەوە خزمەتی خەڵکەکە دەکەن، بۆی هەیە و بێگومان هەر واشە کە هاووڵاتیان لە بواری تەندروستی گلەیی و گازاندە لە بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی و لە خراپی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بە گشتی لە من بکەن. ئەمە هەقە و مافی خۆیانە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەڵکو لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکە بودجە تەرخان بکات و کار و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، چونکە وەکو ئەوەی ئێمە ئاگادارین بێگومان کەموکوڕی خزمەتگوزاری بەگشتی لەوپەڕی خراپیدایەو دانیشتووانی ناحیەی پیرەمەگروون بە تەواوی بێزار و ماندوون.

بۆ ئەوەی شارۆچکەی پیرەمەگروون گرنگی زیاتری پێبدرێت پێویستە ببێتە قەزا بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی باشتر و زۆرتری بۆ دابین بکرێت و لە رووی کار و پرۆژەکاندا گرنگی و کاری باشتر و زۆرتری بۆ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بەراوردی پیرەمەگروون لەگەڵ هەندێ قەزا هەیە لە کوردستان گەر دانیشتووانی سیانیان بکەیت بە یەك، ئینجا ناگاتە ژمارەی دانیشتووانی پیرەمەگروون، بۆیە دووبارە جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی پیرەمەگروون لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەکەی و فراوانی سنوورەکەیەوە هەقی خۆیەتی ببێتە قەزا، هەر بەمەش کێشە و گرفتەکانی چارەسەر دەبێت.

**تا دوومانگ پێش ئێستاش لە (٣، ٤)**

**کۆڵانەکانی ناو ناحیەکەمان زۆر خراپ و بێسەروبەرن. هیچ یەك لە ڕێگا و شەقام و کۆڵانەکان نە قیرتاو نە کۆنکرێت نەکراون**

**قوتابخانەدا کێشەی سێ دەوامیی هەبوو**

سەبارەت بە کێشەکانی پەروەردە و خوێندن، بەتایبەتی لە کەمی بینایەی قوتابخانە و بوونی سێ دەوامی لە قوتابخانەکان و زۆری قوتابی لە پۆلێك و میلاکات دا، بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: بێگومان ساڵانی رابردوو تا ماوەیەك پێش ئێستا (سێ، چوار) قوتابخانەمان سێ دەوامی تێدابوون، بەڵام لەلایەنی پێوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای دوکان هەوڵ و هیمەتێکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە داوە، لە ئەنجامدا بڕیار لەسەر دروستکردنی دوو قوتابخانە درا، ماوەی دوو مانگە بینایەی قوتابخانەیەکیان تەواو بووە، ژمارەیەکی زۆری قوتابی بۆچووە و بینایەکەی تر کە قوتابخانەیەکی نۆ پۆلییە ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندایە لە (٧٥٪)ی تەواو کراوە، بە تەواوبوونی ئەو قوتابخانەیە تا رادەیەکی باش کێشەی سێ دەوامی و زۆریی قوتابی لە پۆلێکدا چارەسەر دەبێت، کێشەی میلاکاتی مامۆستامان زۆر کەمە، بەڵام لە هەندێ پسپۆڕایەتیدا وەکو بیرکاری و فیزیا و ئینگلیزی و...تاد هەندێ جار کێشەمان دەبێت، ئەمەش پاش چەند ڕۆژێك چارەسەر دەکرێت.

**بێ ویژدانانە کار لەپڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگرووندا کراوە**

هەروەها بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون سەبارەت بەو پڕۆژەیەی ئاوی خواردنەوە کە

له پیرەمەگروون هەبوو كە بودجەیەكی زۆری بۆ خەرجكراوە و تەواو نەبووە، یان دەتوانین بڵێین پڕۆژەكە بە كەڵك نایەت و ئایا دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە كە پڕۆژەیەك هەڵەی تێدا هەبێت و بەكەڵك نەیەت رایبگرن، وتی: ئێمە پڕۆژەیەكی ئاوی خواردنەوەمان بۆ كراوە كە بڕی یەك ملیۆن و نیو دۆلاری تێچووە، بەڵام كەس لێی سوودمەند نەبووە و بۆتە كێشە بۆمان، چونكە ئەو كۆمپانیایەی كاری لەم پڕۆژەیەدا كردووە زۆر بێ ویژدانانە كاری كردووە و لە چەندین كەناڵی راگەیاندنەوە باسم كردووە و ئەمجارەش بە گۆڤاری گوڵانی رادەگەیەنم، زۆر باشتر بوو خاوەن كۆمپانیاكە پارەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگروونی لە جانتایەكدا بنایە و بیبردایە، نەوەك پڕۆژەكەی سەقەت بكردایە، لە هەموو گرفت و كەموكوڕییەك هەقی ئەوەمان هەیە سەرووی خۆمانی لێ ئاگادار بكەینەوە وەكو قائیمقام و پارێزگار بۆ ئەوەی بەدواداچوون و ئیجرائات بە هەماهەنگی بەرامبەر كۆمپانیا و كەموكوڕی پڕۆژەكان بكەین، بەڵام ئێستا پڕۆژەیەكی تری ئاوی خواردنەوەمان لە پیرەمەگروون لە جێبەجێكردن دایە كە كۆمپانیای (میركۆ) كاری تێدا دەكات لە ئەنجامی پەلەپەل كردندا (٤) هەزار مەتر بۆڕی لە ژێر خۆڵ دانابوو، هەر هەمووومان پێی دەرهێناوەتەوە، چونكە ئەو بۆرییانەی ئێمە دەمانەویست و بەكەڵكی پڕۆژەكە دەهات، ئەو بۆرییانە نەبوو كە هێنابوونی، لەبەرئەوەی بۆرییەكان كە گڵی بەسەردا دەكەیت دەبێ لە(١٥٪) دابەزێتە خوارەوە، گەرچی كۆمپانیاكە ئەو بۆرییانەی كە دایناىبوو لە (٦٥٪) دابەزییە خوارەوە، بەڕۆیشتنی كاتیش بۆرییەكان پتر دەچێتە خوارەوە، لە ئەنجامی ئەمەش پڕۆژەكە سەركەوتوو نەدەبوو، بۆیە هەر هەموو بۆرییەكانمان پێ دەرهێنایەوە، بەمەش كۆمپانیاكە پتر لە نیو ملیۆن دۆلاری زەرەركرد، دەبووایە كۆمپانیاكە لە ئەنجامدانی پڕۆژەكەدا پەلە نەكات تا بۆرییەكانی لە تێست دەردەچوو، گەرچی بۆ چارەسەركردنی گرفتی ئاوی خواردنەوە ئێستا كە لە دوو زۆن كار دەكرێت و بڕیارمانداوە هەموو تۆڕی دابەشكردنی ئاوی خواردنەوە لە پیرەمەگروون بگۆڕین، بەڵام تۆڕی ئاوە كۆنەكە ناهێڵین دەربهێنرێت با ئەو پارە و زەرەر و هەقەی خەڵكی پیرەمەگروون هەر لەژێر زەوی بێت باشترە لەوەی دەربێت، لێتان ناشارمەوە گەر بۆرییەكان دەربێت هەندێكی من دەیبەم و هەندێكی فەرمانگەی ئاو دەیبات و هەندێكی فلان شوێن دەیبات و....، تاوەكو كۆتایی دێت زەرەر هەر زەرەرە با ئەو زەرەرەی بە خەڵكی پیرەمەگروون كەوتووە، هەر لەژێر گڵ بێت باشترە.

### سەرۆكی شارەوانی دەسەڵاتی (١٠) ملیۆن دینار سەرفی هەیە، بەڵام من دەسەڵاتی (١٠٠) هەزار دینارم هەیە

سەبارت بەوەی كە هەموو یەكە ئیدارییەك وەكو حكومەتێكی بچووك وایە و پێویستی بە بودجە دەبێت، ئایا بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون بودجەی لەبەردەستدا هەیە بۆ پڕۆژەكان وتی: سەرۆكی شارەوانی پیرەمەگروون كە وەكو ئیدارە من بەرپرسیمە، ئەو دەسەڵاتی (١٠) ملیۆن دینار سەرفی هەیە، گەرچی من دەسەڵاتی (١٠٠) هەزار دینارم هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتێك لەسەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دابەزیووە كە بەلامەركەزی كار بكەین، بۆنموونە پڕۆژەیەك(١٠) ملیۆن دیناری پێویست بێت، پاش ئەوەی دەرخستەی بۆ دەكەین دەبێ پارەكەی سەرف بكرێت، ئەمەش لە جێبەجێكردندا وانییە، بەڵكو ئەو بڕیارە تا ئێستا تەنیا مەرەكەبی سەر كاغەزە و بەس، هیچ جۆرە دەسەڵاتێكمان لەمبارەوە

**زۆر باشتر بوو خاوەن ئەو كۆمپانیایەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگروونی لە ئەستۆ بوو، پارەی پڕۆژەكەی لە جانتایەكدا بنایە و بیبردایە، نەوەك سەقەتی بكردایە**

پێنەدراوە، لەلایەكی تریشەوە ئەو بڕیارە لەبەر ئەوەی بڵاوكراوەتەوە، بۆتە كێشە بۆمان، لەبەرئەوەی خەڵك وادەزانێ دەسەڵاتمان هەیە و خۆمان كاری پێناكەین.

سەبارەت بە گرفت و كێشەكانی بواری كارەبا كە لەسنوورەكەدان بەڕێوەبەری شارۆچكەی پیرەمەگروون وتی: لە گەیشتنی تۆڕی دابەشكردنی كارەبا لە ناحیە و گوندەكان بە گشتی كێشە و گرفت زۆر كەمە، لە(٤٥) گوند (٤٣) گوندیان تۆڕی دابەشكردنی كارەبایان بۆ چووە، وەكو هەموو شار و ناوچەكانی دیكەیە بەپێی خشتەیەك رۆژانە كارەبا بە پیرەمەگروون و سنوورەكەی دەدرێت، بەڵام كە قورسایی دەكەوێتە سەر لۆدی كارەباكە، بەتایبەتی لەم وەرزەدا كارەباكە دەكوژێتەوە.

### گلەییمان لە پەرلەمانتارانی لیستی كوردستانی هەیە، كە تاوەكو ئێستا نەهاتوونەتە پیرەمەگروون

لە دوای دەست بەكاربوونت وەك بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون تا ئێستا چ وەزیرێك سەردانی كردون و چییان بۆ كردون وتی: تەنیا بەڕێز وەزیری شارەوانی سەردانی كردوین و لەم دواییەدا بەردی بناغەی چەند پڕۆژەیەكی لە پیرەمەگروون داناوە و هەرچییەكی لێ داوا بكەین بۆمان دەكات و دەیخاتە بەرنامە و پلانەكانی وەزارەتەكەی، لەم مینبەرەدا پێمخۆشە بۆمی بڵاوبكەنەوە كە زۆر گلەیی و گازاندەم لە پەرلەمانتارانی لیستی كوردستانی هەیە لەناو پەرلەمانی كوردستاندا، ئەو هەموو خەڵكەیان بە ئێمە كۆكردەوە و دەنگمان پێدان و بوون بە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك سەردانی ئێرەیان نەكردۆتەوە، باشە بۆ(١٠) جار دەچن بۆ هەڵەبجە و شوێنی تر بۆچی نایەن بۆ پیرەمەگروون، خۆ تەنیا خەڵكی ئەو شوێنانە دەنگیان پێنەداون، خەڵكی ئێرە بەسەرما و گەرما لەناو ئەو قوڕ و لیتەیەدا دەرگا بە دەرگا بۆیان گەڕاون تا وەكو دەرچوون، بەڕاستی لەمەودا ئەو خەڵكەش هەڵویستی دەبێت و داوای هەق و مافی رەوای خۆیان دەكەن.

سەبارەت بە نەبوونی پڕۆژەی رێگاوبانی نێوان گوندەكان و قیرتاو و كۆنكریت نەكردنی شەقام و كۆلانەكانی ناو شارۆچكەكە، بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: بێگومان گرفتی رێگاوبانمان هەیە، بۆ رێگاو بانەكانی دەرەوە لە هەوڵی چاككردنیان داین، كە یەكێكیان دەچێت بۆ قازان و رێگایەكی تر كە دەچێت بۆ شیلەخان و شۆرناخ كە ئێستا لەبەرنامەدان تا كاریان بۆ بكرێت، بەڵام شەقام و كۆڵانەكانی ناو ناحیەكەمان زۆر خراپ و بێسەروبەرن، هیچ یەك لە رێگا و شەقام و كۆڵانەكان نە قیرتاو نە كۆنكرێت نەكراون.

### لەبەر مەحسوبیەت و مەنسوبییەت هەندێ ناحیە كراونەتە قەزا

سەبارەت بە گەورەبوون و گەشەكردنی پیرەمەگروون و ئەنجامدانی ماستەرپلان، بەڕێوەبەری ناحیە وتی: بێگومان ناحیەی پیرەمەگروون ماستەرپلانی هەیە و شوێن و قەزا هەیە شەش هەزار كەس دانیشتووانیەتی، بەڵام لەبەر مەحسوبیەت و مەنسوبییەت بۆتە قەزا، بەڵام پیرەمەگروون كەسی لێپرساو بەرپرسی گەورە لە حكومەتی هەرێمی كوردستانی تێدا نییە، بۆیە لێرەدا داواكارین كە حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگی باش و تەواو بە پیرەگروون بدات و بیكات بە قەزا تاوەكو وەكو قەزایەك كار و پڕۆژە و بودجەی بۆ تەرخان بكرێت، ئەگەر سەیری مامڵەی تاپۆی نووسینگەی داد لە قائیمقامیەتی دوكان بكەین لە (٨٠٪) هی پیرە مەگروونە.

سەبارەت بە دامەزراندن و كەمی میلاك چ بەڵێنێكیان پێدراوە سەباح مەعروف وتی: ئەمەش هەروەكو كار و ئیشەكانی تر هەر





و دۆستی بەرپرسی هەبێت، بە مەحسووبیەت و مەنسووبیەت دادەمەزرێت و خەڵکی هەژار و دەست کورت گەر دەرچووی زانکۆش بێت زۆر بــە زەحمەت دادەمەزرێت یان هەر دانامەزرێت، لە ماوەی ئەو ســاڵەی لێــرە کاردەکەم تەنیا توانیوومــە(١٠ تا ١٢) کەس دابمەزرێنم، ئێمە کێشەمان لە میلاکات و دامەزراندن نییە، بەڵکو کێشەمان لە خراپی و ناڕێکی و ناهاوسەنگی دابەشــکردنی کارمەندانە، ئەوەتا فەرمانگەی ئاو(٧٩) کارمەندی هەیە و ناحیەکە(٦) بلۆکە، ئەگەر ئەم کارمەندانە کار بکەن هەر بلۆکێکی پتر لە (١٠) کەسی بەردەکەوێت، بەڵام بەپێی پێویســت کارناکەن. بەرپرسی فەرمانگەکەمان گۆڕی و دەمانەوێت چەند کارمەندێکیشــی لــێ بگوازینەوە، چونکە نایەنە دەوام و کاریش ناکەن و شــارەوانی ئەوەندە کارمەندی هەیە کە چەندجار لە پێداویستی خۆی پترە و لەلایەکی تــر بەپێی کاری خۆیان بە کار و خزمەتکردنی ناحیەکە هەڵناستن.

**کارگەکانی ئەم ناوچەیە لە هیچ بارێکەوە قەت پرسیاریان لە ئێمە نەکردووە، پارەی کارەباش قەرزارن نەهاتوون بیدەن، کارگە لەسەر زەوی کشتوکاڵی دادەمەزرێنن**

زۆرترین کێشە و گرفتی ناحیەکە کۆکردنەوە و فڕێدانــی زبڵ و پاشــماوەیە، هۆکاری ئەو گرفتــەش خراپــی شــەقام و قوڕولیتــەی کۆڵانەکانە، بەشــێوەیەکی ئاوایە کە خەڵکەکە ناتوانێ زبڵ و خاشــاکەکەی بکاتە سەتڵێك و لەبەردەمی ماڵەکەیدا دایبنێت، لەبەر ئەوەی تا سەرچۆکانی دەکەوێتە ناو قوڕلیتەوە.

سەبارەت بە گرنگیدانی شوێنە گەشتوگوزاری و شــوێنەوارەکانی ناوچەکە وتی: دوو شوێنی گەشــتیاری هەیە، یەکیان چەمــی ڕێزان و ئەوەی دیکە گوندی زێوێ-یە ئەمانە کاریان بۆ کراوە و لە وەرزی گەشتیاریدا خەڵك سەردانیان دەکات، تا ڕاددەیــەك خەڵکی دەتوانن کاتێکی خۆشــی لێ بەسەر ببەن، هەروەها شوێنەوارێك هەیــە ناوی ئەشــکەوتی (قیــز و قاپانە) لە چەمی ڕێــزان کە ناوێکــی تورکمانییە، واتە ئەشــکەوتی (کچ و کوڕ) لە ڕاستیدا گرنگی پێنەدراوە، ئەگەر بچیت سەیری بکەیت پڕیەتی لە زبڵ و خاشــاك و لە کاتی ســەردانەکانیش دیارە دەســتکاری وێنەکانی کراوە کە لەســەر دیوارەکانی نەخشێنراوە.

بۆ کار و پڕۆژە و پلان و بەرنامەی ســاڵی ٢٠١١ی ناحیەی پیرەمەگروون وتیشــی: بۆ پرۆژەی ئــاوی خواردنەوەی بودجە بۆ هەموو پیرەمەگروون تەرخانکراوە و ئێســتا کار لەسەر ئەو پڕۆژەیە دەکرێت و ئەنجوومەنی وەزیران بە دەنگــی داواکارییەکانمان هاتوون، لەوانەش بۆ هۆڵی بۆنەکان لە ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەدواداچوون کراوە و خراوەتە بەرنامەوە، بە گشــتی لە هەموو بوارەکان پلان و بەرنامە لەســاڵی ٢٠١١ هەیە کــە گۆڕانکارییەکی بــاش لە خزمەتکردن پێشکەشــی بە ناحیەی پیرەمەگروون بکرێت.

بوونی کارگە لە ناوچەکەدا بووەتە هۆکاری ئەوەی هەلــی کارە بۆ خەڵکەکەی بدۆزرێتەوە سەباح مەعروف وتی: ناوچەکە(٢٧) کارگەی تێدایە، لەمانە پاڵاوگــەی نەوت و کارگەی ئارد و...تاد. ئەم کارگانە هیچ ســوودی بۆ خەڵکی ناوچەکە نییە، تا ئێســتا بانگی یەك کەسیان نەکردووە لە ناحیەکە و







سنوورەکەی کە کار لەم کارگانە بکەن، بەڵام ماوەیەکە کۆمپانیایەکی نەوت بەناوی (هێلتج) هاتووە کە(٣٨٠) کەسی پیرەمەگروون کاری تێدا دەکەن، بەڵکو کارگە و کۆمپانیاکانی تر خەڵکی دەرەوەیان هێناوە، کاریان بۆ دەکات وەکو ئەوەی وایە کە حکومەت لەو ناوچەیە نەبێت، چونکە هیچ بەدواداچوون و لێپرسینەوە و ڕێنمایی لەمبارەوە بە کارگەکان نەدراوە، لەبارەی وەبەرهێناوە تەنیا یەك کۆمپانیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوو سەردانی کردین بۆ ئەوەی(٣٠٠) خانوو دروست بکەن، منیش ڕەوانەی پارێزگای سلێمانیم کردنەوە بۆ دەست نیشانکردن و پێدانی زەوی، چونکە پێدانی زەوی لە دەسەڵاتی من نییە، پێویستە ئەوەش باس بکەین کارگەکانی ئەم ناوچەیە قەت پرسیاریان لە هیچ بارێکەوە لە ئێمە نەکردووە، پارەی کارەباش قەرزارن و نەهاتوون بیدەن، دەچن لەسەر زەوی کشتوکاڵی کاردەکەن و کارگە دادەمەزرێنن و تاکە پرسیار و ڕایەکی هۆبەی کشتوکاڵیش وەرناگرن. زێدەڕۆیی لە پیرەمەگروون ئەوەندە هەیە، ئەگەر زێدەڕۆیی پارێزگای سلێمانی تەماشا بکەین لە (٥٠٪) ی بەر پیرەمەگروون دەکەوێت، ئەو شەقامەی نێوان سلێمانی و دوکان دەبێ(٧٥) مەتر لە شەقامەکە دووربی، گەرچی شوێنی نەماوە لە دە مەتریش نزیك بوونەوە لە ڕێگاکەدا، بە درێژایی ڕێگاکەی سلێمانی - دوکان خانووی زێدەڕۆ دروست کراوە.


دواتر وەك تیمی گوڵان چاومان کەوت بە دکتۆر دانا ئەحمەد میرزا بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی ناحیەی پیرەمەگروون و لەسەر بواری تەندروستی و کێشە و گرفتەکانی مەڵبەندی تەندروستییەکە بەڕێزی وتی: زۆری ژمارەی نەخۆش کە سەردانی مەڵبەندی تەندروستی دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی سنوورەکە و نەبوونی یان کەمی مەڵبەندی تەندروستی لە ناوچەکەدا، لە ساڵی ٢٠١٠ دا بە گشتی(٧٧) هەزار نەخۆش سەردانی کردووین، ناوچەکە بە گشتی پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوان هەیە، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنوورەکە قەرەباڵغ و فراوان دەبێت، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە گەر لە قەزا بچووکتر بێت، ناتوانرێت نەخۆشخانەی بۆ دروست بکرێت. لە ساڵانی پێشوو ژمارەی پزیشکی کەمبووەوە لەم ڕووەوە گرفتمان هەبووە، بەڵام ئێستا ژمارەی پزیشکەکان زۆر زیادی کردووە و پزیشکی پسپۆری بوارە جیاجیاکان و دوو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لەمەڵبەندەکە هەیە، سەرەڕای ئەمانەش هێشتا پێویستە پیرەمەگروون و سنوورەکەی بەپێی فراوانی و زۆری ژمارەی دانیشتووانەکەی گرنگی زۆرتری پێبدرێت.

سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی پیرەمەگروون لە بارەی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کەرتی کشتوکاڵی و کار و پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە سنووری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: لە کاتێکدا سنووری پیرەمەگروون باشترین شوێنی چاندنی گەنم و جۆی هەیە کەچی زێدەڕۆیی پتر لەسەر مێرگەکانی هەیە، ساڵانە پێداویستی جووتیارەکان لەسەماد و گەنم و دەواو دەرمان وەردەگرین، هەر بۆ نموونە ئەمساڵ داوای (٤٠٠) تەن گەنمی باوەڕپێکراومان کردووە بۆمان دابین کراوە و بەسەر جووتیارانی ناوچەکەمان دابەش کردووە، بەڵام داوای لەسەر زیاتر بوو، پێویستە لەم لایەنەوە حکومەت باشتر و زۆرتر هاوکاریمان بکات. تا ئێستا (٥ تا ٦) پڕۆژەی جۆگەی ئاودێریمان بۆ کراوە، بڕیاریشە لە پشت چەمی ڕێزان بەنداوێك دروست بکرێت هەرچەندە بەنداوێکی بچووکە، بەڵام زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە.

**لە بواری تەندروستی مەڵبەندێکی بچووکی تەندروستی لە پیرەمەگروون هەیە کە ڕۆژانە پتر لە (٤٥٠ بۆ ٥٠٠) نەخۆش سەردانی دەکات**



# کەمکردنەوەی بەشە بودجەی ٢٠١١ی هەرێم زیان بەئابووری عێراق و کوردستان دەگەیەنێت



لەکاتێکدا کوردەکان داوایانکرد لە ١٧٪ی بەشە بودجەی هەرێم لەبودجەی گشتی وڵات بۆ ٢٠٪ بەرزبکرێتەوە کەچی کرایە لە ١١,٦٪

پرۆژەی بودجەی گشتی و پەسەندکردنی؛ کە بەیەکێك لە بابەتە ئابوورییە گرنگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت، تێکەڵ بەگەمەی سیاسی کوتلەو پارتە سیاسییەکانی عێراق بووە، ئەوەبوو لە خوێندنەوەی یەکەمی رەشنووسی پرۆژەکە لەناو پەرلەمانی عێراق ململانێیەکی توندی لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان لێکەوتەوەو لەلایەن نوێنەرانی کوردستانییەوە بووە هۆی جێهێشتنی هۆڵی پەرلەمان. پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق کە سێ مانگ بەسەر کاتی یاسایی تێپەڕبووە، کەچی تاکو ئێستا وەزارەتی دارایی عێراق کە زۆرترین دەسەڵاتی تاکڕەوانەی پێدراوە نەیتوانیوە میکانیزم و شێوازی ئامادەکردن و پەسەندکردنی پرۆسەیەکی وا گرنگ یەکلایی بکاتەوەو یاساکە دوور لەبەرنامەو کارێکی پیشەیی ئابوورییانەوە رێك بخات، هەر بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوەو زۆر لەپەرلەمانتارەکان لەگەڵ راوبۆچوونی پەرلەمانتارە کوردەکان بوون، کە پرۆژە یاساکە کەموکوڕی و کێشەی زۆری تێدایە، تەنانەت لە٧٥٪ی بودجەکە بۆ بودجەی بەکاربردن دانراوە رێژەیەکی کەمیش بۆ هەندێك پرۆژەی نیشتەجێبوون و وەبەرهێنان تەرخانکراوە، بەمەش کورتهێنان بەزەقی بەپرۆژە یاساکەدیارە، لەلایەکی ترەوە کێشەی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لەودا رەشنووسی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی عێراقدا هاتووە و بەسەرەکیترین خاڵی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دادەنرێت، کە بەپێی پرۆژە یاساکە بودجەی گشتی ئەمساڵی عێراق بە ١٠٢ ترلیۆن دینار واتا( ٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار)مەزندە کراوە (بەو پێیەی نرخی بەرمیلێك پێترۆڵ بە ٧٠دۆلار خەملێنراوە)و لە٩٥٪ ی بودجەکەش پشتی بەداهاتی هەناردەکانی پێترۆڵ بەستووە، لەم بڕە بودجەیە تەنیا ١١,٦٪ ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، واتە پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی ٢٠١١ی عێراق بۆ ١١ ترلیۆن دینار کەمبۆتەوە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠١٠ بەشە بودجەی کوردستان ١٢,٥ترلیۆن دینار بوو، ئەم کەمکردنەوەی بودجەیە لەکاتێکدایە بەرپرسانی وەزارەتی دارایی رەچاوی ئەوەیان نەکردووە لە هەرێمی کوردستان چڕی دانیشتووان زۆر رووی لەزیادبوون کردووەو لەعێراق بەپێچەوانەوە هەموو ئامارو زانیارییەکان باس لە کۆچکردنی نزیکەی ٥ ملیۆن عێراقی دەکەن،تەنانەت ژمارەیەك لەو هاوڵاتییانەش لە ناوچە جێناکۆك و ناوەڕاست و خوارووی عێراق هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و نیشتەجێبوون، هەروەها لەبودجەکەدا رەچاوی ئەو هەڵمەتی ئاوەدانی و پەرەپێدانە نەکراوە کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە کوردستان بەراورد بەناوچەکانی تری عێراق ئەنجام دراوە . لەم روانگەیەشەوە پەرلەماندارە کوردەکان بەجیاوازی پێکهاتە سیاسی و لیستەکانیان هەموویان یەک دەنگن و داوایانکردووە بەشی داهاتی بودجەی کوردستان لە بودجە گشتییەکەی وڵات بۆ لە ٢٠٪ بەرز بکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە پێویستە لە٪١٧ بێت، واتا ١٥ ترلیۆن و٢٩٨ ملیارو ٩٨٩ ملیۆن دینار بێت، ئەمەش دوای ئەوەی خەرجییە سیادییەکان لەبودجەی گشتی عێراق دەردەهێنرێت و دواتر لەو بڕە بودجەیەی دەمێنێتەوە بەشی هەرێمی کوردستان دەدرێت. کەمکردنەوەی بەشی بودجەی هەرێمی کوردستان لەئاکامی هەڵکشانی خەرجییەکانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی



لانە محەمەد عەلی حافز:

## لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق کۆمەڵێک کەموکوڕی و ناڕوونی لە هەندێک ژمارەدا هەیە

(سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیران) وەزارەتەکانی بەغداو خەرجییە ئەمنی و سەربازییەکان دێت، بەشێوەیەك کە خەرجییەکانی وڵاتانی پێشەسازی پێشکەوتووی جیهانیش بەو شێوە قەبەیی و بەرفراوانییە نییە، لەلایەکی ترەوە لەبڕگەیەکی ماددەی یەکەمی پرۆژە یاسایەکە باس لە هەناردە کردنی ١٥٠ هەزار بەرمیل پێترۆڵ دەکات کە وا پێویست دەکات رۆژانە ئەو بڕە پێترۆڵە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی دەرەوە بکرێت و داهاتەکەشی لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

ناکۆکی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر پرۆژە یاسای بودجەکەو زۆر مەسەلەی تری وەك بودجەی هێزی پێشمەرگەو وەبەرهێنانی نەوت و دانپێدان بەگرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمدا کە لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی پێترۆڵی جیهانی مۆر کراوەو دەیان بابەتی تری هەڵپەسێردراو جۆرە گرژی و ناڵێکتێگەیشتنی لێکەوتۆتەوە. بەمجۆرە کەموکوڕی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی وڵات و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەیەکی داخراودا دێت و دەچێت و چارەسەرێکی وای بۆ نادۆزرێتەوە کە بەپێی خواست و ویستەکانی کورد بێت، ئەم سیناریۆیەش لەساڵی ٢٠٠٣وە بێ چارەسەر ماوەتەوەو بەردەوامی هەیە. وەنەبێت گرفتی بودجە تەنیا تایبەت بێت بەکەمکردنەوەی بەشی بودجەی هەرێمی کوردستان و تەخمین کردنی داهاتی نەوت و داهاتی باجی هەرێمەکەو ناشەفافییەتی بەغدا لەهەموو داهات و باج و فرۆشتەنییەکی نەوت دا، بەڵکو خەلەل و کەموکورتییەکی گەورە لەمیکانیزم و شێوازی ئامادەکردنی تەواوی بوارەکانی ناو بودجەکە هەیە، ئەمە جگە لەوەی شارەزایانی ئابووری پێشبینی ئەوەیانکردووە بودجەی ئەمساڵ نزیکەی ١٢ تا ١٨ ملیار دۆلار کورتهێنانی هەبێت و، پشکی ئەو پارێزگایانەی نەوتی هەیە زیاترە بەراورد بەو پارێزگایانەی نەوتی نییە، هەر ئەمەشە وایکردووە هەموو لایەن و پارێزگاکان گلەیی و رەخنەی توندیان لەو پرۆژە یاسایە هەبێت.

لە وەزارەتی دارایی بەغدا تاکو ئێستا گروپ و تاقمی وا بودجە ئامادە دەکەن، کە مەبەست و ئامانجی سیاسی تێکەڵ بە میکانیزمی کارەکان و شێوازی ئامادەکردنی بودجەکە دەکەن، کە هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی شەفافییەت و تەشەنەکردنی گەندەڵییەکی رادەبەدەر لەژمارەکانی ناردنەدەرەوەی نەوت و فرۆشتن و نرخی بەرمیلێك پێترۆڵ و تەحویلکردنی پارەکەیی و خەرجی سیادی و چەندین تەوەری تر، کە هەرهەمووی دوور لەئاگاداری و چاودێری کوردەکان بەڕێوەدەچێت و گومان لەسەر راستی ژمارەکان و داتاکان دروست دەکات و دواتریش یارمەتی زیاتری قەبە بوونی گەندەڵی داوە، زیاد خەملاندنی داهاتەکانی پێترۆڵ و باج لەهەرێمەکەو فەرزکردنی فرۆشتنی ١٥٠هەزار بەرمیل رۆژانە لە نەوتی کوردستان و بەرزکردنەوەی خەرجییە سیادییەکان و، دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری و چەندین بواری تر لەو ئامانجە شاراوەیەی لەپشتەوە بوو کە ئێستاکە هەوڵ دەدرێت بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بەشە بودجەکەی کەمکرێتەوەو کوردستان لەو ئیستحقاقە دەستوورییە بێبەش بکەن.

**ئەگەر بەیەکڕیزی نوێنەرانی کورد لەبەغدا کار بکەن دەتوانرێت ڕێگا نەدرێت بەتێپەڕبوونی پرۆژەکە**

سەبارەت بەهەڵوێســـتی نوێنەرانی کوردستانی لەبەغدا بۆ ئەوەی ئەمســـاڵیش وەکو ساڵانی تر ڕێـــگا بگرن لەو فرتوفێڵ و کەموکورتییانەی کە لەرەشنووسی پرۆژەکەی بودجەی گشتی عێراق دا هاتووە ؛ لانە محەمەد عەلی حافز پەرلەمانتاری عێراق لەفراکســـیۆنی هاوپەیمانی کوردســـتانی لەلێدوانێکیدا بۆ (گوڵان) وتی » ئێمە وەك بەشێك لە پەرلەمانتارانی کورد لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاســـای بوودجەی ســـاڵی ٢٠١١ی عێراق هۆڵی کۆبونەوەکانی پەرلەمانمان بە جێهێشـــت، وەك نارەزایـــی دەربڕین لـــە بەرامبەر بوونی ئەو کەموکوڕیانەی لە پرۆژە یاساکە هەیە، چونکە لە یەکەمی خوێندنەوەی پرۆژەکە ویستیان پێشلکاری یاسایی بکەن، ئەویش پێشلکاری لە ماددەی ١٢٨،



فاتیح داراغایی:

# کورد مافی خۆیەتی بەشە بوودجەی بێ گرفت وەربگرێت و لە هەمان کاتیشدا حکومەتی عێراق مافی خۆیەتی داوای ئەو داهاتانە بکات کەلە کوردستان بە دەست دەهێنرێت

لە کاتێك لیژنەی کاتیی دارایی پەرلەمان پێکهێنرا بوو راستەوخۆ پرۆژە یاساکە بە پەرلەمان درا بەپێی ماددەی ١٢٨دەبێـــت لیژنەی دارایی پێکبهێنرێت و راپۆرتی خۆی پێشـــکەش بـــکات، ئەوکات بە پەرلەمان بدرێت کەچـــی ئەمە نەکرا، بۆیە جگە لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەڵکو بەشێکیش لە فراکسیۆنە عەرەبییەکانیش ئەو پرۆژە یاسایەیان لا پەسەند نییە لە سەر بوونی کۆمەڵێك کەموکوڕیی، ئەوەبوو بە پێی ماددەی ١٢٩ داوایان لە پەرلەمانتار کـــرد هەر تێبینی و پێشـــنیازێکیان هەیە دەتوانن بیخەنە نێو پرۆژە یاســـاکە بـــۆ دەوڵەمەندکردنی، لە ئێســـتادا دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە پرۆژە یاســـاکە کۆمەڵێك کەموکوری و ناروونی لە هەندێك ژمارەدا هەیە، ئێمە پێمانوایە ئـــەو تێبینیانەی هەمانە ئامادەمـــان کردووەو بۆ ئەوەی لە نێو پرۆژە یاســـای بوودجەدا جێگیری بکەین و جەختی لە سەر دەکەینەوەو هەنگاوەکانە بەو ئاراســـتەیە دەبێت کە بتوانین جێگری بکەین، بەشـــێوەیەك کە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێت، ئـــەو پەرلەمانتارەی لیســـتی هاوپەیمانی کوردستانی تەئکیدی لەسەر یەکریزی هەڵوێستی پەرلەمانتارە کوردستانییەکان کردەوەو ووتی: ئەگەر بەمجۆرەی ئێســـتا کە بە یەکریزی کار بکەین لە بەرژەوەندی خۆمانی کۆتایی پێدەهێنین».

**بەستنەوەی پشکی کوردستان لەبودجەی گشتی وڵات بەناردنە دەرەوەی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت**

فەرزکردنی مەرجی فرۆشتنی پێترۆڵی هەرێمی کوردســـتان رۆژانە بەبڕی ١٥٠ هـــەزار بەرمیل کەمەرجەێکی قورســـەو زامنی مسۆگەرکردنی نییەو جۆرێکە لەدژایەتیـــکردن و گەمەیەکە بۆ کەمکردنەوەی پشـــکی کورد لە بودجەی گشتی وڵات بەشێوەیەکی ناراســـتەوخۆ، لەلایەکی ترەوە تاکو ئێستا وەزارەتی پێترۆڵی عێراق و زۆر لایەنی سیاســـی عێراقی دژایەتی ئەو هەنگاوانە دەکەن کـــە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەکابینەی پێنجەمدا هاویشتی بۆ دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێتـــرۆڵ و بەرزکردنەوەی ئاســـتی هەناردەکانی پێترۆڵی عێراق، بەمەش فەرزکردنی فرۆشـــتنی پێترۆڵی کوردســـتان بە بڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، بێ ئەوەی بەغدا تاکو ئێســـتا دانی بە گرێبەستەکانی پترۆڵی لە هەرێمی کوردستان دابێت، ئەمەش بانێکەو دوو هەوا. ســـەبارەت بەم مەســـەلەیە فاتیح داراغایی ئەندامی پەرلەمانی عێـــراق لە فراکســـۆنی کۆمەڵی ئیســـلامی بە گۆڤـــاری (گـــوڵان)ی رایگەیانـــد» پرســـی بەســـتنەوەی پێدانی بەشـــە بوودجەی هەرێمی کوردستان بە ناردنە دەرەوەی ١٥٠هەزار بەرمیل لە نەوتی کوردســـتان لە رۆژێکدا، بێ بە شێوەیەکی کاتیی چارەسەری ئەو کێشەیە کراوەو لە سەردانی شـــاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا چەند رۆژی رابـــردوو رێکەوتن ئەنجـــام دراوە، رێکەوتنەکە بەم شـــێوەیە کـــە رۆژانە ١٠٠هەزار بەرمیل نەوتی کوردســـتان رەوانەی دەرەوە بکرێت کـــە بڕیارە لـــە یەکەم رۆژی مانگی شـــوباتی داهاتوو دەســـت پێدەکات و نیوەی داهاتەکەی بە حکومەتـــی عێراق دەدرێـــت و نیوەکەی دیکەش پارەی کۆمپانیاکانی پێدەدرێت کە لە کوردســـتان کار دەکات، تا بوودجەی عێراق پەســـەند دەکرێت بەم شێوەیە دەبێت و هەمان شێوە ئەو رێکەوتنە لە نێو پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠١١ی عێراق دەچەسپێت، کورد مافی خۆیەتی لە عێراق بەشە بوودجـــەی خۆی لە داهاتی عێـــراق بێ گرفت وەربگرێـــت کە لە ١٧٪یە و لە هەمان کاتیشـــدا حکومەتـــی عێراق مافی خۆیەتـــی داوای ئەو داهاتانە بکات لە کوردستان بە دەست دەهێنرێت، چونکە رێکەوتنەکانیش بەم شـــێوەیە بووە لە نێوان هەردوولا».

دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجەی گشـــتی عێراق زیانی ئابووری یەکجار گەورە بەپرۆسەی ئابـــووری و پەرەپێدان لە وڵاتـــدا لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لـــە چارەســـەرکردنی کەموکورتی و کێشـــەکانی بواری خزمەتگـــوزاری هاوڵاتییان. ئەمە جگە کاریگەری خراپی لەسەر تەواوبوونی زۆربەی پرۆژەکانی حکومەت هەیەو بواری زیاتر بەتەشـــەنەکردنی گەندەڵـــی دەدات. بەو پێیەی نەبوونـــی متمانە لەنێوان پێکهاتە سیاســـییەکان لە عێراقـــدا مێژوویەکـــی دوورو درێژی هەیە، بۆیە وا پێناچێت بەمنزیکانەو وابەئاســـانی هیچ کێشـــەو گرفتێك بەتایبەتی لەسەر مەسەلەیەکی واگرنگ یەکلاییتەوە بەجەشـــنێك بەدڵی پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان بێت.



دکتۆر ئەحمەد چاوشین:

# متمانەی تەواو لە نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان نییەو بەردەوامیش هەوڵ دەدرێت بەشە بوودجەی کوردستان لە هەموو شتێک کەم بکرێتەوە

دکتـــۆر ئەحمەد چاوشـــین ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە بارەی دووبارەبونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێـــر و بەغدا لە دانانی بەشە بودجەی وڵات بۆ هەرێمی کوردستان وتی» پێمواپە متمانەی تەواو لە نێوان بەغداو هەرێمی کوردســـتان نییەو بەردەوامیش هەوڵ دەدەن بەشە بوودجەی کوردستان لە هەموو شتێك کەم بکەنەوە، لە ئێستادا لەم بوودجەیەدا زۆر شت لە بوودجەی کوردستان کەم دەکرێنەوە وەك خەرجیەکانی دەوڵەت و سیادی، هاوکات پێشنیاری ئەوەشمان کردووە بۆ پەرلەمانی عێراق کە پێویســـتە ٤٠٠هەزار ملیۆن

# ئازادی لەنێوان دوو دیدی جیاوازدا!!



کنێر عەبدوڵڵا

سەردەمی جیهانگیری زەمینەسازی و مەودای هەندێ لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی فراوانتر کردووە و بە ئاشکرا لە داهاتوودا ئەوە دەردەکەوێت کە سەردەم و قۆناغی ئیمڕۆ بەرەو فرەڕەنگی و هەمەڕەنگی دەچێت، بە واتایەکی دیکە مەحاڵە لەو نێوەندەدا تەنیا دید و بیروباوەڕێك بتوانێ باڵادەست بێ و چۆك بە بەرامبەرەکەی بدات. ئەمە بە ئاشکرا لە دۆخی ئیمڕۆدا هەستی پێ دەکرێت لەلایەن هەندێ لایەنی سیاسی و هێزە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە کاتێك درك بەو بۆچوونە جیاوازانە دەکەن کە یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای خۆیاندا. هەوڵی تێکشکان و پەشیمانی بە بەرامبەریان دەدەن یان گەر نەتوانن بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵی بەرگرتن دەدەن بەو هەوڵانە کە بە ئاشکرا لەو مەسەلانەدا بەدیدەکرێت کە پێوەندیدارە بە مەسەلەکانی ژنان یان ئازادیی تاکە کەسەکان. هەندێ لێکدانەوە پێیانوایە ئەوە بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتنە لە یەکتری، هەندێکی دیکە پێیانوایە کارێکی بە بەرنامە و پلان و مەبەستە و ئامانجی دیاریکراوی لە پشتەوەیە. هەموو ئەوانەش راکێشی لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازی دوولایەنەمان نیشان دەدات بەرامبەر بە فەلسەفەی ئازادی بەوەی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان پێیانوایە سنووری ئازادیی تاکەکان لەوەدا کۆتایی دێت کە بەزاندنی چوارچێوەی ئاینی ئیسلام بێت و بە دیوێکی تریشدا ئەوە لە قاڵبدان و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی تاکەکان دەگەیەنێت. ئەوان پێیانوایە کۆمەڵگە دەبێت هاوشێوەی یەك دید و بۆچون بیر بکاتەوە بەرامبەر باوەڕبوون بە ئایین و هەموو جیاوازییەکانی دژ بەوەش رەتدەکەنەوە و بە کوفر و مولحید و مەحاڵ ناوزەندی دەکەن. ئیدی پەنابردن بۆ هەر زمانێکی گفتوگۆ و دیالۆگێك دەبێتە هێڵی سوور و هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە بیبەزێنێت، خودی ترسناکی و کارەسات لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێك کەسێك یان لایەنێك یان هەر پارت و ئایدۆلۆجییەکی دیاریکراو رەوایەتی بەخۆی دەدات ببێتە ئەلتەرناتیڤی هەموو ئەوانی دیکە و هیچ دەروازەیەك نەهێڵێتەوە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی ئەو هێڵی بۆ کێشاوە، ئیدی دەرئەنجام توندوتیژی و تیرۆرکردنی فیکر و جەستە و پاشەکشەکردن و دیکتاتۆریەت و دواکەوتوویی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ و باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێ و هەمیشەش تاکەکان بە خەفەکراوی و چەقبەستوویی دەهێڵێتەوە، لەوەش مەترسیدارتر هاتنەئاراوەی ناسەقامگیرییە لە کۆمەڵگەدا و راماڵینی کۆمەڵگەیە لە سەروەریی یاسا، بەمەش پرۆسەی دیموکراسی دەکەوێتە ژێر پرسیار گەلێك و یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ ئەو دروشم و بانگەشانەی دەسەڵاتی سیاسی کورد دەیکەن بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی. بەواتایەکی دیکە هاتنە کایەوەی ئەو دۆخە تەنیا گرێدراوی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان نییە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی کورد بەگشتی و پارتە سیاسییەکان بە تایبەت عیلمانییەکان و پەرلەمانی کوردستان پشکیان بەردەکەوێت تیایدا. بۆیە پێویستە ئەمان زۆر بە ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەن وێڕای هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئەو هێزەی پێیوایە ئایین دەکرێت بگۆڕدرێت بۆ پێوەندی خۆشەویستی و عاشقانەی نێوان مرۆڤ و خودا نەك رق و کینە و کوشتن و تیرۆر، چونکە ئایین دەتوانێ دوو رۆڵی دژ بەیەك ببینێ لەلایەك چاندنی رۆحی لێبووردن و هەڵکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا و رۆڵی لە کرانەوە و پەرەپێداندا یان بە پێچەوانەوە. هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەی هەریەك لەو دووانەش بە پلەی یەکەم گرێدراوی هێزە ئیسلامییەکانە.

ژمارە (٨١٥) ■ ٢٠١١/١/٢٤

شڤان پەروەر لەدیمانەیەکی

# گەلێک خەڵاتم وەرگرتووە، بەڵام میدالیای بارزانی نەمر گەورەترین خەڵات بوو لەژیانی مندا



تایبەتی گوڵاندا:

# جگەرخوێن نامەیەکی بۆناردم و نووسی بووی(من کانییەکەم دروست کرد و تۆش کەشتییەکت بەنێویدا تێپەڕاند)



شڤان پەروەر ئەو هونەرمەندە سترانبێژەیە کە لە قۆناغەکانی ڕابردووی خەباتی کوردان بۆ رزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی گەلی کورد بە دەست رژێمە دیکتاتۆرەکانەوە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە دەنگ و گۆرانی و میلۆدی و ئاسۆی بیرکردنەوەو زەوقی هونەرییانەی کورددا دروست کردووە، زۆرێک لە جەماوەری هونەردۆست بەتاسەوە عەشقی ئەو سروودانەن کە لە دەنگی ئەمەوە وتراون ؛ ئەوسا سەداو دەنگی وی سروشتی خودی بەرخودان بوو بۆ ناساندنی دۆزی رەوای گەلی کورد لەسەر چیاکانەوە بۆ شارەکان و بەرەو جیهان؛ ئێستاش لەناو کوردانی تاراوگەدا وەک پێداویستیەکی رۆحی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەحمەتیەکانی ژیانیان و ڕسکاندنی هەستی ئینتیماکردن، خۆڕاگری بە بەرهەم هێناوە.

سروودو گۆرانییەکانی سەیدا شڤان ڕێچکەهەڵگری هونەری دەڤۆکی و خەباتگێڕانەی کوردین، ئاوازەکانی ڕووبارێکی بەلرفە وشەپۆلن و هەرئاوازێکیان بۆ خۆی بە جۆرێک وا دەکات سەوداکارانی ئازادی گوێی بۆ ڕادێرن ..

لە سروودەکانیدا چەمکی ئینساندۆستی و مەزنێتی کورد دەگاتە لوتکەو بانگی گشت خەباتگێڕان دەکات بۆ بەرخودان لە پێناوی نیشتمان، رەنگە هەر ئەم سرووده بە جۆش و خرۆشانەی بێت کە وا بێپەروا شڤانی رەسەن و نەمر کردبێت بە شێوەیەک هەموو ئۆقیانووسەکانی سەر زەمین بۆ چرکەیەکیش مافی ئەوەیان نادرێتێ کە سەدای پڕ حەماسەتی ئەم هونەرمەندە نوقمی خۆیان بکەن، گۆڤاری گوڵان بۆ دەرفەتێک دەگەڕا تا شڤانی تێدا بدوێنێت، لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان دەرفەتەکە دروست بوو، بەم شێوەیە لە نزیکەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.



## نەخشاندنی هارمۆنی نەتەوەیی بە گۆرانی

**گوڵان:** با بزانین نازناوی کوردانەی شڤان پەروەر لەچییەوە هاتووە؟

**شڤان پەروەر:** بنەماڵەی من ناوی پەروەرە، لە تورکیا پاشناوێك هەیە ئەم پاشناوە لە لایەن عەرەبەکانیشەوە هەیە، لەتورکیاش هەرکەسەو پاشناوێکی هەیە، دەبوایە تورکیی بایە، ئەگەرنا ئەوەقەدەغەبوو، پاشناوەکە بەکوردیبا.

بەڵام باوکم هەر پێی دەوتم شڤان، زۆرجار لەقوتابخانە مامۆستا لێم تورە

> **زۆرکەس دەڵێن کاتی خۆی ئێمە پێشمەرگەبووین بەریتمی میلۆدیانەی «واهاتن پێشمەرگێمە» بەرەو پێش دەڕۆیشتین**

دەبوو، دەیووت شڤان واتای چییە؟ بەڵام زۆربەی مامۆستاکان کورد بوون، ئەوان دەیانزانی شڤان مانای چییە بەتورکی مانای «چۆڤان»ە، پەروەریش نازناوی بنەماڵەکەمە، پاشناوی من «ئایگنە» بە تورکییە، دوایی کە چوومە ئەوروپا نازناوەکەم گۆڕی و کردمە پەروەر، بەڵام شڤان ناوی خۆمە..

**گوڵان:** زۆربەی گۆرانییەکانی شڤان پەروەر جۆش وخرۆشی نەتەوەیی و نیشتمانییان تێدایە.

**شڤان پەروەر:** ئێستا مەسەلەیەکی زۆر فراوان هەیە، من کورد و کوردستانم دروست نەکردوە، کوردو کوردستان بەهەزاران ساڵ لەو نەخشەی ئاوو هەواو سروشتی وڵاتدا دەردەکەوێت،هەرشتێك کە لەسەر زەوی هەیە ناوێکی تایبەتی هەیە، میللەتی کورد خاوەن مێژووی جڤاك و کۆمەڵایەتییە، ئەگەر کەسانێك وەك تاك تاکەی کۆمەڵ لەناو میللەتێك خەبات و قوربانی نەدەن ئەوا ئەو میللەت سەرکەوتن وەدەست ناهێنن، دەبێت کەسەکان خەبات بکەن و هەوڵبدەن بۆدروست بوونی دەوڵەت و سەرکەوتنی سیستەمی دەوڵەتداری و بوون بەکۆمار، ئەوکەسانەش کە سیاسەتمەدارن یان رۆشنبیر و هونەرمەندو رۆژنامەنووس و دکتۆرن،بە شێوازی خۆیان خزمەتی میللەت دەکەن، منیش وەکو کەسێکی کورد و هونەرمەندێك حەزم لە هونەر دەکرد تا خزمەتی پێ بکەم، چونکە هونەری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، لەبەرئەوەی میللەتی کورد زۆر ئێش و زەحمەتی و ئاستەنگی و خۆشەویستی و تێکۆشینیان دیتووە و لەلایەن دوژمنانەوە ئەدەبیاتیان سووتاندون و وڵاتیان خراپ کردون، میللەتی کورد هەموو ژیانی خۆی بە گۆرانییەوە دەردەخات، منیش زۆرحەزم دەکرد بەو شێوازە خزمەت بکەم، چونکە میللەتی کورد زۆر زەحمەتی بینیوە، میللەتی کورد هەموو شتەکانی خۆی بەگۆرانی دەربڕیوە، جار هەیە بە شیعرو زیاتر بەدەنگبێژی رۆح دێتە سەرزمان، بۆنموونە مەم و زین وخەج وسیامەندو چەندینی دیکەی وەکو ئەمانە، هەموویان بەدەنگی هونەرمەندانەوە باس کراون،منیش لەدایك و باوکێکی کورد هاتوومەتە دنیاوەو کاتێك چاوم بەدنیا هەڵێناوە کۆمەڵێك شتم بینی بۆنموونە کاتێك دەچوومە قوتابخانە بیرم دەکردەوە بۆچی خوێندن بەکوردی نییە و بەتورکییە،کاتێك دەچوومەوە ماڵ لەگەڵ ماڵەوە گفتوگۆم دەکردو دەمپرسی، دوایی لەسەرسەری ئێمە وێنەی ئەتاتورك هەبوو،، بۆچی ئەتاتورك هەیە بۆچی وێنەی مەلا مستەفای بارزانی نییە یان قازی محەمەد نییە ئەمانە هەمووی بەپرسیار لەمێشکی مندا دەهاتن و دەچوون، من زۆرحەزم لەمیوزیك بوو گۆرانیم دەوت هاوڕێکانم و خزمەکانم حەزیان لەدەنگی من بوو، دەیانوت بۆگۆرانی ناڵێی، زۆرجار لەقوتابخانەش گۆرانیم دەوت، ئەوەبوو کەوتمە سەر رێچکەی هونەری گۆرانی چڕین، دوایی لەساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی کورد شکستی هێنا، ئەم نوشستییە بوو بەبرینێك لەدڵی هەموو کوردانی دنیادا، ئەو کات ئێمە قوتابی بووین لەئەنقەرە دەمانخوێند، زۆر قوتابی هاتبوونە تورکیا بۆخوێندن،خوێندن لەتورکیا هەمووی بەتورکی بوو، بۆیە زۆرێك لەرۆشنبیرو ئەدیبان و هونەرمەندان رێچکەی کوردایەتیان گرتەبەر،ساڵی ١٩٢٥ لەشۆڕشی شێخ سەعیددا، زۆرکەس لەسێدارەدران و دوای ١٩٢٦ شەری ئاگری دەستی پێکرد و هەرسەرهەڵدانی کورد بەردەوامی هەبوو بۆ نموونە لە ١٩٣٦-١٩٣٧ سەرهەڵدانی دێرسم هەبوو لە ١٩٤٥سەرهەڵدانی کۆماری مهاباد هەبوو، دوایی مەلامستەفا هاتە مەیدانی خەبات و خەباتێکی زۆری کرد تاکو لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر زەحمەتی کێشاو شۆڕشێکی بەرخودانانەی بەرپاکرد، بەڵام پۆلیسیای پۆلیتیکای دنیایی و بەرژەوەندی دەوڵەتان وای کرد، لەساڵی ١٩٧٥ برینێکی گەورە بخەنە ناو جەرگی کوردانەوە،زۆرجار ئێمە کە قوتابی بووین خەباتی زۆرمان دەکردو چالاکیمان دەنواند، هەرچوار پارچەی کوردستان هەرکەسێك لەجێگای خۆی خەباتی دەکرد، رۆڵی قوتابیان زۆر باش بوو، دوای ساڵی ١٩٧٥هیوایەکی زۆر گەورەهەبوو، لەتورکیا زۆرشت قەدەغە بوو، شتی وا هەبوو وەك ئاگر وابوو، وتم من دەتوانم چیبکەم، زۆرکەس پێیان وتم ئەگەر تۆ سروودی نیشتمانی بڵێی ئەتوانی خزمەتێکی زۆر بەمیللەتی کورد بکەی، منیش وتم ئەگەر بەمن بکرێت بۆنایکەم دەبم بەقوربانی نیشتمان، لەبەرئەوەدەستم پێکرد (من دەبمە ئاڵای کەسك و سۆر و زەرد، من خۆشی هەن رەنگ و چۆڵدایێ) ئیتر زۆر پێخۆشحاڵ بووم کەبینیم میللەتی کورد حەزیان لەدەنگی منە «ئەی جۆتکارو خەبات کاروکەلەکێ گەرما هاڤین و هەڤاڵی

> **میللەتی کورد خاوەن مێژووی جڤاك و کۆمەڵایەتییە، ئەگەر کەسانێك وەك تاك تاکەی کۆمەڵ لەناو میللەتێك خەبات و قوربانی نەدەن ئەوا ئەو میللەتە سەرکەوتن وەدەست ناهێنن**

بارگرانم هەڤالێ شۆڕشڤانم هۆزانی گەلی کورد ناڤێ کوردستانم» گۆرانی دەستی پێکردو کەوتمە نێو فەلسەفەیەکی هونەری، لەهەموو لایەك دەیان وتەوەپێم گۆرانی بڵێ من خۆم بەبەرپرسیار دەبینی، گۆرانییەکانم لەهەموو کوردستان بڵاو بوونەوە،دیتم ئەمە کاری چاك دەبێت، دواتر رەوشەکە زۆر ئاڵۆز بوو، بینیم چەند رۆشنبیری سیاسەتمەدار و گەلەك



**کاتی خۆی کلینتۆن مایکل جاکسۆنی بانگ کرد پێی وت من بەسیاسەت خزمەتی ئەمریکا دەکەم تۆش بەهونەرەوە خزمەتی ئەمریکا دەکەی**

ولاَتپەروەریـــان دەگــرت و راپێچـــی زیندانیان دەکردن، ئەوە بوو چوومە سوریا، دوایـــی چوومە ئەوروپا تا کوردســـتانی باشوور ئازاد کرا ئینجا هاتمەوە، خۆشتان دەزانن زۆر خەڵك لەسەر گۆرانییەکانی من لەسێدارە درابوون وبە مەنزڵگەی شەهیدیی گەیشتبوون..


### لە هەندەرانەوە گۆرانی چڕین بە میلۆدی شۆڕشگێڕییەوە

**گوڵان:** لەتاراوگەش هەستت بەوە دەکرد کەخەڵکی کوردســـتان حەزیـــان لەدەنگی تۆیە؟

**شـــڤان پەروەر:** ڕاســـتە من لەئەوروپا بووم، بەڵام تێکەڵاویم لەگەڵ کورد هیچ کات نەبـــڕاوە من وەکـــو دارێکم لەزەوی خۆم نەقەتیاوم، لەنەورۆزدا بە کۆنســـێرت بەشـــداریم کردوە، لەکۆنفراســـاندا بەشدار بووم،لەکۆمەڵـــەو کۆبوونـــەوە گرنگەکان هەردەم لە خزمەتی نیشتماندابووم، زۆرجار هەڤاڵان باسیان دەکرد و دەیان وت لەماڵان وێنەی ئەتاتورکیان هەڵواسیوە، من دەچووم قســـەم دەکرد و دەموت بابـــە، بۆ وێنەی مەلا مستەفابە دیوارەکانتاندا هەڵناواسن یان وێنەی شـــێخ ســـەعید هەڵناواســـن، ئەمانە پێشـــەوای کوردن، وێنەی ئەوانم پەیـــدا دەکردو مـــاڵ بەمـــاڵ دەمدانیێ، بەرەبـــەرە لەگـــەڵ نیشـــتمان پەروەریدا هاوشـــانی وی ڕۆشـــنبیری کوردییـــش پێشـــکەوت، دوایـــی بزاڤگـــەل و هێزی سیاســـی پەیدابوون، بەڵام میللەتی کورد خاوەن ئەزموونی کردارەکی سیاسی نییە، چونکە زۆردەردەســـەری بینیوە، زەحمەتی زۆری بینیـــوە، منیش زۆر جار زەحمەتیم بینیـــوە و لەم بارەیـــەوە زۆر جار ڕەخنەم لێگیـــراوە، مەفرەزەو دەورییەی هەندێ لە حزبەکان پەیدادەبوون و هاتوونەتە ســـەرم و وتویانە تۆ بۆت نییـــە ڕەخنە لەڕێبەرێمە بگری،بۆت نییە لەسیاســـەتی مە ڕەخنە بگری، وتم بابە من هونەرمەندێکی کوردم و چاکەی ئێوەم دەوێ، ڕاســـتیەکە چییە دەیڵێم و ڕەخنەگرتن کارێکی خراپ نییە، با یەکبوونێ لەنێو میللەتەکەمان هەبێت، چونکەمیللەتەکەمان زۆر پارچەپارچەیە.

**گـــوڵان:** لەکاتـــی ڕژێمی بەعســـدا کۆمەڵێك خەڵك لەسەر گۆرانییەکانی تۆ زیندانی دەکران، ئەوکات هەســـتت چۆن بوو؟

**شـــڤان پەروەر:** گۆرانییەکانی من زات و بوونـــی دوژمنانی میللەتـــی کوردیان دەلەرزان، ئەوکات چییان لەدەســـت بهاتبا بەرامبـــەر میللەتـــی کوردیـــان دەکرد، لەتورکیا کوردایەتـــی زۆر زەحمەت بوو، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا وەکو ئاگر وابوو، هەروەها لەسووریاش بەهەمان شێوە، هەروەها لەکوردستانی عێراقیش ماوەیەکی زۆر لەنێو شۆڕشـــی بارزانی نەمر بەتین و تاوەوە لەباشـــووری کوردســـتان شۆڕش هەڵدەگیرسا،بەڵام لەتورکیا هەر شۆڕشێك هەبوایە هەموویان دەکوشتن و دەربەدەریان دەکـــردن، لێرەوە دواتر لەکارەســـاتی وەکو هەڵەبجـــەو ئەنفالدا کـــورد زیندەبەچاڵ دەکرا، مـــن لەڕێگای هونـــەرەوە چاوی دوژمنم دەردەهێنا، دەمبیست زۆر خەڵك لە کوردستانی تورکیاوهەروەهالەکوردستانی عیراقیـــش لەبـــەر گۆرانییەکانم زیندانی دەکران یـــان دەکوژران، چـــاوی من زۆر دەهێشـــا، زۆر جار دایـــکان دەهاتنە لام و دەیانـــوت کوڕەکەم لەلایەن ســـەدامەوە لەبەرگۆرانییەکانـــی تۆ لەســـێدارەدراوە، بەڕاســـتی ئەمە بۆمن زۆر ناخۆش بوو، بەڵام ئەمە راستییەکی ڕەوشی کوردان بوو لەو رۆژە رەشانەی حوکمی دیکتاتۆریدا، لەســـەرێکی ترەوە بۆمـــن ئەمە زۆر باش بوو کە لەڕێگـــەی هونـــەرەوە خزمەتی میللەتەکـــەی خـــۆم کـــردوە، لەلایەکی تریشـــەوە خەڵك بەهـــۆی گۆرانییەکانی منەوە شۆڕشیان کردووەو پێشمەرگە بێپەروا بەرەوپێش دەڕۆیشتن، ئەم هونەرە بۆکەسێتی هونـــەری من بـــەرز بوو،لەبەرئەوەی رێز لەهونەرەکە بگیرێت منیش رێز لەهونەری ئەوانی دیکە بگـــرم، هونەری کوردی و کـــوردەواری و کوردپەروەری باوی هەبوو، لەبەرئەوانە پێویســـتە ئەم هونەرە بەپاکی ڕابگریـــن، داوا لەهەمـــوو کوردێك دەکەم هونەر بەپاکی بهێڵنەوە، بۆهەر شتێك بێت من ئامادەم، بەڵام نەك بۆ ئایدۆلۆجیەت و ڕکبەڕکانێی یەکتر یان هونەر بۆبازرگانی کردن بەکاربێنم، هیـــچ کاتێك هونەرم بۆ بـــازاڕی پارەکۆکردنەوەبەکارنەهێنـــاوە، هەرکـــێ و هەرکەس بەدڵســـۆزی کاری بۆ نیشـــتمان کردبێت و بانگی کردبێتم و وتبێتی ئامادەی بۆ کۆنسێرت و کۆنگرەو کۆنفراس، وتومە بەڵێ ئامادەم،هیچ وەکو




ئەو هونەرمەندانە نەبووم، بڵێم ٢٠هەزار دۆلارم نەدەنێ ئامادەنیم بێم،پێویستیشە قەدری هونەری هونەرمەندان بگیرێت، هەرگیز هونەر بەپارە نایەتە کرین و فرۆشتن،با هونەرمەند برسی نەبێت و بەشەخسیەت بێت،با لەدنیایەکی مۆدێرندا خزمەتی هونەری کوردی بکرێت، با نەڵێن تەنیا تورك هونەرمەندی باشن و دەوڵەمەندن و بۆنمونە ئێستا لەکوردستان کەسانێك هەن لەژیانیاندا هیچ کات خزمەتی کوردو کوردستانیان نەکردوە هونەری کوردییان ناوەتە پاڵ هونەری عەرەبی و تورکی و فارسی خەڵکیش گوێیان دەداتێ و سەلیقەو زەوقی کوردەوارییان دەشێوێت.

**گولان:** وەك هونەرمەندێك چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی ئێستای کوردستان؟

**شڤان پەروەر:** کورد هەردەم بەسەرسەریەوە دیکتاتۆرێکی بێگانە هەبووە، بۆیەکەمینجارە یەکێك لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بوو بە سەرۆکی کوردستان، ئەویش جەنابی «کاك مسعود بارزانی» بوو بۆیە پێویستە زۆر ڕێزی لێبگیرێت، جەنابی کاك مسعود بارزانی خۆی کەسایەتیەکی زۆر بەرزوپاکی هەیە، هەروەها کاك نێچیرڤان بارزانیش شتی زۆرباش دەکات شەخسیەتێکی باشی هەیە، فیکری باشی هەیە،ئەمەش دڵخۆشکەرە بۆ دروست بوونی بنەمای سیاسەتێکی بەرەوەشت و بەرز لە کوردستان، پێویستە ڕەوشتێکی سیاسی باش لەکوردستاندا هەبێت چونکە دەبێتە بنەمایەك بۆئازادی بەشەکانی تری کوردستانیش.

ئێمەی کورد پێویستە ڕۆشنبیر بین و دنیا بناسین، ئێستا قوتابیانی کورد لەهەموو دنیادا دەخوێنن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان دەڵێن خۆزگە کوردستانیش وەکو وڵاتانی دەرەوەی کوردستان بوایە، هەردەوترێت ڕابەرو سەرۆکی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕەخنە قبوڵ دەکەن تووڕەنابن بەڵام ڕەخنەی زانستانەی باشبن، سەرۆکی کوردستانیش بەڕێگایەکی سەر بەهەورازی زەحمەتەوە هاتووەتە سەر کورسی حوکم و بە هەڵبژاردنی گەلەکەی بووەتە سەرۆك، زۆر خەم و مەینەتی بینیوە تا گەیشتۆتە ئەو پلەیە، گەلێك خۆشحاڵم کە بەم شێوەیە، کوردستان زوو پێشدەکەوێت، بەڵام خانوو باڵەخانەی زۆر دروست دەکرێت و تاکو ئێستاش بڕوانامەی قوتابیانی کورد لەدنیادا قبوڵ ناکرێت، لەهەرئاوایەك مرۆڤ خەبات بکات پێش دەکەوێت،شتی زۆر باش هەیە لەجیاتی خانووی زۆر هیوادارم کارگەی گەورە دابنرێت.

### میدالیایەکی مێژوویی

**گولان:** تۆ یەکەمین هونەرمەند بووی کەلە مێژوودا میدالیای بارزانیت وەرگرت هەستت چۆنە؟

**شڤان پەروەر:** بۆمن هەموو کاتێك مەلا مستەفا واتا بارزانی نەمر،کاتێك مرۆڤ دەڵێت بارزانی گەلێك جۆر بارزانی هەیە، بەڵام مەلامستەفا شتێکی ترە لەنێوانیان ئەم لەسەر ڕێبازێکی دێرینەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ بەردەوامێتی بەرخودان هات، میللەتی کورد پشتی بارزانی نەمریان بەرنەدا و پێشمەرگە هێزێکی زۆری شانازی بوو، بارزانی لەشەڕو شۆڕی دژ بە دیکتاتۆرەکاندا هەردەم لەگەڵ پێشمەرگەدا نزیك بوو،میدالیای بارزانی بەدەستی کاك مسعود بۆمن شانازییەکی زۆر گەورەبوو کە وەکو هونەرمەندێکی باکوور هەموو هێزی خۆمدا بەکوردستانی باشوور تاکو ئازاد کرا، هەموو کات لەبیری ئەوەدام بزانم لەخانەقین و کەرکوك و دهۆك و هەموو شارەکان چی ڕوودەدات،من هەموو کاتێك خزمەتی کوردستان دەکەم بەتایبەتی لەبواری هونەری سروود و مارش و گۆرانی تا دۆزو ناوبانگی کوردستان بگاتە هەموودنیا،چونکە کوردستان زۆر گەورەیە،لای من دنیایە، هیوادارم پەرلەمانی کوردستان زۆر بایەخ بەخوێندن بدات و قوتابیانی کوردستانی ئیران و سوریا و تورکیا لێرە بخوێنن و بە بڕوانامەی بەرزەوە بگەڕێنەوە شارو دەڤەری خۆیان، ئەوکات زیاتر کوردەواری بڵاو دەبێتەوەو ڕۆشنبیری کوردی زیاتر دەبێت،ئەوکات کوردستان دەبێتە قوتابخانەیەکی تەواو بۆپارچەکانی تریش،من ناڵێم بالەکوردستان چەك بدرێتە قوتابیان من دەڵێم با قەڵەم و پەرتووك بدرێتە قوتابیان، گەلێك خەڵاتم لەدنیادا وەرگرتووە بەڵام میدالیا بارزانی نەمر گەورەترین خەڵات بوو لەژیانی مندا،کە لەناو ئەم بەشەی کوردستانەوە پێم بەخشرا..

**گوڵان:** چۆن دەڕوانیتە ڕێبازی بارزانی نەمر؟

**شــڤان پەروەر:** لەساڵی ١٩٤٦_١٩٤٥ ڕۆژنامەنووســێکی فارس لــە دەوڵەتی خۆی زۆر بەچاوێکی یەکســان دەڕوانێتە شــەڕی نێوان فارس و کۆماری مهاباد، شت دەنووسێت،ئەوکات شــێخ ئەحمەدی بارزانی وەزیفەی پاراســتنی کەرامەتی ماڵ و منداڵی کوردان دەگرێتە ئەستۆی خــۆی و لەلایەك ئێران لێیــدەدا لەلایەك عێــراق و لەلایەك تورکیــا،دوای ئەویش بارزانــی نەمر لەگەڵ پێشــمەرگە هەر لەخەبــات دابووچەکی دانەنا، بۆیەشــە قازی محەمەد ئاڵای کوردســتان دەداتە مەلامستەفا، بارزانی نەمر هەربەردەوام بوو لەشەڕ تاکو گەیشتە ڕووسیا، زۆر زەحمەتە کاتێك باســی بکەی مرۆڤ گریانی دێت (لێرەدا ڕۆنــدك بە چاوانی شڤان پەروەرەوە هاتنە خوارەوە) ڕاســتە ئەمــڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بەشە ئازادبووەدا دروست بووە، ئەمە هەمووی بەپشتی پێشمەرگە گەیشتۆتە ئەمڕۆ،پێشمەرگە هەردەم لەشۆڕشدابوون، نابێت ئەو ڕۆژە ناخۆشانەی زوڵم و ستەمی زۆرداران لەبیربکرێت، پێویســتە وەچەی ئە مڕ ۆ ڕێز لەم ڕۆژانە بگرن.

## لەمێژوودا بۆیەکەمجار یەکێك بە هەڵبژاردن بوو بەسەرۆکی کوردستان جەنابی کاك مسعود بوو بەسەرۆك، بۆیە پێویستە ڕێزی لێبگیرێت

### هونەر هاوئاست بە سیاسەت

**گوڵان:** هەستت چۆنە وەکو هونەرمەندێك چەند جاری بگەڕێیتەوە کوردستان سەرۆك بارزانی پێشوازی گەرمت لێدەکات؟

**شــڤان پــەروەر:** ڕاستە من هونەرمەندم بەڵام خوێندەواریشم و زۆر حەز لەخوێندن دەکــەم، من لەڕێگای هونەرەوە خزمەتی سیاســەت دەکەم،هونەر دەتوانێت کاریگــەری لەهەمــوو کەســێك بکات، ئەگەر باسی ئازادی و سەربەخۆی دەکات بزانێت چۆن چۆنی لەهونــەردا بەکاری بهێنێت،کاك مســعود دەزانێ من چیدەڵێم لە هەســتی مــن دەگات و زۆر ڕێز لەو جۆرە کەسانە دەگرێت،زۆریش پێخۆشحاڵم و حەز لەشەخســیەتی کاك مسعود دەکەم کە لەدەورێکــی مۆدێرندا دەژییێت، کاتی خۆی کلینتۆن «پرێزندســیاخۆ پیرۆز» مایکل جاکســۆنی بانگ کرد پێی وت من بەسیاســەت خزمەتی ئەمریکا دەکەم تــۆش بەهونــەرەوە خزمەتــی ئەمریکا دەکەی، ســەرۆکی مۆدێرن و تێگەیشتوو وادەبێت، کاك مســعودیش وابیر دەکاتەوە و زۆرگرنگــی بەهونــەردەدات، هونــەر روحــی میللەتە، زۆرکــەس دەڵێن کاتی خۆی ئێمــە پێشــمەرگەبووین بەڕیتمی ئاوازو میلۆدیای «واهاتن پێشمەرگێمە» بەرەو پێش دەڕۆیشــتین،بۆیە دەڵێم هونەر زۆرکاریگەری هەیە لەسەردەوڵەتان.

**گوڵان:** ناســینی تۆ لەگەڵ جەنابی سەرۆك بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**شڤان پەروەر:** لەساڵی ١٩٨٥ لەڤیێنابووم، جەنابی ســەرۆك هاتە ڤیێنــاو پێوەندی



پێوەکردم،ئـەوکات من لەئەڵمانیابووم وتی حەزدەکـەم بتبینـم، ئەتوانـی بێیتەلام، منیش وتم بەسـەرچاو من دێمەلات زۆر حەزم دەکـرد ببینیم،ئەوەبوو چومە ڤێننا دووڕۆژان لەگەڵـی بووم و زۆرقسـەی خۆشمان کردپێکەوە و بینیم کەسێکی خاکی و زۆرباش و تێگەیشتووە، زۆرپێخۆشحاڵ بووم، لەوڕۆژەوە تاکوئێستا تێکەڵیمان هەر بەردەوامە.

**گوڵان:** کاتێك دەگەڕێیەوە کوردسـتان سەردانی مەزاری نەمران دەکەی؟

**شـڤان پـەروەر:** من هـەر چ کاتێك دێمەوە کوردسـتان دەرفەتم هەبێت دەچمە سـەرمەزاری نەمران، مـن چەند جاری دەچم واهەسـت دەکەم سـەردانی ڕوحی خۆم دەکەم چونکە کەسانی ئازادیخوازی میللەتێك لەوێدا ئارامگرتوون.

**تا دەنگ لە گەرووما مابێت بەخشش بەردەوامە**

**گـوڵان:** چۆنـە ماوەیەکـە چالاکی هونەریت کەمە؟

**شـڤان پەروەر:** (شـیلەر) شاعیرێکی ئەڵمانیە پانزە سـاڵە دەرنەکەوت و شیعری نەنووسـی لەشـیلەریان پرسـی بۆچی دەرناکـەوی وتی «هیچ شـتێکت لەدڵ نەمـا ئیتر دڵ ڕادەوەسـتێ، دڵی منیش هیچی تیانەماوەو ڕاوەسـتاوە بۆ ڕەوشی کوردی هەرچی پێویسـت بـوو من وتم، بەلام حەزناکەم ئێسـتا بڵێـم چونکە من وەکو شـڤان پەروەر زیاتر لەسەرکێشـەی سیاسـی جڤاك گۆرانـی دەڵێم، نزیکەی ٢٠٠گۆرانیم هەیە هەر هەمووی لەسـەر لایەنی سیاسییە. دەتوانم ئێستاش گۆرانی بڵێم و سـتۆدیۆهەیە و هەمووشتێك هەیە، بەلام دەنگم وەکو جاران نەماوەو تەندروستیم باش نییە. زۆر هونەرمەند هەیە تا دەمرن هەرگۆرانـی دەڵێن ئەگـەر مرۆڤ تاکو دەنگی تـەواو بێت ئەواهەربەردەوام دەبێت؛ من هەر بەردەوام دەبم ئەگەر نەشتوانم بیڵێم ئەوا یارمەتی هونەرمەندان دەدەم. هەروەها دەنگیشم وەکو جاران نەماوە بەلام گرینگ ئەوەیە هەستی مرۆڤ نەمرێت.

**گوڵان:** تاچەنـد توانیوتـە کەلتوری هونەری کوردی بەولاتانی تر بناسێنی؟

**شـڤان پەروەر:** پرسـی کورد پرسێکی سیاسـیە لەدنیادا،بۆیە کاتێك ئێمە بەشدار دەبین لەولاتانی دنیا لەگەڵ هونەرمەندانی تر، ناتوانین بڵێین ئێمـە هونەرمەندێکی



## هونەر بەپارە نایەتە کڕین و فرۆشتن. باهونەرمەند برسی نەبێت و بەشەخسیەت بێت و لەدنیایەکی مۆدێرن خزمەتی هونەری کوردی بکات

واییـن، دەڵێـین هونەرمەندێکی باشـین لەگۆرانی وتـن هونەرمەندێکی یۆنانی لەکۆنسـێرتێك باسـی کـوردی کردبوو، ویسـتی لەتورکیا کۆنسـێرت بکا تورك نەیهێشـت و پێیان گوتبـوو تۆ هاوڕێی ئۆجەلانـی. هونەرمەندانی دنیا دەترسـن تێکەڵی کوردان ببن.ڕەوشـی بەرژەوەندی خۆیان لا گرنگترە، بەلام من لەهەموو دنیا وتومە من هەم و بەبزێوی و سەداو دەنگی دڵێرانەوە خۆم بەدنیا ناساندووە، یارمەتیش دراوم لەم بارەیەوە.

بەلام ئێستا شتی باش دەکرێت هونەری ڕۆحـی وعیرفانی گەلەکەم شـتی زۆر باشـی تێدایە وەکو حەسەن زیرەك و تاهیر تۆ فیق و تەحسین تەها.

ئەمانە هەموو بەبرسـیەتی مردن تاکو ئێستاش خەڵك هەرگوێیان دەداتێ.ڕوحی من کەوتۆتە نێوکوردستان هیچ کاتێك کەس ناتوانێت ڕۆحی من بێنێتە دەر لەکوردستان. زۆرئاستی ورەم بەرزە لەکارەکانی خۆمدا.

**گوڵان:** سـروودی «ئـەی ڕەقیب» تازەت کردەوەو وتـتەوە، دەتوانین بڵێین چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ گۆرانییەکانی ترت؟

**شڤان پەروەر:** هەرمیللەتێك سروودخوێنی سروشـتی خۆی هەیە، مـن زۆرخەباتم کردوە،، کاتێك میللەت هەر سروودی وت، وەك مامۆسـتا هێمـن دەڵێت «گەرچی تووشـی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردە ئەمن» ناترسێت لەدوژمن.

ئەوەبوو کاتێك ئەم سـروودەم بینی حەزم کرد بەزاراوەی کرمانجی ژووروو بیڵێم تاکو ئەوانیش لێیتێبگەن.

**کانییەکەی جگەرخوێن**

**گوڵان:** گۆرانی (کینە ئەم) هۆنراوەی جگـەر خوێنە، گوایە جگەرخوێن ئاگادار نەبووە کاتێك ئـەم گۆرانیەت وتوە، ئەمە چۆنە؟

**شـڤان پەروەر:** جگەرخوێن شـاعیرێکی گەورەیە مێژوویەکی باشی هەیە. تەمەنم چواردە سـاڵ بوو هیچ شـت نەبوو بیڵێم هەموو شـتێك قەدەغە بوو.یەکەم جار سێ دیوانـی جگەرخوێـن لەلایـەن ڕەحمەتی «کەمـال بادلـی»م وەرگـرت. «فایق بۆجـاك» هەردووکیان گەلێـك خزمەتی باشووری کوردسـتانیان کرد.دواتر چوومە ئەنقـەرە ڕەحمەتی «حەمە ڕەش ڕشـۆ» گۆڤارێکی دەردەکرد بەپیتی لاتینی شیعری جگەرخوێنی بۆچاك کردم.

لـە بنەماڵـەی منیشـدا هۆنراوەکانی ئەحمـەدی خانێ و مەلایـێ جزیری لای کورەمامێکم هەبوو، ئەو بۆی دەوتم و منیش لە پاڵیدا دەمنووسییەوە، ئەوە ڕێگایەك بوو بۆمن بەکوردی بنووسـم.گۆرانی «کینە ئەم» خۆی بەناوی «کینە ئەز» نووسرابوو گۆڕیم و کردمە «کینە ئەم» حەوت سـاڵ لەسـەر گۆرانی «کینە ئـەم» کارم کرد. ئەوکات دەوری ڕاپ نەبوو لەئەمریکا دەیان وت شڤان بابی ڕاپە یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٢ دەستم پێکرد و ساڵی ١٩٧٩ تەوابووم.دوایی جگەر خوێن نامەیەکی بۆناردم و نووسـی بووی من (کانییەکەم دروسـت کرد و تۆش کەشـتییەکت لەنێو تێپەراند)زۆرسوپاست دەکەم و سـەربڵندم.دوای ئەوە هاتە سویدو چوومە لای.

**گـوڵان:** هونەرمەند(مارسـێل خەلیفە) لەدیمانەیەك دەڵێت «زۆرسەربڵندم کەهاوڕێی شڤان پەروەرم» هەستت چۆنە بەرامبەری؟

**شـڤان پـەروەر:** مارسـێل هاوڕێیەکی زۆرباشی منە هەتا گۆرانیشی بەسەرمندا وتوە، زۆرپێخۆشـحاڵ بـووم ئەویش هەروا خۆشحاڵە بە ناسینم.من هەموو میللەتەکان وەك و برادەردەبینـم، گەلـەك خۆشـحاڵم هەمـوو هونەرمەندەکانی ئـەو میللەتانە بەیەکەوە خەبات بکەن. یەکێکی تریش هەیە فەڵسـتینیە، ئەویش گۆرانی بەسەر مندا وتووە.

**گوڵان:** چیت ماوە بیڵێی؟

**شـڤان پـەروەر:** لەکۆتاییـدا دەڵێم ئێمە پێویسـتیمان بەولاتێکـی سەربەسـت و سـەربەخۆ هەیە گەرگەندەڵـی نەبێت ئەوا خزمەتی میللەت باشـتر دەکرێت.سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم هەرچیبەکتان ویست من لەخزمەتتدام.

سـلاوم هەیـە بۆهەمـوو خەڵکـی کوردستان.